# مێژووی
# بەعسیزم
## لە عیراق
## ١٩٦٣-١٩٨٠




هیوا عەزیز سەعید

هیوا عەزیز سەعید

مێژووی بەعسیزم لە عیراق ١٩٦٣-١٩٨٠

مێژووی بەعسیزم لە عیراق جگەلەوەی بە قۆناغێکی گرنگ و پڕ ڕووداوی مێژووی هاوچەرخی عیراق ئەژماردەکرێت، هاوکات بەرهەمهێنەری کولتوور و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بوو، کە تاکەکەسی عیراقی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەو کولتوورە بارگاوی بوو، چونکە وەک پەروەردە تێکەڵ بەزیان و بیرکردنەوەی تاکی عیراقی کرا، وەک کولتوور و شێوازێک بۆ ژیان و بیرکردنەوە، کرایە مۆدێلی باو، ئەوانەش کە لە چوارچێوەی بەرەنگاریی و ڕەتکردنەوەدا، ویستی کۆتاییهاتن و شکستپێهێنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایەیان کردە هەوێنی خەبات، لە پەرچەکرداردا کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی بەعسیزم بەرهەمهێنەری بوو، واتە ئەگەر بە دژایەتیش بووبێت، بەڵام لە هەمان خولگەو مەیدانی بەعسیزمدا کاریاندەکرد، لەبەرئەوە ئاساییە کە لە کات و شوێنی جیاوازدا هەمان دید و ئایدیای بەعسییەکان لە ژێر ناو و ڕەنگ و دەنگی جیادا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، بۆیە هەڵەیە گەر پێمانوابێت وەک بابەت بەسەرچووە، یاخود لێیکۆڵراوەتەوە.

له بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ
٢٠٢٢

**له زنجیره بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ**

زنجیرەی کتێب: ١١

# مێژووی بەعسیزم لە عێراق

## ١٩٦٣ – ١٩٨٠

هیوا عەزیز سەعید

# مێژووی بەعسیزم لە عێڕاق

## لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ (KDO)

ناوی کتێب: مێژووی بەعسیزم لە عێراق
نووسەر: هیوا عەزیز سەعید
ژانر: مێژوویی
دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جبار
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٢٢
چاپخانە: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٤٠)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.

# پێڕست

**پێشەکی** ..... ٧

**بەشی یەکەم**
**مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەعسیزم** ..... ١١
باسی یەکەم - هەلومەرجی دروستبوون و گەشەکردنی حزبی بەعس لەسوریا ..... ١٣
باسی دووەم - پەڕینەوەی بەعسیزم بۆ عێراق ..... ٢٩

**بەشی دووەم**
**سۆسیال - ناسیۆنالیزمی بەعس** ..... ٧١
باسی یەکەم - سۆسیالیزمی بەعس ..... ٧٣
باسی دووەم - ناسیۆنالیزمی بەعس ..... ٨٣

**بەشی سێیەم**
**بەعس و پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراق** ..... ٩٧
باسی یەکەم - بەعس و کورد ..... ٩٩
باسی دووەم - بەعس و بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە لەعیراق ..... ١١٦
باسی سێیەم - بەعس و حزبی شیوعی عیراقی ..... ١٣٥

**سەرچاوەکان** ..... ١٥٥

# پێشەکی

حزبی بەعس پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی حزبایەتی و دەسەڵاتداریێتی عیراق و جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی نێودەوڵەتی لەم ناوچەیە هەبوو، بەجۆرێک کاریگەرییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی لە عیراق و لەسەر وڵاتانی دراوسێ ڕستێک پەیوەندیی لە جەنگ و هاوپەیمانێتی و ململانێ بەرهەمهێناوە.

ئەم حزبە ئەگەرچی بەرەنجامی یەکگرتنی چەند حزب و باڵی ناسیۆنالیستی جیاوازی عەرەبی بوو، بەڵام دواجار ڕەوت و جیهانبینی تایبەت بەخۆی دارشت، کە چەندین چەمک و تەرزی فیکریی و ئایدیۆلۆژیی لە بۆتەی پێکهاتێکی خاوەن مۆرکی ناسیۆنالیستانەی عەرەبی کۆکردەوە، کە دواتر وەک (بەعسیزم) ناسێنرا.

مێژووی بەعسیزم لە عیراق جگەلەوەی بە قۆناغێکی گرنگ و پڕ ڕووداوی مێژووی هاوچەرخی عیراق ئەژماردەکرێت، هاوکات بەرهەمهێنەری کولتوور و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بوو، کە تاکەکەسی عیراقی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەو کولتوورە بارگاوی بوو، چونکە وەک پەروەردە تێکەڵ بەژیان و بیرکردنەوەی تاکی عیراقی کرا، وەک کولتوور و شێوازێک بۆ ژیان و بیرکردنەوە، کرایە مۆدێلی باو، ئەوانەش کە لە چوارچێوەی بەرەنگاریی و ڕەتکردنەوەدا، ویستی

کۆتاییهاتن و شکستپێهێنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایەیان کردە هەوێنی خەبات، لە پەرچەکرداردا کەوتنە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی بەعسیزم بەرهەمێنەری بوو، واتە ئەگەر بە دژایەتیش بووبێت، بەڵام لە هەمان خولگەو مەیدانی بەعسیزمدا کاریاندەکرد، لەبەرئەوە ئاساییە کە لە کات و شوێنی جیاوازدا هەمان دید و ئایدیای بەعسییەکان لە ژێر ناو و ڕەنگ و دەنگی جیادا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، بۆیە هەڵەیە گەر پێمانوابێت وەک بابەت بەسەرچووە، یاخود لێیکۆڵراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، پێویستە توێژەرو خوێنەری ئێمە ئەوەی لە بەرچاو بێت، کە بە تەنیشتی کاری داپلۆسێنەرانەو سەرکوتکاریی بەعسییەکان و قەدەغەکردنی ئازادییەکان، عیراق گەشەکردنێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، لە ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەوارییدا ژمارەی زانکۆکانی لە پێنج زانکۆ بۆ دەیان زانکۆ زیادکرد، ژمارەیەکی بەرچاوی لە پەیمانگا تەکنیکییەکان لەسەرجەم شارەکاندا کردەوە، ئاستی ڕۆشنبیریی برەویسەند. چەندین کارگەو ناوەندی بەرهەمێنانی بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازیی دامەزرێنرا، کە ئەمانە بابەتی توێژینەوەیەکی دیکەن و لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە.

مێژووی نووسینی ئەم کتێبە (توێژینەوەیە)، بۆ سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠١ دەگەڕێتەوە، ئەوکات گەنج و سەرەتای کاری توێژینەوەو ئەکادیمیم بوو، وەک یاریدەدەری توێژەر لە زانکۆی سلێمانی دەستمپێکرد، ساڵێکبوو بەشی مێژووی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدیینم تەواوکردبوو، مامۆستا ڕەفیق ساڵح زەمینەی ناسینی کاک فەرید ئەسەسەردی بۆ ڕەخساندم کە ئەوکات بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان بوو، کاک فەرید لە دوو ڕووەوە ڕۆڵی لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەبوو، لە لایەک هاندەرێکی زۆرباش بوو، بەتایبەت دەرگای کتێبخانەی سەنتەری بۆ والاکردم، کە ئەوکات

یەک لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی بوو، لە لایەکیترەوە ڕۆڵی سەرپەرشتیار و ڕێنوێنیکاری دەبینی، کە هەر باس و بەشێکم دەنووسی دەیخوێندەوەو سەرنج و تێبینییەکانی پێدەوتم.

بۆچی ئەم توێژینەوەیە گرنگبوو؟ لەو قۆناغەدا جگەلەوەی نوسینی کوردیی کەم و دەگمەن بوو، لەسەر مێژووی بەعس زۆر کەمتربوو، تەنها کتێبی بەکوردی نوسراو و ناسراوی ئەو قۆناغە، کتێبەکەی (چیا) بەناوی (سێکوچکەی بەعسییان) بوو. لەبەرئەوە دوای گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک فەرید بڕیارماندا توێژینەوەیەک لەسەر بەعس بنوسم... بەڵام هەلی بوون بەکتێبی نەبوو، دیارە دواتر چەند کتێب و نامەی ماستەری لەسەر نوسراوە، بەڵام بایەخی ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەر هەیە و وەک کتێبێک لانی کەم کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕدەکاتەوە، ئەگەر بچوکیش بێت.

بۆچی ناونیشانەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ بۆ ١٩٨٠؟ ئەگەر سەرنجی وردی مێژووی بەعسیزم بدەین، تێدەگەین کە ساڵی ١٩٦٣ وەک یەکەم ئەزموونی بەعسییەکان لە دەسەڵات و شکستییان لە ماوەیەکی کورتدا، هەمیشە وەک قۆناغی شکست و شۆکی خۆیان سەیرییان کردووە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر قۆناغی دووەمی دەسەڵاتدارێتییان هەبووە، کە بەگومان و چاوی ترس و ناپاکی سەیری دەوروبەرو هاوکارەکانیشییان بکەن.

ساڵی ١٩٨٠ بە تێڕوانینی ئێمە لە دوو لایەنەوە، خاڵی وەرچەرخانە بۆ بەعسیزم، لە لایەک سەرەتاکانی هاتنی سەددام حوسەینە بۆ لوتکەی دەسەڵاتدارێتی عیراق و حزب، کە لێرەوە بەعسیزم وەک حزب و ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نەما، بەڵکو سەددام وەک سەرکردەو تاکەکەس مامەڵەی کردو هەمووی لە دەستی خۆیدا قەتیسکرد، هاوکات تێوەگلانی عیراقە لە جەنگێکی درێژخایەن، کە کۆی توانا و پەرەسەندنە

ئابووریی و ڕۆشنبیرییەکانی عیراقی پوکاندەوەو هێزە ئابووریی و مرۆییەکەی لە دەستدا.

لە چێوەی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە؛ مێژووی دروستبوونی بەعس و چۆنیەتی پەڕینەوەی بۆ عیراق و دەسەڵاتداریی لە عیراق لە میانەی دوو کودەتای سەربازیی و لە دوو قۆناغی جیادا ڕوونکراوەتەوە، پاشان لە بەشێکی تایبەتدا سۆسیال ناسیۆنالیزمی بەعس شرۆڤە کراوە، لە دوابەشیشدا پەیوەندییەکانی بەعس بە پارت و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عیراق ئاماژەی پێکراوە.

میتۆدی توێژینەوەکە شیکاریی مێژووییە، بەتایبەت کە هەوڵدراوە سوود لە ئەدەبیاتی بەعسییەکان و ئەو سەرچاوانە وەربگیرێن کە خۆیان و نەیارانیان نوسیویانە.

پێویستە کە سوپاسی برای بەڕێز کاک سەربەست مەنمی سەرۆکی ڕێخراوی کوردستان دیالۆگ بکەین، کە زەمینەی لە دایکبوونی بۆ ئەم کتێبە ڕەخساند و ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆگرت.

بەشی یەکەم

# مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەعسیزم

# باسی یەکەم

## هەلومەرجی دروستبوون و گەشەکردنی حزبی بەعس لەسوریا

جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەریی خراپ و دیاری لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، چونکە لەئەنجامی ململانێی هێزە ئیمپریالیستەکان کۆمەڵێک تەنگژە و قەیران لەبارودۆخی دەوڵەت و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە سەریهەڵدا. بەسەپاندنی سیستمیماندات بەسەر زۆر وڵاتانی ئەم ناوچەیە بارودۆخ ناهەموارتربوو، دەرەنجامی ئەم کەش و هەوا نالەبارەش بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکان سەریانهەڵدا.

بەم شێوەیە لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەشکرابوون، هەر دەوڵەتێکیش بەجۆرێک بەدەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانەوە بەسترابوونەوە و لەژێر سیستمی مانداتدا و لەڕووی ئابوورییەوە پاشکۆبوون.

سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) جارێکی تر پشێوی بۆ وڵاتانی ناوچەکە هێنا، بەتایبەتی کاتێک هێزە سەنتەرو گەورەکان پێگەو دەسەڵاتی خۆیان فراوانکرد و لەهەوڵی مسۆگەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندیی خۆیاندابوون.

سوریا وەک یەکێک لەوڵاتە عەرەبیەکان و هاوکات یەکێکیش لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەڕووی باری سیاسییەوە و دوای جەنگی یەکەمی جیهان لە ژێر منداتی فەرەنسادا بوو، ئەم ژێر دەستەییەی سوریا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیشدا بەردەوامبوو، لەبەرئەوە باری سیاسی سوریا زیاتر ڕووەو خراپی چوو، چونکە نوێنەری باڵای فەرەنسی (گابریل پیو) لەو پەیمانە پەشیمان بووبووە کە پێشتر لە(١٩٣٦/٣/١) لەگەڵ نیشتمانپەروەرە سورییەکان واژۆیکردبوو[١].

پاشان کاتێک ئەڵمانیای نازی توانی فەرەنسا داگیربکات، بارودۆخ شپرزەیی تێکەوت، چونکە لەسوریا ڕاڕایی هەبوو لەوەدا کە پاڵپشتی کام لەو حکومەتە بکەن کە دروستبوون، (حکومەتی مەنفا یان ئەو حکومەتەی سەر بە ئەڵمانیا بوو لەفەرەنسا). هەروەها ئەنجامی ئەم بارودۆخە سیاسییە نائارام و ناجێگیرە لەسوریا، چەندین ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لەماوەی شوبات-ئازاری ساڵی (١٩٤١)دا بەرپابوو، کە گشت شارو ناوچە جیاجیاکانی سوریای گرتەوە[٢].

لە (١٧ی ئابی١٩٤٣)دا پەرلەمانی سوریا هەڵبژێردراو (شوکری قوتەلی) بووە سەرۆکی کۆمار و (سەعدوڵڵا جابری)یش بووە سەرۆک وەزیران و (فارس خوری) کرایە سەرۆکی پەرلەمان، ئەم دەسەڵاتە نوێیە لەسوریا وەک دەسەڵاتێکی نیشتمانی کارەکانی دەستپێکرد و سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی سوریا، دواجاریش لە(١٧)ی نیسانی (١٩٤٦)دا سوریا بەتەواوی دەوڵەتێکی سەربەخۆبوو[٣].

لەدوای سەربەخۆیی، حکومەت (کە خۆی لەدەستەی نیشتمانپەروەران

١ جاسم محمد العدل وآخرون، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص١٥٨و ما بعدها.

٢ جاسم محمد العدل وآخرون، تاريخ الوطن العربي، ص١٦٤-١٦٥.

٣ د.محمد مظفر الأدهمي وآخرون، التاريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي، ط٢، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٥٢-٢٥٣.

—الكتلة الوطنية-دا دەبینییەوە بە سەرۆکایەتی-شوکری القوتلي) هەوڵیدا شوێنەواری ئیمپریالیزم لە وڵاتدا بسڕێتەوە و کار لەسەر بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی بکات، بەڵام لەم کاتەدا بەرەی نیشتمانی توشی ناکۆکی ناوخۆیی هات و دەرەنجام دوو پارتی سیاسی دروستبوون، کە (پارتی نیشتمانی-الحزب الوطني)و (پارتی گەل-حزب الشعب) بوون، یەکەمیان لەدەسەڵاتدا مایەوەو دوەمیشیان بووە ئۆپۆزسیۆن کە دیارترین ئەندامەکانی (ڕەشید کیخیا و ناظم قودسی) بوون[1].

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی و سوریا بەتایبەتی کۆمەڵگەیەکی ناکامڵ و شپرزە بوو، چونکە ژێر دەستەبوون و کاریگەریی هێرشەکانی مەغۆل و دواتر هاتنی عوسمانییەکان و ئەو ستەم و تاڵانیەی لەکۆمەڵگەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا ئەنجامیندادابوو شوێنەواری نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی هەبوو، دواتر بەهاتنی هێزو سەپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئەم شپرزەییە زیاتر بوو، چونکە لەڕووی ڕۆشنبیریی و کولتوورییەوە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیان پەکدەخست، هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا کۆمەڵگەی عەرەبی وەک ئەوەی لەچوارچێوەی ووڵاتە دواکەوتووەکانی جیهاندایە و گەشەکردن و پێگەیشتنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسایی نییە، سستمی دەرەبەگی کاریگەریی و ڕەگ و ڕیشەکانی لەقوڵایی کۆمەڵگە و تاکەکاندا داکوتابوو، دواکەوتویی کۆمەڵگەی عەرەبی زەمینەسازیی سەرهەڵدانی چەندین بیرۆکە و باڵی جۆراوجۆر بوو، کە لەڕووی سیاسی و هۆشیاری نەتەوەییەوە پڕ کەموکوڕی و لەبواری بیرو ئایدیاوە کاڵ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەیان لەکۆمەڵگەی ترەوە خواسترابوون و لەهەوڵی بەکرداری کردنیاندا بوون و جۆرێک لەلێڵی و تەمومژیان پێوە دیاربوو[2].

١ د.محمد مظفر الأدهمي وآخرون، التاريخ الحديث والمعاصر، ص١٧٣.

٢ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع العربي والحضارة العربية، جامعة بغداد، ١٩٧٩، ص١٦٥ ومابعدها.

لەڕووی ئابوورییەوە، وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی لەقەیرانێکی ئابووریدا دەگوزەران، چونکە بنەمای ئابوورییان زیاتر لەسەر کشتوکاڵ بەندبوو، هاوکات لەئەنجامی دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کەمی دەستی کارو زۆری ئەو باج و سەرانەیەی لەلایەن دەرەبەگ لەلایەک و حکومەتی دەسەڵاتدار لەلایەکی ترەوە (کەلە سەرەتادا دەوڵەتی عوسمانی و دواتر ئیمپریالیزم بوو) لەسەریان سەپێنرابوو، خراپی و کەمی بەرهەمی لێکەوتبووەوە، لەگەڵ هاتنی ئیمپریالیزم بۆ ناوچەکە لەمپەرێکی تریش دروستبوو، ئەوەش بوون بە بازاڕی ئەم وڵاتانە بوو بۆ ساغکردنەوەی شمەکی بێگانەو قۆرخبوونی سەرمایەی ووڵات لەدەست بیانیەکاندا، سوریاش هەمان گرفتی هەبوو، بەتایبەتی لەسەرەتای چلەکاندا کەبایەخی نەوت زیادیکرد، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەپێناو قۆرخکردنی کانە نەوتەکان وەک مادەیەکی خاو، بەهەموو جۆرێک لەڕێگای کۆمپانیاکانیانەوە هەوڵیاندا دەستکەوتی دەرهێنانی نەوتی وڵاتانی عەرەبی بەدەستبهێنن، ئەم ململانێیەش باری ئابووریی وڵاتی زیاتر توشی ئاستەنگ و تەگەرە کرد[1].

بەمجۆرە بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی عەرەب بەگشتی؛ بەدەست چەندین کێشەوە دەیناڵاند، هاوکات و لەئەنجامی لاوازی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی، لەناوخۆدا دابەشکراو و هەوڵەکانیان پچڕپچڕ و لەئاراستەدا پێچەوانەی یەکتری بوون.

سەبارەت بەسیاسەتی نێودەوڵەتی لەناوچەکەدا کەزیاتر خۆی لە ئامادەباشییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا دەبینییەوە، ناوچە عەرەبییەکان بوبوونە گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ ململانێی سەربازیی و سیاسی هەردوو بەرەی هاوپەیمان و وڵاتانی سەنتەر، گرنگترین هۆکاریش سەرهەڵدانی بایەخی نەوت بوو لەجیهاندا، ناوچەکانی عێراق و نیوە دوورگەی

١ د. خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، جامعة بغداد، ط١، ١٩٨٩، ص٥٣ ومابعدها.

عەرەبی و کەنارەکانی کەنداوی عەرەب وەک پشکنرابوو برێکی زۆری نەوتی خاوی تێدا دۆزرابووەوە، ئەمە وایکردبوو هەردوو بەرەی جەنگ لەهەوڵی خزینە ناو ئەم ناوچانەو بەهێزکردنی پێگەی خۆیاندابن.

لە دەستپێکی جەنگەوە بەرەی سەنتەر هەوڵیدا لەڕێگەی بزوتنەوە نەتەوەیی و ڕەگەزیی و ئایینی و هەرێمییەکانەوە بێتە ناوچەکە و پێگەی خۆی بەهێزبکات، بەتایبەت ئەوانەیان دژی داگیرکارە ڕۆژئاواییەکان (بەرەی هاوپەیمان) ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنێکی هەڵگۆزراوی فاشیانەیان هەبوو، لەدەرەنجامی ئەم هەولانەدا دوو ڕوداوی گرنگ لەنیشتمانی عەرەبیدا ڕوویاندا، یەکەمیان لەساڵی(١٩٤١) و لەعێراق بەسەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی) و کۆمەڵێک ئەفسەر، کە پەیوەندیی بەهێزیان بەئەڵمانەکانەوە هەبوو، دووەمیان لەمیسر و بەسەرکردایەتی (عەزیز میسری) و چەند ئەفسەرێک کە هاوسۆزو ئاڕاستەی بزوتنەوەی (١٩٤١) بوون لەعێراق. تەوژم و ئاڕاستەی فاشیزم و بەرەی سەنتەر بەردەوام نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی ئەو شکستانەی لەڕووی سەربازییەوە و لەبەرەکانی جەنگ توشیان هات، وردە وردە دەسەڵات و پێگە سیاسیەکانیانی بەرەو تەسکبوونەوە برد، لەم چوارچێوەیەداو لەکۆتایی ساڵی (١٩٤٣)دا کاریگەریی بەرەی سەنتەر لەسەر عەرەبەکان ڕوو لەکەمبوونەوە بوو[1].

لەلایەکی ترەوە هەریەک لەفەرەنسا و بەریتانیا بەردەوام بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵیاندەدا، لە دەستپێکردنی جەنگدا بەریتانیا ڕاستەوخۆ هەریەک لەفەلەستین و ڕۆژهەلاتی ئەردەن و کووەیت و بەحرەین و ناوچەکانی کەنداوی عەرەب و عێراق و میسر و سعودیەی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە[2].

١ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص١٩٢-١٩٣.

٢ د. خاشع المعاضيدي، دراسات في المجتمع العربي، ص٢١٤وما بعدها.

ناوچەکانی سوریا و لوبنان کەوتە ژێردەستی فەڕەنسا، لەساڵی (١٩٤٣)دا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپای لەمەغریب دابەزاند و چەند بنکەیەکی ئاسمانی و دەریایی لەلیبیا و سعودیە دامەزراند[١].

لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا کێشەی فەلەستین و بەهێزبوونی پێگەی جولەکە لەناوچەکە، گرفتێکی تری نەتەوەی عەرەب بوو، گشت وڵاتە عەرەبیەکان و بەتایبەتی سوریا و لوبنان و میسر مەترسیان لێی هەبوو، وەک پێگەیەکی ئیمپریالیزم سەیری ناوچەکانی جولەکەیان دەکرد[٢].

ئەم بارودۆخەی ئاماژەی بۆکرا ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لەسەر ئاڕاستەی فیکریی کۆمەڵگەی عەرەبی هەبوو، لەبەرئەوە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری بکەین، چەند پارت و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لەڕووی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەی فیکریی بونیان هەبووە، لەوانە:

**١. ئاڕاستەی ئایینی:**

ئایینی ئیسلام بەو پێوەدانگەی بەزمانی عەرەبی لەناو عەرەب هاتۆتە خوارەوە، کاریگەریی دیاری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوریی عەرەب هەبووە، لەسەردەمە جیاوازەکاندا شوناسی نەتەوەییان بووە، بەڵام لەئەنجامی پوکانەوەو لەناوچونی دەسەڵاتە ئیسلامییەکان و نەمانی خەلیفەو خەلافەت وەک دوو سومبولی پیرۆز، کاریگەریی زۆری لەسەر عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگە هەبوو، لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی بیر و ئایدیای نوێ لەجیهاندا وەک (سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم و لیبرالیزم و...)و پاشان گوازرانەوەی ئەم بیرۆکانە بۆ ناو کۆمەڵگەی عەرەبی و پەرەسەندنی لەناو تاکەکاندا، بووەهۆی ئەوەی تاکی عەرەبی هەریەک لەئاستی خۆیەوە بەپێی تێڕوانینی کەسی، یەکێک لەم بیرۆکانە بکاتە بنەمای پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی سیاسیی و گرفتەکانی پێ چارەسەر

١ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص١٨٨.

٢ د. خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص١٨٤.

بکات، بەمەش ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازی فیکریی ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەماو خرایە کونجی مزگەوت و شوێنە ئاینییەکانەوە.

بۆ گۆڕینی ئەم ئاڕاستەیە و بە ئیسلامیکردنی چارەسەرەکان و گێڕانەوەی سەرهەڵدانی گرفت و قەیرانەکان بۆ پیادە نەکردنی ئیسلام و بنەماکانی، چەندین کەس و گروپ لەژێر سایەی ئیسلامدا، پارت و ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دروستکرد، وەک کۆمەڵەی (لاوانی موسڵمان) کە مەڵبەندی لەعێراق و سوریا و فەلەستین هەبوو، هەروەها (برایانی موسوڵمان-الإخوان المسلمين) لەمیسر و بزوتنەوەی مارۆنیەکان و ڕێکخراوی (نەجادەت) لەلوبنان[1].

**٢. ئاڕاستەی ناسیۆنالیستی:**

سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی عەرەب بۆ کۆتایی سەدەی نۆزەو سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەروەک سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، دیارترین کەسانی ئەم مەیدانە (ناصیف اليازجی- بطرس البستانی) بوون[2].

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بەڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەک و پارچەپارچەکردنی نیشتمانی عەرەبی و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن ئیمپریالیزم لەلایەکی ترەوە، هاوکات بەهێزبوونی مەترسی زایۆنیزم لەسەر ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم ئاڕاستەیە زیاتر بەهێزبوو، بووە ئایدیۆلۆژیای چەندین پارت و ڕێکخراوی عەرەبی کە ئامانجیان پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی و لادانی بەربەستە دەستکردەکان و تیۆریزەکردنی بیرۆکەی نەتەوەی عەرەب بوو، بەجۆرێک لەچوارچێوەیدا هەموو شتەکان بە عەرەب بکرێن[3].

١ د. شفيق عبدالرزاق السامرائي، المشرف العربي، القسم الأول، جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص٨٥، د. خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص٩٦.

٢ أحمد حسين يعقوب، طبيعة الأحزاب السياسية العربية، بيروت، طبعة جديدة مصححةو منقحة، ١٩٧٧، ص٦٥.

٣ لجنة في المؤسسة الثقافة العمالية، دراسات في الوطن العربي، ط١، بغداد، ١٩٧٩، ص٩٤-٩٥.

دیاریترین نمونەی ئەم لایەنە: کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی (عصبة العمل القومی) سوریا و یانەی موسەننا لەعێراق بوو[١].

### ١. ئاراستەی سۆسیالیستی:

دوابەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی (١٩١٧) و پیادە بوونی یەکەم ئەزمونی سۆسیالیستی لەدەسەڵاتدا، گەلانی ژێردەست و چەوساوە و هەژار چاویانکردە ئەم ئەزمونە، نەتەوەی عەرەبیش وەک یەکێک لەو نەتەوانە کەلەئەنجامی سیاسەتی چەوسێنەرانەی دەوڵەتی عوسمانی و دواکەوتوویی وولات لەڕووی ئابووریی و هەژاریی و برسێتی خەڵکەکەی، ناوەندێکی لەباربوو بۆ چەکەرەکردن و گەشەکردنی بیری مارکسیزم لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا[٢].

بەو جۆرە لەیەکەم بانگەشەی سۆسیالیزمەوە بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە بیری شیوعی لەناو عەرەبدا و لەدژی ئیمپریالیزم بەردەوامبوو، چەندین گروپ و پارتیان لەسەر بنەمای ئەم ئایدیۆلۆژیایە پێکهێنا، لەوانە (جماعة الأهالي) لەعێراق (١٩٣١)، کۆمەڵەی عەبدولڕەحمان شەهید و ئیبراهیم حەداد و عەبدوڵا عەلایلی لەسوریا و لوبنان، لەسیەکاندا هەندێک باڵی پارتی (وفد) لەمیسر، هەروەها حزبی شیوعی سوری-لوبنانی (١٩٢٤) و حزبی شیوعی جەزائیر (١٩٣٠)[٣].

### ٢. ئاراستەی هەرێمگەرایی:

ئەم ئاراستەیە جیاواز لەناسیۆنالیستەکان، سۆزو دەروەستی نەتەوەییان نەدەخوێندەوە و لەچوارچێوە و هەرێمێکی دیاریکراودا و پەیوەست بەو هەرێمە کاریان دەکرد، بڕوایان بەبوونی چەند نەتەوەیەکی

١ د. شفيق عبدالرزاق، المشرف العربي، ص٨٥.

٢ لجنة في المؤسسة الثقافة، دراسات في الوطن العربي، ص٩٦-٩٧.

٣ د. شفيق عبدالرزاق، المشرف العربي، ص٨٥.

عەرەب هەبوو، لەوانە: بزوتنەوەی فیرعەونیەکان لەمیسر و بزوتنەوەی فینیقیەکان لەلوبنان و پارتی نەتەوەیی سوریا (١٩٣٢)[١].

### ٣. ئاڕاستەی لیبرالیزم:

ئەم ئاڕاستەیە ئەو گروپ و لایەنانەی دەگرتەوە کە کەوتبونە بەر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسی و بنەماکانی و ئەو سیستم و ڕەوتە یاسایی و ئازادییەی لەڕۆژئاوادا سەریهەڵدابوو، بەشێوەیەکی گشتی بۆرژواکانی دەگرتەوە، لەوانە پارتی (وفد) لەمیسر و دەستەی نیشتمانی سوریا و پارتی ڕاپەڕینی نیشتمانی و پارتی ئازادی لەعێراق و بزوتنەوەی نیشتمانی لەسۆدان(١٩٣٦)[٢].

بەمجۆرە بارودۆخی نیشتمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە و لەپێش و کاتی جەنگی جیهاندا تووشی قەیران و ئاستەنگ بووبوو، ئەمەش دەرەنجامی هاوتانەبوونی نێوان دیاردەی ئیمپریالیزم بوو بەهەموو بوونێکی سەربازیی و پێگەکانی لەنیشتمانی عەرەبدا و ئەو هەیمەنە ئابووری و سیاسیەی هەیبوو، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی عەرەبدا کە تازە پێگەیشتوو و پڕ کەموکوڕی بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی فیکریی و ئایدیۆلۆژییەوە پارچەپارچە و کەلێنی گەورە لەبونیادی ئایدیۆلۆژیی و گوتاری نەتەوەییدا هەبوو[٣]. لەم بارودۆخەداو وەک سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن بیرۆکەی دروستکردنی پارتێک بەناوی (بەعس) گەڵاڵە بوو.

سەبارەت بە سەرەتاو چۆنیەتی دروستبوون و کەسانی دامەزرێنەر و هۆکارو هاندەرەکانی دامەزراندنی ئەم حزبە جیاوازیی هەیە، بەڵام

١ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص١٨٣؛ د. خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص٩٨.

٢ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص١٨٢-١٨٣.

٣ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص١٨٤.

ئەوەی جێگەی گومان نییە ئەوەیە ئەم پارتە، دوای گەڕانەوەی هەردوو کەسایەتی (میشیل عەفلەق) و (سەلاحەدین بەیتار) لەڕۆژئاوا بۆ سوریا لەسیەکانی سەدەی بیستەمدا دروستبووە، ئەمەش هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی سەرەتای دروستبوونی حزبی بەعس بۆ سیەکانی سەدەی بیست بگێڕنەوە و بەدرێژکراوەی (کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی - عصبة العمل القومي) دابنێن کە لەلوبنان (١٩٣٣) دروستبووبوو، دیارترین دروشمەکانیشی بریتی بوو لە (کێشەی عەرەب کێشەیەکی یەکگرتووە و پارچەپارچە ناکرێت)، (عەرەب هەمووی یەک نەتەوەیە)[١].

هەندێکی تر سەرەتای دامەزراندنی حزبی بەعس بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم دەگێڕنەوە، کاتێک یەکەم ڕوونکردنەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە بڵاوکرایەوە کە ژمارەیان لە(١٠)کەس کەمتربوو، خۆیان ناونابوو (بزوتنەوەی ژیاندنەوەی عەرەبی- حركة البعث العربية) ئەم بڵاوکراوە وەک پرۆگرامی ئەم بزوتنەیە وابوو[٢].

سەبارەت بەدامەزرێنەرانی حزبی بەعس بەهەمان شێوە جیاوازیی هەیە، هەندێک پێیانوایە (زەکی ئەرسوزی) دامەزرێنەری سەرەکی ئەم پارتەیە، هاوکات کۆمەڵێکی تر پێیانوایە (میشیل عەفلەق) دامەزرێنەری حزبە[٣].

ئەم جیاوازییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەبناغەوە (بەعس) لەدووباڵ پێکهاتووە، باڵێکیان (میشیل عەفلەق و سەلاحەدین بەیتار) سەرپەرشتیان کردووە، باڵەکەی تری (زەکی ئەرسوزی)[٤]، بەڵام کاتێک (زەکی ئەرسوزی) لەساڵی (١٩٤٤)دا دەست لەسیاسەت دەکێشێتەوە،

١ حسن السعيد، نواطير الغرب، مؤسسة المنار رقم، ١٩٩٤، ص٤٣-٤٤.

٢ سمير الخليل، جمهورية الخوف (عراق صدام)، القاهيرة، ط١، ص٢٥؛ لجنة في مؤسسة الثقافة، دراسات في الوطن العربي، ص٩٩.

٣ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٣-٤٤، ابراهيم سعيدي، سورية، ط٢، ١٣٧٥، ص١٠٦.

٤ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤١-٤٢.

هـەردوو باڵەکـەی ئـەم پارتـە دەبنـەوە بەیـەک و دەچنـە ژێـر سـەرپەرشتی (میشـیل عەفلـەق)ەوە[1].

بەعس وەک بزوتنەوەیەکی پەرەسەندوو لەناو تاکەکانی کۆمەڵ بنکەیەکی فراوانی نەبوو، بەڵکو بەشێکی کەم لەخوێندکار و ڕۆشنبیران لەدەوری کۆبوونەوە، بەڵام لە ساڵانی (١٩٤٥-١٩٤٧)دا ئەم بنکەیە تاڕادەیەک فراوان بوو، هەروەها لەسەرەتای مانگی تەمموزی (١٩٤٦)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بەعس)یان دەرکرد کە ئۆرگانی ڕاستەوخۆی بڵاوکردنەوەی ئامانج و بانگەشەکردن بۆ دروشمەکانی حزب بوو[2].

حزبی بەعس بەمجۆرە لەقۆناغی گەڵاڵە بووندابوو تاوەکو ڕۆژانی (٤-٦)ی نیسانی ساڵی (١٩٤٧) یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێدا، کە بەکۆنگرەی دامەزراندن ناودەبرێت و لەمیانەیدا پەیڕەوو پڕۆگرامی حزب ئامادەکراو (میشیل عەفلەق) بەسکرتێرو ڕاگری حزب دانراو دەزگایەکی جێبەجێکردن پێکهێنرا کە لەسێ ئەندام پێکهاتبوو[3].

لەساڵی (١٩٥٣)دا (حزبی بەعسی عەرەبی) لەگەڵ (حزبی سۆسیالیستی عەرەبی) کە لەلایەن (ئەکرەم حورانی) دروستکرابوو، یەکیانگرت و ناوی حزب بوو بە(حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی- حزب البعث العربي الإشتراكي)[4].

بەمجۆرە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی هاتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و خۆی وەک حزبێکی جیاواز لەحزبەکانی تری بزوتنەوەی عەرەبی ناساند، لەوەدا کە توانیویەتی چوارچێوەیەکی هەمەلایەن بەشۆڕشی عەرەبی ببەخشێت لەهەردوو بواری تیۆرو پراکتیکدا، ئەمەشی لەهەرسێ دروشمی (یەکبوون و ئازادیی و

١ المصدر نفسه، ص٤٢.

٢ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية (١٩٨١-١٩٥٨)، بيروت، ط١، ١٩٩٠، ص٢٨١.

٣ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٢٨١-٢٨٢.

٤ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٦، ابراهيم سعيدي، المصدر السابق، ص١٠٦.

سۆسیالیستی)دا بەرجەستەکردووە، لێرەوە بەعس خۆی بە ئەو مامانە لەقەڵەمدا کەئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی هێنایە دونیای ڕزگاریخوازیی عەرەبییەوە [1].

بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر سەیری ئەو کەتوار و بارودۆخە ناهەموارە بکەین کەحزبی بەعسی تێدا لەدایکبوو، هاوکات بەراوردی بکەین بەبنەماو ئامانج و پرۆگرامی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (نیسانی١٩٤٧) کە بڕیاری لەسەردرا، زۆر لایەنی شاراوە و مەرامی ئەم حزبە ڕووندەبێتەوە، بەتایبەت کە هەوڵیداوە لەڕێگەی دروشم و بانگەشەی مرۆڤدۆستانەوە پێگەی جەماوەریی خۆی بەهێزبکات.

ئەگەر سەرنجێکی ووردی ئەو پرۆگرامە بدەین کە لەیەکەمین کۆنگرەی دامەزراندیدا گەڵاڵەکراوە، دەبینین:

جەختکردن لەسەر یەکێتی خاک و نەتەوەی عەرەب، بەجۆرێک نیشتمانی عەرەب یەکەیەکی سیاسیی و ئابوریی لێکدانەبڕاوەو یەکەیەکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە، لەهەمان کاتدا؛ هەر جیاکاریی و سنورێکی نێوانیشیان، بونێکی کاتی هەیە و لەگەڵ زیندوبوونەوەی ویژدانی تاکی عەرەبی و زیادبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی، ئەم سنورانە بوونیان نامێنێت [2].

هەروەها داکۆکی لەوە دەکات داهات و بەروبوومی ئەم نیشتمانە و قۆرخکردن و بەڕێوەبردنی تەنها بۆ نەتەوەی عەرەبە، بەمجۆرە لەڕووی هەڵوێستی بەعس لەبەرانبەر ئەو کەمەنەتەوانەی لەنیشتیمانی عەرەبدا دەژین مافێکی تایبەتیان بۆ دیاری ناکات، بگرە هەوڵی تواندنەوەیان دەدات و ئاماژە دەکات کە «کەمەنەتەوە ناعەرەبەکان کە ناتوانرێ

---

١ علي عباس مراد، الطبقات و الصراع الطبقي، بغداد، ١٩٨٤، ص٥٨-٦١.

٢ د. توفيق سلطان اليوزبكي و آخرون، دراسات في الوطن العربي الحركات الثوريةو السياسية، ط ٤، جامعة الموصل، ١٩٧٥، ص٣١٦.

لەکۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێنەوە و بەشێوەیەکی تەواو بەعەرەب بکرێن، دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتییەوە کەئەرک و مافەکانیان بەشێوەیەک دیاریدەکات نەتوانن زیان بەبەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەنن و هەر بەبێگانەش دادەنرێن، مافی دەوڵەتی عەرەبیشە هەرکاتێ بیەوێ ئەوانەی زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن، وەدەریانبنێت و دروستکردنی قوتابخانەو دامەزراندنی ڕێکخراو و ڕۆژنامە بەزمانەکانیان و بانگەوازی نەتەوایەتیشیان لێ قەدەغەبکات»[1]. لێرەوە بەناوی دژایەتیکردنی دیاردەی مەزهەبگەری و عەشیرەتگەری و هەرێمچێتی، ئەو مافە بەخۆیان دەدەن کە گشت کەمەنەتەوەکان لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لەقاڵببدرێن[2].

سەبارەت بە دروشمی (أمە عربیة واحدة ذات رسالة خالدة) لەگەڵ ئەوەی بانگەشەیەکی دیاری شێوە نازییە، هاوکات ئەو (پەیامە نەمرە) لەلایەن بەعسەوە ڕوونەکراوەتەوە، کاتێک ئاماژە بەوە دەکەن کەئەم پەیامە بۆ داهاتوو و ئیستاو ڕابردووی عەرەبەو چارەسەرێکی ئەفسوناوی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی لەخۆگرتووە، باس لەوەش ناکات ئەم پەیامە لەسەر چ کولتورو مێژوویەکی عەرەب بونیاتنراوە، چونکە بەعسیەکان مێژووی ئیسلامی و ئەو مێژووەش کە ئەوانی تێدا هاتنەبوون ڕەتدەکەنەوە ... ئەوەش کە تاڕادەیەک شیاوی تێگەیشتن بێت بریتییە لەڕەخنەگرتن لەواقیع و دیاریکردنی کەموکوڕیی و لاوازییەکان، هەموو ئەولایەن و خاڵانەش بە (وحدة) و (حریة) و (اشتراکیة) چارەسەردەکەن، لەدیدی بەعسدا هەریەک لەم چەمکانە ماناو گوزارشتێکی هەیە کە لەو مانا گشتییەی لەنێوەندی جیهاندا باسی لێوەدەکرێت گەلێک جیاوازە، واتە گشت چەمک و زاراوەکان لەفیکری

١ ئەمین قادر مینە (چیا)، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل-تەعریب-تەبعیس)، س.ل.س.ک، چ٢، ١٩٩٩، ل ٦٩.

٢ اللجنة في المؤسسة الثقافة العالمية، دراسات في الوطن العربي، ص١٠٣.

بەعسدا پێناسەی تایبەتیان هەیەو بەعسێنراون بەو جۆرەی لەگەڵ خواست و مەبەستەکانی بەعسیزم بگونجێت، ئەگەرچی ئەو چەمکانە مانا ڕەسەنەکانی خۆیان لەدەستبدەن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی مێژووی دواتری بەعسیەکان ئەوەی سەلماند هیچ کام لەم دروشمانەی بۆ نەهاتە گۆڕەپانی کارو لەکۆمەڵدا پیادەنەبوو، بگرە بەکرداریی دژی هەندێک لەدروشمەکانی خۆیان وەستانەوە و یەکێتییەکیان دەویست کەخۆیان دەسەڵاتداربن تێیدا، ڕوونبووەوە کە خەڵک تەنها بۆ ستایشی بەعس ئازادە، لەدەرەوەی ئەو سنورە زیندانەکان و سێدارە دەبووە چارەنوسی هەموو کەسێک کەتەنها لەشوێنێکی گومانلێکراوەوە گوزەری بکردایە.

سەرچاوەی دەسەڵات لەدیدی بەعسیزمدا هەروەک لەکۆنگرەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە (گەل)ە، واتە گەل شێوازی دەسەڵات و کەسی دەسەڵاتدار هەڵدەبژێرێت[1]، بەڵام ئەم لایەنە تەنها دروشمێکی دیماگۆجیانە بوو، چونکە دوای ئەوەی چونە دەسەڵات تەنها شێوازێکی کارتۆنیانەیان لەهەڵبژاردن و لایەنە دیموکراسیەکان پەیڕەوکردو دیکتاتۆریانە بڕیارەکانی خۆیان جێبەجێکرد، سادەترین سەرپێچی یان ناڕەزایی گەلیش بە تۆپ و تانک و لولەی تفەنگەکان وەڵامدرایەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری هەمان ئەدەبیات بکەین کەباس لەسەرچاوەی بەدەسەڵات بوونی گەل دەکات، پرەنسیپێکی تر هەیە کەباسی کودەتا (انقلاب) دەکات، کودەتاش بە مانای لەڕیشە دەرهێنانی گشت گرفت و دیاردە ناپەسەندەکان و سستم و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە ناڕەواکانە[2]، هاوکات پشتبەستنی بەعس بەکودەتا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە (کودەتا) ڕێگایەکی خێرایە بۆ چونە دەسەڵات،

---

١ د. خاشع المعاضيدي، دراسات في المجتمع العربي، ص١١٤.

٢ د. توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في الوطن العربي، ص٣١٠-٣١١.

چونکە ڕێگای چاکسازیی لەیەکە بچوکەکانی کۆمەڵ ڕێگایەکی هێواش و درێژخایەنەو ئەمەش لەدیدی بەعسدا هەلی ڕەخساو لەباردەبات، لێرەوە کودەتا و چونە دەسەڵات و چاکسازیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە گونجاوترین شێوازی لەدەستگرتنی دەسەڵاتە لەدیدی بەعسیزمدا.

بەمجۆرەو لەم خاڵەدا ئەوگەلەی سەرچاوەی دەسەڵاتە هیچ بوون و مانایەکی لۆژیکی نامێنێت و خواستی دکتاتۆریی وەک سیمایەکی بەعس خۆی ڕووندەکاتەوە و لەسەر هەموو چەمکە دیموکراسی و مرۆییەکان خۆی زاڵدەکات .

ئەم لایەنانەو چەندین لایەنی تری ئەم دەستورەی بەعس کەلەکۆنگرەی دامەزراندنی حزبدا بڕیاری لەسەردرا، مەبەست پێی پەروەردەکردنی کۆمەڵێک بوو کەتوانای قبوڵکردنی سستمی (نفذ ثم ناقش)ی هەبێت و هاوشێوەی ئەو کەسانەی لێدەربچێت کە تا ئەوپەڕی شۆڤینی و لەترۆپکی ڕەگەزپەرستیدا بێت، بەجۆرێک لەهیچ چوارچێوەیەکدا بەرانبەری قبوڵ نەبێت کە باس لەنەتەوەی خۆی بکات، بەڵکو بەعسیزم ببێتە ئەو ڕەمزە پیرۆزەی کەهیچ کات نەتوانێت باس لەکەموکوڕی و هەڵەکانی بکات، بەپێچەوانەوە بڕوای بەپاک و بێگەردیی و ڕەهایی ڕاستی ئەم ڕێبازە هەبێت و بڵێت:

**آمنت بالبعث ربا لاشريك له وبالعروبة دينا ماله ثان**

یان بڵێت:

**البعث ديني والعروبة مذهبي**[1].

تاکڕەوی بەعس بێئەندازە بوو کە نەک نەتەوە ناعەرەبەکان ڕەتبکاتەوەو هەموو شتەکان بە عەرەب بکات، بەڵکو بڕوای بە هیچ پارت و ڕێکخراوێکی عەرەبی تر نەبوو بەڕاست و چەپیەوەو خۆی بە

١ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٣٧.

ئیلهام بەخشی ڕوحی شۆڕشگێڕیی و نەتەوەیی عەرەب دەزانی، هەموو تاکێکی خۆیان فێردەکرد کە بەعسیزم ڕێبازی ڕاستەقینەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی عەرەبە، بێجگە لەم ڕێبازە گشت باڵ و ڕێبازەکان ناڕاست و دروستکراوی دەستی بێگانەن و توانای خوێندنەوە و تێگەیشتنی کێشەکانی عەرەبیان نییە.

هەروەک چۆن خۆیان بەو داهێنەرە لەقەڵەمدا کە توانیویەتی ڕێبازی سۆسیالیزم لەگەڵ نەتەوایەتی عەرەب ئاوێتەبکات و بیخاتە خزمەت شۆڕشی ڕزگاریخوازیی عەرەبی[1]، لەکاتێکدا ئەم بانگەشەیە هەر لەڕووپەڕی پرۆگرامەکەیاندا مایەوە و واقیعی بەخۆیەوە نەبینی.

---

١ د. توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في الوطن العربي، ص٣١٠.

# باسی دووەم

## پەڕینەوەی بەعسیزم بۆ عێراق

دوابەدوای گرێدانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی بەعس لەنیسانی ساڵی (١٩٤٧)، بڕیاردرا بۆ گەشەپێدان و گشتگیرکردنی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم لەووڵات و هەرێمە عەرەبیەکانی تردا کاربکرێت و شانەی ڕێکخستن دروستبکرێت[١].

عێراق وەک یەکێک لەهەرێمە عەرەبیەکان، بەو پێیەی هاوسێی نزیکی سوریابوو، پەیوەندیی هاتوچۆ لەنێوانیاندا ئاسان بوو، لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سووریادا نەبوو، هەمان ئەو گرفت و قەیرانەی لەوڵاتانی عەرەبی بەدیدەکرا بەگشتی لەعێراقیش هەبوو. هاوکات و لەگەڵ ئەمانەدا، نسکۆی عەرەب لەبەرانبەر ئیسرائیل لەساڵی (١٩٤٨)دا بارودۆخی سیاسی وڵاتانی عەرەبی نالەبارتر کرد، هەروەها مۆرکردنی پەیماننامەی (پۆرتسمۆس) لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)دا ناڕەزاییەکی جەماوەریی لەعێراق دژی ڕژێمی پاشایەتی هێنایە بوون[٢].

لەم بارودۆخەدا لەلایەن (فائز ئیسماعیل) خوێندکاری کۆلێجی ماف

١ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٣٠٤، سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٥.

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٨٢ – ٨٣.

و (وەسفی غانم) خوێندکاری خانەی باڵای مامۆستایان و (سلێمان عیسا)ی[1] شاعیرو (ئەدهەم مستەفا)و (شبلی عیسەمی) تۆوی بەعسیزم لەعێراق چێنراو گەشەی پێدرا[2].

لەلایەکی ترەوە، ئەو خوێندکارە عێراقیانەی لەسووریاو لوبنان بوون کەوتبوونە ژێر کاریگەریی (حزبی بەعس)ەوە، لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێکخستنەدا، نامیلکەو بڵاوکراوەکانی بەعسیان بۆ عێراق دەنارد، بۆ نموونە (سەعدون حەمادی) کە لەبیروت دەیخوێند، شانەیەکی حزبی لەساڵی (١٩٤٨) لەشاری (کەربەلا) پێکهێنا[3].

دەستەی (فائز ئیسماعیل)یش لەم ماوەیەدا توانیان سێ (فیرقە) لەناوچەکانی (کەرادەو ئەعزەمیەو کەرخ) بنیاتبنێن[4].

بەمجۆرەو بەیەکگرتنی هەردوو باڵەکەی ڕێکخستن، سەرەتای دروستبوون و خەملینی ئایدیۆلۆژیای بەعس لەعێراق بەرجەستەبوو، لە یەکەم هەنگاوەوە (فائیز ئیسماعیل) سەرپەرشتیکرد، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن (فائیز ئیسماعیل) لەساڵی (١٩٥٠)دا گەڕایەوە بۆ سووریا، لەبەرئەوە (عەبدولڕەحمان زامن) بووە جێگری (فائیز)، بەڵام پاش ماوەیەک و لەساڵی (١٩٥١)دا دەستی لەکارکێشایەوەو (فوئاد رکابی) کە ماوەی ساڵێک بوو پەیوەندیی بە بەعسەوە کردبوو، کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنەکان[5].

ڕێکخستنەکانی بەعس لەفراوان بووندابوون بەجۆرێک لەساڵی

١ ئەم سێ کەسە بەرەچەڵەک خەڵکی ئەسکەندەریە بوون.

٢ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث (الشيوعيون و البعثيون و ضباط الأحرار)، ت، عفيف رزاز، ط ١، بيروت، ١٩٩٢، ص٤٧ – ٤٨؛ الحزب الديموقراطي الكردستاني، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦ – ١٩٧٠)، ط١، اربيل، ص٥٧

٣ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٢٩٧؛ ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط ٢، بغداد، ١٩٨١،ص ٦٧.

٤ د. محمد مظفر الأدهمي و آخرون، التاريخ الحديث والمعاصر، ص٢٧٧.

٥ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٤٨، حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٨٣ – ٨٤.

(١٩٥٢)دا لەلایەن (سەرکردایەتی نەتەوەیی – القیادة القومیة)وە وەک باڵێکی سەربەخۆ و هەر بەناوی (حزبی بەعسی عەرەب)ەوە دانیپێدانرا، لەم کاتەدا ژمارەی ئەندامانی (٢٨٩) ئەندام بووە[١].

لێرەوە ئەم ڕێکخستنە وەک حزبێکی سیاسی و نەتەوەیی نهێنی هاتەمەیدان و باڵێک بوو لەحزبی بەعسی سووریاو بە (لقی هەرێمی عێراق) ناسرابوو، بەرپرسەکەی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی بوو.

بەشداریی بەعسییەکان لەڕاپەڕینی ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٢)، بە یەکەم چالاکی و جووڵەی حزبی بەعس لەعێراق ئەژماردەکرێت، لەم ڕاپەڕینەدا خوێندکارانی کۆلیجی دەرمانسازیی و ئاداب و ئەندازیاریی و خانەی باڵای مامۆستایان لەدژی ڕێکەوتننامەی نەوتی ساڵی (١٩٥٢) هاتنە سەرشەقامەکان و بۆ ڕاپەڕین لەدژی ئەم ڕێکەوتنە خەڵکیان هاندا، لەم ڕاپەڕینەدا بەعسیەکان بانگەوازێکی نارەزایی و هاندانی جەماوەرییان بڵاوکردەوەو ئەم ڕێکەوتنەیان بەپیلانێکی داگیرکاریی و دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەل خستە بەرچاو[٢].

ئەم خۆئاشکراکردن و هەڵوێستەی بەعس بەناوی (بەعس)ەوە نەبوو، بەڵکو لەژێر چەندین ناوی جۆراوجۆردا بوو، وەک (لاوانی عەرەب– الشباب العربي، عەرەبە سۆسیالیستەکان –الاشتراکیون العرب)[٣]، بەڵام لە (٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٥٢) لەژمارە (٣٦٢٦)ی ساڵی (١٤) یەم، لەلاپەڕە (٢)ی ڕۆژنامەی (الاخبار)ی بەغدادیدا بۆ یەکەمجار هەواڵی دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نهێنی بەناوی (حزبی بەعسی عەرەب) لەعێراق بڵاوکرایەوە[٤].

---

١ حنا بطاطو، العراق، الکتاب الثالث، ص٤٨، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٢٨٢.

٢ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة (تجربتي فی حزب البعث العراقي)، قم، ١٩٩٢، ص٩٣، د. محمد مظفر الأدهمي و آخرون، التاريخ الحديث والمعاصر، ص٢٧٧.

٣ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٨٥؛ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية، ص٨٣ – ٨٣.

٤ بڕوانە: (حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٩٥؛ ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز، ص٦٨).

حزبی بەعس لەدوای ڕاپەڕینی تشرینی دووەم تاڕادەیەک خۆی لەناو جەماوەردا ناساند، هەروەها ناکۆکی و دابەشبوونی حزبی شیوعی قۆستەوەو کاتێک بەشێک لەشیوعیەکان گیران و بواری کارکردنیان تەسککرایەوە، بارودۆخەکە بۆ جموجوولّی بەعسیەکان زیاتر لەباربوو.

یەکگرتنی هەردوو حزبی بەعسی عەرەبی و حزبی سۆسیالیستی عەرەب لەساڵی (١٩٥٣)دا، کاریگەریی دیاری لەسەر گشت لق و باڵەکانی حزب لەناوچە جیاجیاکانی نیشتمانی عەرەب هەبوو، چونکە ئەم هەنگاوە کردنەوەی دەرگایەکی تر بوو بەڕووی چەپ و سۆسیالیستەکانداو بەمەش بەشێکی تری تاکەکانی کۆمەڵیان لەخۆیان کۆکردەوە، ئەم کاریگەرییە ئەگەرچی کەمیش بووبێت لەعێراقدا ڕەنگیدایەوە[1].

لەساڵی (١٩٥٤)دا یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب – هەرێمی عێراق) بەسترا، ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە (١٨–٢٠) ئەندام بوون، لەمیانەیدا (فوئاد رکابی) وەک (ئەمیندار– امین السر) و (شەمسەدین کازم)و (فەیسەڵ حەبیب خەیزەران)و (جەعفەر قاسم حەمودی) وەک ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردران[2].

هەروەها بەبیانووی نەبوونی هەڵوێست لەسەر هێرشە سێ قۆڵیەکەی سەر (میسر) لەساڵی (١٩٥٦)دا بەعسیەکان بەشداریی ڕاپەڕینێکیان لەدژی ڕژێمی پاشایەتی کرد[3]، هەر لەم ماوەیەدا تێکەڵبوون و جەمبوونەوەی نێوان هەردوو جەماوەری بەعس و (عەبدولناسر) دروستبوو، بەتایبەتی لەموسڵ و ڕومادی و کەرخ و ئەعزەمیە، ئەم لێکنزیکبوونەوەیە زیاتربوو، لەمیانەیدا بەعس توانی بەشێک لەو جەماوەرە بۆخۆی ڕێکبخات[4].

---

١ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية (١٩٥٨ – ١٩٧٠)، لندن، ١٩٩٠، ص١٤٥.

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٨٧.

٣ د. محمد مظفر الأدهمي و آخرون، التاريخ الحديث والمعاصر، ص٢٧٧.

٤ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٦٨ – ٦٩.

لەکۆتایی شوباتی ساڵی (١٩٥٧)دا حزبی بەعس بەشداریی لە (بەرەی یەکێتی نیشتمانی)دا کرد، کە لەچوار پارتی ئۆپۆزسیۆن پێکهاتبوو: (حزبی شیوعی عێراق و حزبی ئیستقلالی عێراق و حزبی وەتەنی دیموکراتی و حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب)[١].

ماوەی ساڵانی (١٩٥٦–١٩٥٧) سەردەمی ناجێگیریی بارودۆخی عێراق بوو، لەبەرانبەردا دارودەستەی پاشایەتی لەڕێگەی هەڵمەتەکانی گرتن و بەندکردنەوە، ڕووبەڕووی ئەندام و لایەنگرانی هەر کردەیەکی نارەزایی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە[٢].

لەم ماوەیەداو لەئەنجامی پشێوی وڵات و خراپی بارودۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەری سوپا کەخۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکدا بە ناوی (ضباط الأحرار – ئەفسەرانی ئازادیخواز) کۆکردبووەوە، بیرۆکەی سازدانی کودەتای سەربازیی لەناویاندا سەریهەڵدا.

حزبی بەعس ئەگەرچی تا ئەو کاتە وەک حزبێکی نهێنی کاریدەکردو جەماوەرێکی فراوانی نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت توانی هەواڵی ئەم ڕێکخستنەو مەبەستەکانیان بزانێت و لەڕێگەی ئەو ئەفسەرە بەعسیانەی لەپێکهاتەی (ضباط الأحرار)دا هەبوون پەیوەندیی بەم پرۆژەیەوە بکات، دیارترین ئەو ئەفسەرانەش (سەرۆک ڕوکن ساڵح مەهدی عەمماش و سەرۆک ڕوکن حەسەن مستەفا نەقیب) بوون، ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییەی لەنێوان (عەبدولسەلام محەمەد عارف و فوئاد رکابی)دا هەبوو[٣]، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەفسەرە بەعسیەکان لەئاستی سەرکردایەتی

١ د. مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ط ١، إيران، ١٤١٨ هـ ص١٦٣؛ الحزب الديموقراطي الكوردستاني، موقف الأحزاب السياسية العراقية، ص٦١.

٢ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٨٤ – ٨٥.

٣ ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨،ص ١٤٦ – ١٤٧؛ د. نورى عبدالحميد العاني و آخرون، تأريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، ج١(١٤ تموز ١٩٥٨ – ٧ شباط ١٩٥٩)، بيت الحكمة – بغداد، ط١، ٢٠٠٠، ص١٢.

بزوتنەوەکە و پلانڕێژی بۆ شۆڕش پلەیەکی دیاریان نەبوو[١].

لەمیانەی ئەم پەیوەندییانەداو دواجار لەڕۆژی هەینی (١١)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) (مولازم عەلا جەنابی)، (حزبی بەعس)ی لە کاتی دیاریکراوی شۆڕش کە بەرەبەیانی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) دەبێت، ئاگادارکردەوە، نیشانەش بۆ دەستپێکردن تێپەڕبوونی لیوای (٢٠)ە بەناو شاری (بەغداد)دا، هەروەها داوای لێکردن دام و دەزگا و ئەندامانی حزب لەباری ئاگادارییی و ئامادەباشیدا بن بۆ هاوکاری و پاڵپشتی (ضباط الأحرار)[٢].

لەبەر ئەوە لەم کاتەدا (سەرکردایەتی هەرێمی – قیادة القطري) کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و خێرای بۆ دیاریکردنی هەڵوێست لەمەڕ ڕووداوەکان بەست، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا هاوکاری و پاڵپشتی ئەم کودەتایە بکرێت و بەشداریی یەکەمین حکومەتی ئەم شۆڕشە بکەن، شیاوی باسە هەروەک ئەندامانی بزوتنەوەی (ضباط الأحرار) ئاماژەی بۆ دەکەن ناوی (فوئاد رکابی) ئەمینداری بەعس لەڕیزبەندی ناوی وەزیرەکانی ئەم شۆڕشەدا پێشنیارکرابوو[٣].

لەڕۆژی دووشەممە (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)دا شۆڕش بەرپاکرا و دەرەنجام ڕژێمی پاشایەتی عێراق کۆتاییهات و (عەبدولکەریم قاسم) بووە یەکەمین سەرۆک وەزیرانی سیستمی کۆماریی وڵات، (عەقید عەبدولسەلام عارف)یش بوو بەجێگری[٤].

سەبارەت بەڕۆڵی بەعس، لەگەڵ ئەوەی بەعسیەکان مێژوویەکیان بۆ خۆیان دروستکردووەو ڕۆڵێکی دیاریان بۆ خۆیان دروستکردووە، بگرە

١ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٨٦.

٢ ليث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز، ص٢٠٣؛ د. نوري عبدالحميد العاني و آخرون، تأريخ الوزارات العراقية، ص١٢.

٣ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٠٣.

٤ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية، ص٣٥.

زۆرجار خۆیان وەک خاوەن بیرۆکەو پلانی شۆڕشەکە دەرخستووە، بەڵام لەم لایەنەدا (هانی فکیکی) کەخۆی وەک بەعسیەک لەنزیکەوە ئاگای لەڕووداوەکان بووە دەنوسێت: «ئەوەی هەندێک نووسەر ئاماژەی بۆ دەکەن لەبەشداریکردنی حزب لەم شۆڕشە لەڕووی چەک و سەربازییەوە ڕاست نییە، ئەگەرچی سەرکردایەتی بەعس زانیاری تەواوی لەبارەی ئەم شۆڕشەوە هەبوو»[1].

یەکێک لەو یۆتۆپییایانەی بەعس خەوی پێوەدەبینی بریتی بوو لەیەکگرتنی خێرای عێراق لەگەڵ (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)، پاڵپشتی و پیاهەڵدانی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز پیرۆزیەکەی لەدیدی بەعسدا لەم لایەنەوە بوو، کە شۆڕش کلیلی کردنەوەی دەرگای یەکگرتنە، لەکۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٥٨)دا بارودۆخ وای لێهات کەس گومانی لەوە نەبوو (عەبدولکەریم قاسم) خۆی داوەتە پاڵ ئاڕاستەی هەرێمگەرایی و خۆی لەبیرۆکەی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لاداوە[2]، لەبەرانبەردا شیوعیەکان لەهەوڵی ڕەخنەگرتن و دەرخستنی کەموکوڕیەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا کاریاندەکرد[3].

لێرەوەو دوابەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز بەعس ڕووبەڕووی فشارو مەترسی شیوعیەکان بووەوە، بەهێزیی شیوعیەکان و فراوانی جەماوەرەکەی بەجۆرێک کاریگەریی خستەسەر بەعسیەکان کە بواری کاری بەعس زۆر تەسکبووەوەو ڕێکخستنەکانی لاوازکرد، لەم ماوەیەداو تا کودەتای (١٩٦٣) بەعس و شیوعیەکان توانیان هەژموون بەسەر شەقام و گۆڕەپانی سیاسی بەغداد بکەن[4].

١ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٨٥.

٢ نبيل ياسين، تأريخ المحرم، ط١ ،لندن، ١٩٩٨، ص١٠٢؛ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص١٣٠.

٣ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي (مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩ – ١٩٥٨)، ج٢، دار الشؤن العامة، بغداد ، ط٣، ١٩٨٧، ص٤٥؛ كمال غمبار، إشكالية ثورة ١٤ تموز عام ١٩٥٨ في ضوء جدلية نتائجها، مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠)، ٣١ تموز ٢٠٠٠، سنة الخامسة، ص٦٣.

٤ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٨٨ – ٨٩.

بەعسیەکان، لەدوای (١٤)ی تەمموز بەتایبەتی کاتێک شیوعیەکان فشاریان خستەسەر هێزو پارتە نەتەوەییەکان، بڕیاریاندا لایەنگریی و پاڵپشتی کەسایەتی دووەمی شۆڕش بکەن، واتە (عەبدولسەلام محەمەد عارف) و لێرەوە دروشمی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەرزبکەنەوەو بانگەشەی بۆ بکەن و لەژێر سایەی عەبدولسەلام عارفدا کاری خۆیان ئەنجامبدەن[١].

ناکۆکی و ململانێی نێوان حزبی بەعس و شیوعیەکان لەبرەودابوو، بەجۆرێک چەندجار پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوویدا، هەروەها ئەم ناکۆکیانە چەند دەرەنجامێکی لێکەوتەوە کەدیارترینیان شکستهێنانی ناسیۆنالیستەکان بوو، بەتایبەتی کاتێک (عەبدولسەلام عارف) لەچوارچێوەی ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم)داو لەپلانی کوشتنی قاسمدا شکستیخوارد، لە (١٢)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٥٨)دا لەفەرماندەیی باڵای هێزە چەکدارەکان لابراو گشت پلەو پایە حکومیەکانی لێسەنرایەوە، هەروەها ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی بەعس قەدەغەکران و ئەندامان و لایەنگرانی تووشی بەندکردن و ڕاوەدونان هاتن[٢].

لەسەرەتای شۆڕشەوە قاسم جۆرێک لەئازادیی و دیموکراسی بۆ ڕێگەدان بەچالاکی پارت و ڕێکخراوەکان و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ڕاگەیاند، بەڵام بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی خۆی دەستیکرد بەچاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان حزبەکانداو لایەنگری لایەکی دەکرد لەدژی لایەکی ترو ناکۆکی و ململانێی لەناو ئەندامانی یەک حزبدا دروستدەکرد[٣].

---

١ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق (١٩١٤-١٩٩٠)، دار الثقافة، إيران-رقم، ١٩٩٠، ص٢١.

٢ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، ص٢١؛ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص١٤٢.

٣ محمد صالح ئاكرەیی، مقتل عبدالكريم قاسم، ماذا جنينا منه حتى نبكي عليه؟، مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠)، ص٤٧ – ٤٨.

دیکتاتۆریەتی قاسم و تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر ڕووندەبوەوە و چەمکی (الزعیم الأوحد) لەدروشم و ڕاگەیاندنەکاندا زیاتر تۆخکرایەوەو (ماکو زعیم إلا کریم) کە(عەبدولسەلام عارف) لەبەرانبەر (قاسم)داو لەسەرەتای شۆڕشدا دەریبڕی، کرایە دروشمێک لەسەر زمانی شیوعیەکان و جەماوەر دەوترایەوە[1].

لەئەنجامی هاتنەکایەی دیاردەو پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن (قاسم)ەوە، ململانێی نێو گۆڕەپانی سیاسی بۆ دووبەرە دابەشبوو، بەرەیەکیان بەعس و ناسیونالیستەکان بوون کە بانگەشەی یەکگرتنیان دەکرد، بەرەکەی تر شیوعیەکان و داروودەستەی حکومەت بوون کە چاویان لەیەکێی سۆڤیەت بڕیبوو، ئەم بارودۆخە زیاتر کەوتبووە ژێرکاریگەریی هەردوو بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و نمونەیەکی بچوککراوەی جەنگی سارد بوو[2].

لێرەوەو لەماوەی فەرمانڕەوایی (قاسم)دا، بەپلەی یەکەم حزبی بەعس دژایەتی (عەبدولکەریم قاسم)ی دەکرد، چونکە بە گەورەترین کۆسپ و لەمپەری بەردەم وەدیهێنانی یەکێتی عەرەب لەقەڵەمدرا[3].

لەکۆتایی ساڵی (١٩٥٨)دا ئەمینداری هەرێمی حزبی بەعس (فوئاد رکابی) بڕیاریدا لە جێگەی ئەو ئەندامە سەرکردایەتیانەی لەدەرەنجامی گیران و هەڵاتن و دەست لەکارکێشانەوە وازیان هێنابوو، بە ئەندامی نوێ ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە، لەوانە (ئەیاد سەعید سابت و مەدحەت ئیبراهیم جومعەو تاڵب شبیب) کران بەئەندامی سەرکردایەتی، تاڵب شبیب دەڵێت: لەم کاتەدا زانیمان کە (عەقید عەبدولوەهاب شەواف) خۆی بۆ

---

١ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٩٤ – ٩٥؛ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص٢٢٤ – ٢٢٦؛ د. عبدالفتاح علي بوتاني، كيف برزت ظاهرة (الزعيم الأوحد)؟ مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠)، ص٤٧ – ٤٨.

٢ نبيل ياسين، تأريخ المحرم، ص١٠٢ – ١٠٣.

٣ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية، ص١٤٧.

بەرپاکردنی شۆڕشێک لەموسڵ ئامادە دەکات، ئەفسەرە نەتەوەییەکان لەسەرویانەوە (ڕەفعەت حاجی سری و عەبدولکەریم فەرحان و نازم تەبقجلی) پاڵپشتی دەکەن[١].

ئەوەبوو لەبەرەبەیانی (٨)ی ئازاری (١٩٥٩)دا شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی (قاسم) و شیوعیەکان کڵپەیسەند، بەڵام توانرا زوو ڕووبەڕووی ببنەوەو ئەم شۆڕشە بەرەو لەناوچوون بەرن و سەرکردەکانی لەسێدارە بدەن[٢].

هەروەها خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی کەرکوک لە(١٤)ی تەمووزی (١٩٥٩) ڕوویدا و پێکدادانی کوردو تورکمانەکانی تێدا بەرجەستەبوو، ئەمەش دواجار هەڵوێستی توندڕەوانەی شیوعیەکان و کوشتن و گرتنی خەڵکی لێکەوتەوە[٣].

سەرەڕای ئەوەی (بەعس) هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەسەر ئەم ڕووداوانەو لەڕوودانیاندا نەبوو[٤]، بەڵام هەڵوێستی شیوعیەکان و قاسم بەشێوەیەکی گشتی و چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی جەماوەر کە توندوتیژترین هۆکاریان گرتبووەبەر، بۆ بانگەشەی نەتەوایەتی و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات گوڕوتینێکی تری بەحزبی بەعس بەخشی[٥]، ئەشێت هەندێک لەبەعسیەکانی موسڵ بەشدارییان هەبوبێت[٦]، بەڵام ئەم بەشدارییە وەک هەڵوێستێکی کەسی بووە نەک حزبی.

دەرەنجامی شکستی هەوڵەکانی (شەواف) وەزیرە ناسیۆنالیستەکان

١ د. علي كريم سعيد، عراق (٨) شباط ١٩٦٣ (من حوار المفاهيم الى حوار الدم)، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، ط١، دار الكنوز الأدبية، بيروت – لبنان، ١٩٩٩، ص٢٣.

٢ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص١٧٩و ما بعدها.

٣ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٢٢٣ وما بعدها؛ زكي خيري، صدى شيوعي عراقي مخضرم، بدون سنةو مكان الطبع، ٢٠٧.

٤ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٩٤.

٥ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٢٤٤؛ سمير الخليل، جمهورية الخوف (ترجمة كاملة)، قاهرة – مصر، ١٩٩١، ص٣٥٧.

٦ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٣٥٧.

لەحکومەتەکەی قاسم کشانەوە، هەروەها لەکارەساتی کەرکوکیشەوە (قاسم) هەوڵیدا سنورێک بۆ چالاکی و فراوانی شیوعیەکان دابنێت و مەودای کارکردنی تەسککردنەوە بەتایبەتی بەگرتن و بەندکردنیان[1].

دوای شکستی (شەواف) بەعسیەکان لەناوبردن و کوشتنی (عەبدولکەریم قاسم)یان کردە گرنگترین هەنگاوو خاڵی دەستپێک، بۆ ئەم مەبەستە چاودێریی (قاسم) و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان کرد، لەم پێناوەدا چەندجار هەروەک (تالب شبیب) ئاماژەی بۆ دەکات بۆسەیان بۆ تیرۆرکردنی داناوە، بەڵام ئەو پلانانە ئاکامیان نەبوو، دواجار لەئێوارەی (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩)و لەشەقامی ڕەشید لەنزیک (ڕەئس ئەلقەریە) بۆسەیەکیان دانا لەکاتێکدا کە قاسم ڕووەو بارەگای باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا دەچوو، دایانە بەر دەستڕێژی گوللە، بەڵام (قاسم) بەبرینداری ڕزگاری بوو[2].

لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥٩) دادگاییکردنی ئەو کەسانە دەستیپێکرد کە بەتۆمەتی بەشداریکردن لەبۆسەی کوشتنی (قاسم) بەندکرابوون، لەمیانەی دادگایی کردندا تاوانبارکراوەکان دانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا ناو چاونەترسانە بەرگرییان کرد، لەگەڵ ئەوەی دادگا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، بەڵام (قاسم) جێبەجێکردنەکەی دواخست تاوەکو لە(٨)ی شوباتدا بەتەواوی ڕزگاریان بوو[3].

شکستی ئەم هەوڵەی بەعسیەکان کاردانەوەی دیاری لێکەوتەوە، لەلایەک بووە هۆی ئەوەی لەکۆنگرەی چوارەم لەئابی (١٩٦٠) (فوئاد

---

١ د. رحيم عجينة، الإختيار المتجدد (ذكريات شخصية وصفحات من مسيرة حزب الشيوعي العراقي)، ط١، بيروت – لبنان، ١٩٩٨، ص٦٧ – ٦٨؛ زكي خيري، صدى شيوعي عراقي، ص٢٠٨.

٢ مذكرات العميد الركن المتقاعد جاسم كاظم العزاوي، ثورة (١٤) تموز(أسرارها، أحداثها، رجالها) حتى نهاية عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩١، ص٢٤٠، د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص١٧٧.

٣ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص١٨١.

ركابی) بگۆڕدرێت، هەروەها ئەم شكستە وایكرد (بەعس) واز لەكاری تیرۆرو بچڕبچڕ بهێنێت و پلانی بەرپاكردنی كودەتایەكی سەربازیی دەستپێبكات، كە دواتر لەكودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) ڕەنگیدایەوە[١].

**یەكەم : كودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣):**

لەدوای شكستی بەعس لەساڵی (١٩٥٩)، بەعس بۆ سازدانی كودەتایەك لەپێناو لابردنی (عەبدولكەریم قاسم) لەدەسەڵات خۆی ئامادە و ڕێكخست[٢].

شكستی هەوڵی تیرۆركردنی (قاسم) و هەوڵدانی (سەركردایەتی نەتەوەیی) بۆ سەلماندنی بێئاگایی خۆی لەم هەوڵە، هاوكات دروستبوونی دەنگی نارەزایی لەناو ڕیزەكانی ڕێكخستنی (بەعس)، بووەهۆی ئەوەی لە(٢٩)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩) سەركردایەتی هەرێمی (القیادة القطریة) هەڵوەشێنرێت و كابینەیەكی كاتی بۆ ئەم سەركردایەتییە پێكبهێنرێت كە (تاڵب شبیب) سەركردایەتی بكات، یەكەم كاری ئەم سەركردایەتییە نوێیە كاتیە بریتی بوو لەدابڕینی (فوئاد ركابی) لەحزبی بەعس[٣].

پاش ماوەیەك سەركردایەتی هەرێمی بەعس درا بە (عەلی ساڵح سەعدی) كە لەبەهاری ساڵی (١٩٦٠) گەڕایەوە بەغداد، هەرچۆن بێت عەلی ساڵح سەعدی توانی بەعس لەپەراوێزیی و پارچەپارچەییەوە كۆبكاتەوەو لەسەرەتای ساڵی (١٩٦١)دا چالاكی بەعس دەستپێكردەوە، لیژنەیەكی سەربازیی بۆ ڕێكخستنی كاروباری سەربازیی و سەرپەرشتی جەنگی ناوخۆیی پێكهێنرا[٤].

١ المصدر نفسه، ص٢٥٩.

٢ مذكرات العمید الركن المتقاعد جاسم كاظم العزاوي، ثورة (١٤) تموز (أسرارها، أحداثها، رجالها) حتى نهایة عبدالكریم قاسم، بغداد، ١٩٩١، ص٢٦٤.

٣ حسن السعید، نواطیر الغرب، ص١١١-١١٢.

٤ المصدر نفسه، ص١١٢.

لەساڵی (١٩٦١) دوو خۆپیشاندان ڕوویاندا، یەکێکیان لەلایەن شۆفێرە خاوەن ئۆتۆمبیلەکان لەدژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، دووەمیان لەلایەن کارگوزار و فەرمانبەرانی کارگەی جگەرەوە بوو، حزبی بەعس لەسازدانی ئەم خۆپیشاندانانەو هاندانی خەڵکدا بەشداری هەبوو[1].

هەروەها لەساڵی (١٩٦٢)و لەدەرەنجامی کارە دزێوەکانی (کوڕی مەهداوی) سەرۆکی دادگای گەل لە (٢٧)ی کانوونی یەکەمدا خۆپیشاندان سازدرا، ئەمە جگە لەو خۆپیشاندانەی بۆ پاڵپشتی شۆڕشی یەمەن لە (١٩٦٢/١٠/٤)دا سازدرا، لەم خۆپیشاندانانەدا بەعس ڕۆڵی خۆی بینی[2].

هەروەها جگە لەم بارودۆخە، چەند هۆکارێکی تریش لەخۆشکردنی بارودۆخ بۆ بەرپابوونی کودەتای (٨)ی شوبات ڕۆڵی هەبوو، دیکتاتۆریێتی قاسم و تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا بەجۆرێک نەک هەر ناسیۆنالیست و ناسرییەکانی کردە نەیاری خۆی، بەڵکو شیوعیەکانیشی گرتەوەو توشی چەندین هەڵمەتی گرتن و بەندکردن بوون، هاوکات باری ئابووریی وڵاتیش کە داتەپاوبوو کاریگەریی لەسەر ئەم لایەنە هەبوو.

لەدرێژەی ئامادەباشیەکانی بەعس بۆ سازدانی کودەتایەکی سەربازیی لەدژی (عەبدولکەریم قاسم)، وەک سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن لەنێوان (٥ – ٩) هەوڵ و پیلان هەبووە، بەڵام هەر یەکێکیان و لەبەر چەندین هۆکاری خۆیی و بابەتی جێبەجێ نەبووە، تادواجار لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) و لە (١٤)ی مانگی ڕەمەزاندا سەریگرت[3].

سەرەتای ئامادەباشی بەعس بۆ ئەم کودەتایە لەپێکهێنانی دەزگایەکی سەربازییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناویان لێنابوو (پاسەوانی نەتەوەیی

---

١ د.رحيم عجينة، المصدر السابق، ص٧١، زكي خيري، صدى شيوعي عراقي، ص٢٤٠.

٢ علي خيون، دبابات رمضان (قصة ثورة ١٤ رمضان ١٩٦٣ في العراق، ط ١، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٨٤.

٣ علي خيون، دبابات رمضان، ص٩٢-٩٣.

– الحرس القومي) کە لەساڵی (١٩٦٢)دا وەک باڵی سەربازیی بەعس هاتە مەیدان، دیارترین ئەندامانی ئەم دەزگایە (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو ساڵح مەهدی عەمماش و حەردان تکریتی و زیاب ئەلعەلکاوی و مونزیر ئەلوەنداوی) بوون [1].

بەعس هەوڵیدا لەڕێگەی ئەندامە سەربازەکانییەوە پەیوەندیی بەڕیزەکانی لەشکری عێراق و ئەفسەرە نەتەوەییەکان و ئەوانەش کەدژی ڕژێمی قاسم بوون بکات، تاوەکو بیانهێنێتە ناو چوارچێوەی ڕێکخستنە سەربازییەکانی خۆیەوە، بەم شێوەیە ژمارەی ئەندامانی باڵی سەربازیی بەعس تاوەکو مانگی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) لەنێوان (١٠٠ بۆ ١٢٠) ئەفسەربوو، کە پلەی سەربازییان جۆراوجۆر بوو[2]، ئەگەرچی ژمارەی ئەم ئەفسەرانە کەمبوو، بەڵام هەموویان پلەی سەربازییان بەرزبوو لەبوارە جۆربەجۆرەکانی کاری سەربازیشدا بەشدارییان هەبوو.

لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٢)دا، بەعسیەکان زۆرتر و جیدیتر دەستیانکرد بەهەوڵدان و زیاتر بایەخیان بەکەتیبەی چواری تانکەکان و هێزی ئاسمانی لەئەبوغرێب دەدا، بەتایبەتی بنکەی (حەببانیە)ی نزیک بەغداد کە (٢٠کم) لەبەغدادەوە دووربوو[3]. هەروەها هەوڵیاندا چەک و تەقەمەنی بۆ ناو شار بگوازنەوەو بەسەر خێزانی بەعسیەکاندا دابەشیبکەن[4].

لە(١٩٦٣/٢/٥)دا سەرکردایەتی هەرێمی لەماڵی (تالب شبیب) کۆبوونەوەو باسیان لەچۆنیەتی دەستپێکردن و پیلانەکانیان کرد، دوای یەک کاتژمێر لەکۆبوونەوە پیاوانی قاسم گەمارۆی ماڵی (شبیب) یان داو لەئەنجامدا (بەهادین شبیب و عیماد شبیب و کەریم شنتاق

١ حسن السعید، نواطیر الغرب، ص١٢٢، هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢١٩.
٢ حسن السعید، نواطیر الغرب، ص١٢٢.
٣ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢٢٠-٢٢١.
٤ المصدر نفسه، ص٢٢٠.

و عەلی صالح سەعدی و ئەدیبە شبیب) دەستگیرکران، بەڵام (حازم جواد) کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداریکردبوو بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەلقی بەغداوە بکات دوای کۆبوونەوەکە ڕۆشتبوو لەم بۆسەیە ڕزگاری بووبوو، هەروەها (تاڵب شبیب)یش بۆ کڕینی خواردەمەنی هاتبووە دەرەوە دەستگیرنەکرا [1].

هەرچۆن بێت تاڵب شبیب و ئەندامەکانی تر توانیان پەیوەندیی بەئەفسەرەکانەوە بکەن و دوای دابەشکردنی هێزەکان و چەسپاندنی یەکەم هەنگاوی دەستپێک و چەند کۆبوونەوەیەکی تر لەڕۆژانی (٦ و٧)ی شوبات، کاتژمێری (سفر) دیاریکرا، کە بەرەبەیانی(٨) شوبات و ڕۆژی هەینی بوو، بەپاڵپشتی سێ فڕۆکەی جەنگی کە دوانیان لەجۆری (هنتر هوکر) و ئەوی تر لەجۆری (میک)بوو بەسەرکردایەتی نەقیبی فڕۆکەوان (مونزیر تۆفیق وەنداوی) و چەند فڕۆکەوانێکی تر کودەتا دەستپێکردو یەکەم ڕاگەیاندن لەئیزگەی ئەبوغرێب لەلایەن (تاڵب شبیب و حازم جواد) پەخشکرا[2].

بەمجۆرە کودەتای ساڵی (١٩٦٣) سەریگرت و توانرا دوای چەند ڕۆژێک دەستبەسەر ڕژێمی قاسمدا بگیرێت، لەڕۆژی (١٩٦٣/٢/٢٩)دا عەبدولکەریم قاسم و چەند کەسێکی تر، دوای دادگاییکردنێکی کارتۆنی فەرمانی لەسێدارەدانیان دراو لەناوبران[3].

لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا جەماوەری قاسم و شیوعیەکان هەوڵی زۆریان خستەکار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کودەتای (١٩٦٣)، بەڵام دواجار شکستیانهێناو سەرنەکەوتن.

---

١ د.علي كريم سعيد، عراق (٨) شباط ١٩٦٣، ص.

٢ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی نەخشەو ئامادە باشیەکانی ئەم کودەتایە بڕوانە: د.علي كريم سعيد، عراق (٨) شباط ١٩٦٣؛ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢١٣؛ مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٦٠و دواتر.

٣ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢٤٧.

دوابەدوای بڵاوکردنەوەی چەند ڕاگەیاندنێک، پێکهاتەی وەزارەت و حکومەتی بەعسیەکان بەمجۆرە ئاشکرا کرا[1]:

| | |
|---|---|
| عەبدولسەلام عارف | سەرۆک کۆمار |
| ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر | سەرۆکی وەزیران |
| عەلی ساڵح سەعدی | جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری ناوخۆ |
| مقدم ساڵح مەهدی عەمماش | وەزیری بەرگری |
| تاڵب حسین شبیب | وەزیری دەرەوە |
| موقەدەم عەبدولستار عەبدوللەتیف | وەزیری گەیاندن |
| دکتۆر عیزەت مستەفا | وەزیری تەندروستی |
| مەهی دولعی | وەزیری داد |
| محمود شیخ خەتتاب | وەزیری شارەوانی |
| باباعەلی | وەزیری کشتوکاڵ |
| دکتۆر عەبدولعەزیز وتاری | وەزیری نەوت |
| دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار جواری | وەزیری پەروەردەو فێرکردن |
| ساڵح کوبە | وەزیری دارایی |
| عەبدولستار حسین | وەزیری فریاگوزاری |
| شوکری ساڵح زەکی | وەزیری بازرگانی |
| دکتۆر سەعدون حەممادی | وەزیری چاکسازی کشتوکاڵی |
| حەمید شلخاو | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی |
| دکتۆر مسارع راوی | وەزیری ئیرشاد |
| دکتۆر عەبدولکەریم ئەلعەلی | وەزیری نەخشەکێشان |
| ناجی تاڵب | وەزیری پیشەسازی |

١ یونس البحري، ثورة (١٤) رمضان المبارک (أسرار وحقائق ووثائق عن الوثیقة العراق و زوال الطغیان القاسمی...)، ط ١، دار الأندلس، ١٥ شباط ١٩٦٣، بیروت، ص٨٠-٨١.

| | |
|---|---|
| فوئاد عارف | وەزیری دەوڵەت |
| حازم جواد | وەزیری دەوڵەت |

بەم شێوازە یەکەم ئەزمونی دەسەڵاتداریی حزبی بەعس دەستیپێکرد. ئەم کودەتایە لەلایەنی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بەڕێوەچوو کە لەسەرەتاوە هەر هەمان ئەندامانی (لیژنەی ڕاویژکاریی)بوون. بیرۆکەو پلانی شۆڕشەکەیان دارشت و لە(عەلی سالح سەعدی و حازم جواد و تالب حسین شبیب و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سالح مەهدی عەمماش و عەبدولستار عەبدوللەتیف و حەردان تکریتی و مونزیر وەنداوی) پێکهاتبوو، بەڵام دواتر عەبدولسەلام عارف و تاهیر یەحیا و عەبدولکەریم نوسرەت و زیاب عەلکاوی) و دواتریش (خالد مەککی هاشمی) بۆ زیاد کرا (ئەنوەر حەدیس)یش کرایە سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش [1].

سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم کودەتایە، دەتوانرێت چەندین هۆکاری خۆیی و بابەتی دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینیە بریتییە لەوتەیەکی (عەلی سالح سەعدی) کاتێک دەڵێت: «ئێمە بە شەمەندەفەری ئەنگلۆ – ئەمریکی بەدەسەڵات گەشتین»[2].

هەروەها (محەمەد حەسەنەین هەیکەل) لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مەلیک حسەین)دا لە (١٩٦٣/٩/٢٧)داو لەڕۆژنامەی (ئەهرام)دا کە لەقاهیرە دەرچووە ئاماژە بۆ لێدوانێکی (مەلیک حسەین) دەکات و نوسیویەتی «ڕێگەم بدە پێت بڵێم ئەو ڕووداوانەی لە (٨)ی شوباتدا لەعێراق ڕوویاندا پاڵپشتی و هاوکاری دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی لەپشتیەوە بوو، ئەوانەی ئەمڕۆ فەرمانڕەوای عێراق دەکەن ئەم

١ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢٦٨.

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٢٥.

زانیاریانە نازانن، بەڵام من ئەم ڕاستیە باشدەزانم، چەندین کۆبوونەوە لەنێوان حزبی بەعس و (CIA)دا کراوە، گرنگترینیان لە(کوەیت) بوو»[1].

یەکێک لەو هاوکاریانەی (CIA) بۆ بەعس بریتی بوو لەئاشکراکردنی ناوی ئەندامانی حزبی شیوعی و بەعسیەکان لەڕوانگەی ئەمەوە هەڵیان کوتایە سەریان و لەماڵەکانیان هێناویاننەتە دەرەوەو لەناویان بردوون[2].

هەروەها (فکیکی) لەنوسینەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «لەناوەڕاستی مانگی شوباتی١٩٦٣دا لیژنەیەک لە موقەددەم محەمەد یوسف تەهاو جەعفەر قاسم حەممودی و موقەددەم عەلی عەریم پێکهات بۆ جەردکردنی کەل و پەلی شوێنی عەبدولکەریم قاسم و پۆلێنکردنی بەڵگەنامەو هاوپێچەکانی، من (هانی فەکیکی) لەگەڵ عەلی سالح سەعدی لەنوسینگەی وەزارەتی ناوخۆ بووین کاتێک جەعفەر قاسم بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردین، پێی ڕاگەیاندین کە مەلەفێکی تایبەت بە(دکتۆر ئیلیا زغیب) کە مامۆستایەکی لوبنانییە و لەزانکۆی بەغدا دەرسی دەوتەوە دۆزراوەتەوە، ئەم مامۆستایە لەسەر پشتگیریکردنی (میشیل عەفلەق) کردبوومان بەبازنەی پەیوەندی نێوان ئێمەو سەرکردایەتی نەتەوەیی لەسووریا و چەندین نامەی بۆ هێنابووین یان پێماندا ناردبوو، کاتێک سەیری ئەم مەلەفەمان کرد ڕاپۆرتێکی زۆری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و هەواڵگریی سەربازیی تێدابوو کە ئاماژە بەپەیوەندیی (زەغیب) بە(CIA) و هاوکاریکردنی لەگەڵ بەعسدا دەکات و داوا لەقاسم دەکەن دەستگیری بکەن و لەعێراق دووری بخەنەوە»[3].

لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتای (١٩٦٣) و هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسیەکان لەعێراق، (میشیل عەفلەق) لەنامەیەکی پیرۆزباییدا بۆ کودەتاچیەکان، کودەتای (٨)ی شوبات بەزادەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووز

١ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٠٠.

٢ المصدر نفسه، ص٣٠٠-٣٠١، حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٢٥-١٢٦.

٣ هاني الفككي، اوكار الهزيمة، ص٢٦٩.

ناوبرد و نوسی: «ئێمە بەسەرسامی و بەگەرمی خوازیاری بەردەوامی ئەم شۆڕشە سۆسیالیستیە عەرەبیەین، هەنووکە سەردەمی هاوکاریی و خەباتی هاوبەشی نێوان (حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب) و جەماوەری شۆڕشگێڕە لەپێناو بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی هەرسێ بنەمای یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم» [1].

لێرەوە قۆناغێکی نوێ لەژیان و مومارەسەی کاری بەعسیەکان دەستپێدەکات، بەجۆرێک ئەگەر پێشتر وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کاریاندەکرد، ئێستا چوونەتە دەسەڵات و کاتی پیادەکردنی دروشم و بنەماکانیان هاتۆتەپێش، بەڵام (تالب شبیب) دەڵێت: «بەعسیەکان کاتێک چوونە دەسەڵاتەوە هەروەک ئەو حزبە کاریاندەکرد کە ئۆپۆزسیۆن بووەو هەمان گوتارو هەڵوێست و ئەدەبیاتیان هەبوو، نەک وەک پارتێکی دەسەڵاتدار جڵەوی دەوڵەتێکی لەدەستبێت» [2].

ئەم لایەنە وایکرد ماوەی (٩) مانگ فەرمانڕەوایی (بەعس) لەعێراق ئەزمونێکی تاڵ و ترسناک لەعێراق جێبهێڵێت و گەلی عێراق تووشی قەیران و چەرمەسەری بکات، هاوکات وێنەیەکی ناشرینی بەعس بەعێراق و هەموو دونیا ببەخشێت و دەرەنجام توانای ژیانیان لەدەسەڵات بەجۆرێک کەمبکاتەوە کە لە(٩) مانگدا خۆی ببینێتەوە.

کەموکوڕیی و نەرێنییەکانی بەعس و ئەو ئایدیۆلۆژیا یۆتۆپییەی هەیبوو، هێندە ناواقیعی و نەشیاوبوو کە هەر ئەندامێکی بەعس بدوێنیت بڵێت: «دەرەنجامی لۆژیکی بریتیە لەوە حزبی بەعس هەر لەیەک لایەنەوە ناتەواوو کەموکوڕی نەبووە، بەڵکو حزب لەسەرەتاوەو لەهەموو بوارەکاندا بەم کەموکوڕیە دەستیپێکرد» [3].

---

١ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٧٢.

٢ د. علي كريم سعيد، عراق (٨) شباط ١٩٦٣، ص١٤٠-١٤٣.

٣ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٢٦٤.

لەبەرئەوە دەبینین کاتێک بەعسیەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست بەرنامەیەکیان نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات و شێوازی فەرمانڕەواییکردن، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی نەتەوەیی بە (٣) مانگ پێش کودەتا لەهەوڵی دانانی بەرنامەدا بووە، بەڵام دانەنراوە، تەنانەت (مونیف ڕەززاز) دەڵێت: «دوای ئەوەی جارێکی تر لە (١٣)ی شوبات کۆبووینەوە بەرنامەکە هەر دانەنرابوو، لەبەرئەوە (من و عەبدوڵڵا عەبدولدائم) یان دیاریکرد بۆ داڕشتنی» بەمجۆرە ئاماژە بەوە دەکات لەماوەی (٣) ڕۆژدا بەرنامەیەک داڕێژراو بردمان بۆ بەغداد، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «بڕواناکەم یەکێ لەبەعسیەکان سەیریان کردبێت» [1].

بۆیە دەبینین حکومەتی (٨)ی شوبات هیچ بەرنامەیەکی کاتیی یان چەسپاوی لەبەردەستدانەبوو، هیچ میکانیزمێکی پیادەکردنی دەسەڵاتی دیاری نەکردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر شکستی خوارد بلێت بارودۆخەکە بەهێزتربوو لەتوانای جێبەجێکردنی، بەڵکو تەنها درێژەی بەدام و دەزگا بەجێماوەکانی سەردەمی قاسمدا، یان بۆ هەر ڕووداوو گۆڕانکاریەک هەڵوێستێکی پەرچەکردارییانەو کارێکی بەپەلە دەبوە یاساو دەستوور بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، تەنها چەند گۆڕانکارییەکی لەکارمەندو ئەو فەرمانبەرانەدا کرد کە لایەنگری قاسم بوون، گۆڕانکاریی لەئەفسەرانی سوپادا کردو ئەوەی شیوعی یان لایەنگری قاسم بووبێت لابران، بەجۆرێک زیاتر لەهەزار ئەفسەر لەسوپا دەرکران [2].

لێرەوە هیچ بنەمایەک نەبوو بۆ بەدیهێنانی خەونی (سەردەمی هاوکاری و خەباتی هاوبەشی نێوان بەعس و جەماوەر)، بۆیە دواتر گشت هەوڵەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم نەک هەر شکستدەهێنن، بەڵکو دژیان دەوەستنەوەو پێچەوانەکانیان پراکتیزە دەکرێت.

---

١ حسن السعید، نواطیر الغرب، ص١٣٥.

٢ د.علی کریم سعید، عراق (٨) شباط ١٩٦٣، ص١٥٢-١٥٣.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەو سەرنجدان لەپێکهاتەو گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی سەردەمی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکان، هەوڵئەدەین لەچەند خاڵێکدا دیاترین سیماکانی ئەم بارودۆخەو هەڵوێستی بەعس لەدەسەڵاتداو لەبەرانبەر لایەنە جۆراوجۆرەکان دیاریبکەین.

### ١. بەعس و شیوعیەکان:

بەعسیەکان لەسەرەتاوە کودەتای (٨)ی شوبات یان بە (شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان) ناوزەدکردو بەرگێکی (ئایینی)یان کردەبەر[١]، ئەم کارەی بەعسیەکان دوولایەن بوو، لەلایەک هەوڵیاندا هەست و سۆزی ئایینی خەڵک بوروژێنن و بەرەو خۆیان کێشیانبکەن و خەڵکی فریوبدەن، لەلایەکی ترەوە بۆ بەرگرتن بوو لەبڵاوبوونەوەو سنووردارکردنی چالاکی شیوعیەکان، لێرەوە لەهەوڵی لێدانی شیوعیەکاندا بوون و بەناوی دین و دژی کوفر کاری توندوتیژ و نامرۆڤانەیان لەبەرانبەر شیوعیەکان پەیڕەوکرد[٢].

هاوکات لەبەیاننامەی ژمارە (١٣)دا کوشتن و بڕینی هەر شیوعیەک بەڕەوا دەبینێت، هەوڵیاندا لەم ڕێگەیەوەو بەبەکارهێنانی کوشتن و لەسێدارەدانی ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی، هەندێکیان بەبیانووی ئەوەی لەدژی شۆڕشی (٨)ی شوبات پاڵپشتی قاسمی کردووەو هەندێکی تر بەناوی کوفرو بێبڕوایی، هەروەها لەدرەنجامی گرتن و سەرکوتکردنی شیوعیەکان کە لە (٣)ی تەمموزی (١٩٦٣) لەسەربازگەی (ڕەشید) ویستیان شۆڕشێک بەرپابکەن، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەناوچوون و کوژران، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە فەرمی و لەماوەی نۆ مانگی فەرمانڕەوایی بەعسیەکان (١٤٩) شیوعی لەسێدارەدران[٣].

---

١ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٢٦.

٢ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢٧٥.

٣ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٦٩و ٢٣٨، حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٠١.

## ٢. تاککڕەوی و دیکتاتۆریەت:

دوای چوونە سەر دەسەڵات و گۆڕینی (عەلی ساڵح سەعدی) لەوەزیری (ئیرشاد)ەوە بۆ وەزیری (ناوخۆ)، بڕیاری تەسککردنەوەی سنووری ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەرکرد، ئاگاداری گشت خاوەن ڕۆژنامەکانی کردەوە سەر لەنوێ داوا بۆ مۆڵەتی ڕۆژنامەکانیان پێشکەشبکەن، دوای داواکارییەکان عەلی ساڵح سەعدی تەنها مۆڵەتی سێ ڕۆژنامەیدا کە دوانیان حکومەت و ئەوی تر (هانی فکیکی) دەریدەکرد، هەروەها (یاسین حافزو سەلاح جەدید)یش هەمان ئەو کەسانەبوون بانگەشەی ئاشکرای دیکتاتۆریەت و تاککڕەویان دەکرد[١].

ناکۆکی لەنێوان حزب و دەسەڵات دروستبوو، ئەمەش زیاتر خۆی لەدەستەی سەربازەکاندا دەبینیەوە، بەتایبەتی (پاسەوانی نەتەوەیی) کە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ کاریاندەکرد، بێ ئەوەی چاوەڕێی فەرمان و ڕاوێژکاریی حزب ببن، هەروەها جیاوازیی لەسەر یاسای باری کەسی و هەڵوێست لەبەرانبەر شیوعیەکان زیاتر دەرکەوت، تەنانەت هیچ جۆرە گوێڕایەڵیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان نەدەکرد[٢].

تەنانەت (تاڵب شبیب) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: «وتم عێراق دەستووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێوەی دەبات کە تائێستا دەزگایەکی نهێنی و ئەندامەکانی دیارنین و سەرکردەکانی حزبیش کەحزب بەڕێوەدەبەن نەناسراون، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک لەکادران داوا لەئەنجومەنی شۆڕش دەکەن یاسای نهێنی و تابەت دەربکات. هیچ نەماوە ئەوە نەبێت خێمەیەک بهێنین عێراقی پێ داپۆشین و وڵات بەیەکجارو لەهەموو لایەنەکانیەوە بکەینە نهێنی»[٣].

١ د.علی کریم سعید، عراق (٨) شباط ١٩٦٣، ص١٣٠-١٣١، یونس البحري، ثورة (١٤) رمضان المبارک، ص١١٢.

٢ هاني الفکیکي، اوکار الهزیمة، ص٢٧٥و ما بعدها، یونس البحري، ثورة (١٤) رمضان المبارک، ص١١٧، سمیر الخلیل، جمهوریة الخوف، ص١٧٠.

٣ د.علی کریم سعید، عراق (٨) شباط ١٩٦٣، ص١٢٩.

بەمجۆرە بەعسیەکان لەسەرەتاوە نەک بنەما دیموکراتیەکانیان پیادە نەکرد، بەڵکو لەڕێگەی سیخوڕو دام و دەزگا هەواڵگریی و سەربازییەکانیانەوە کەوتنە چەوساندنەوەو تۆقاندنی خەڵکی و تاماوەیەکی زۆر لەدوای کودەتاکە هاتووچوون لەنزیکی خۆرئاوابوون تا کاتی ڕۆژبوونەوە قەدەغەبوو، هاوکات هەرکەس و لایەنێک بەهەر شێوازێک نارەزایی دەربڕیبێت ئەوا ڕوبەرووی زیندان و سێدارە بۆتەوە.

**٣. بەعس و یەکگرتن:**

یەکگرتنی عەرەب لەیەک بۆتەی سیاسیدا، یەکێک بوو لەبنەماکانی حزبی بەعس، بەڵام لەمیانەی یەکەم بەیاننامەی حکومەتی بەعسیەکاندا هیچ پابەندییەک بەیەکێتی عەرەب ڕانەگەیەنرا، بەڵکو تەنها (قاسم)یان بەجوداخواز لەقەڵەمدا، تادواتر (تالب شبیب) وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند کەئامادەن هاوکاری بەدیهێنانی یەکێتی بکەن لەگەڵ هەر دەوڵەتێک کە ئامانجەکانی لەگەڵ عێراقدا هاوبەش بێت[١]، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (٨) ئازاری ساڵی (١٩٦٣)ی سوریاو هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی یەکتری، لە (١٧)ی نیسانی (١٩٦٣) پەیماننامەی یەکێتی سێ قۆڵی نێوان (میسرو عێراق و سوریا) دەستیپێکرد[٢]. بەڵام نەتوانرا بگەنە شێوازو میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەم یەکێتیەو ناکۆکی و ململانێی توندوتیژ لەمیانەی کۆبوونەوەکاندا سەریهەڵدا، تا دواجار لەئەنجامی هەوڵێکی شکستخواردوی باڵی ناسریەکان لەسوریا لە (١٨)ی تەمموزی ساڵی (١٩٦٣) بۆ ئەنجامدانی کودەتا ئەم یەکێتیە بەتەواوی لێکهەڵوەشا[٣].

دواتر هەوڵی یەکێتی نێوان (عێراق-سوریا) دەستیپێکردو لەمانگی (ئەیلول-تشرینی یەکەم)دا ڕێکەوتنێکی ئابووریی و سەربازیی واژۆکرا،

---

١ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٧٦-٢٧٧.

٢ د. سعد ناجي جواد، المسألة الكردية، ص٨٣-٨٤.

٣ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٧٨.

وەزیری بەرگری عێراقی بووە فەرماندەی گشتی سوپای یەکگرتوو کە بارەگاکەی (دیمەشق)بوو، هەروەها هێزێکی سەربازیی سوریا هاتە عێراق بۆ بەشداریی لەپرۆسەی سەرکوتکردنی بزاڤی کورد[1]. بەڵام دیارە ئەم ڕەوتە بەردەوام نەبوو، بەڵکو هەڵگەڕانەوەی (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣) بووە بنبەست بۆ ئەم هەوڵانە.

لەمیانەی هەڵسەنگاندنی بەعسیەکان بۆ شکستی ئەم هەوڵانە، هۆکاری (هەرێمچێتی) بەیەکێک لەو هۆکارانە دادەنێن و پێیانوایە ئەگەرچی لەڕوکاردا باس لەیەکبوون و یەکگرتن کراوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا تەنها مەبەستیان مسۆگەرکردنی هەرێمێک بووە نەک نەتەوەیەک بەناوی عەرەب [2].

**٤. بەعس و دروستبوونی ناکۆکی ناو حزب:**

لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی ئەفسەرەکانی نێودەسەڵات و حزب لەبرەودا بوو، هاوکات لەئەنجامی کشانەوەی (جەمال عەبدولناسر) لەپرۆژەی یەکگرتنی (١٧ی نیسانی١٩٦٣)، بووەهۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوەی جەماوەرو باڵی ناسری لەحزبی بەعس، ئەمەش کێشەو گرفتی بۆ بەعسیەکان دروستکرد، چونکە لایەنگرانی ناسر لەزۆر بواردا هاوکارو پاڵپشتێکی باشی بەعسیەکان بوون. بەڵام ئەوەی لەمپەری گەورەی بەردەم کارەکانی بەعس و دوورخستنەوەیان لەدەسەڵات بوو، سەرهەڵدان و تەقینەوەی ململانێی دەستەگەریی و ناکۆکی ناوخۆی حزب بوو، ئەم ململانێیە لەسێ ئاڕاستە (یاخود سێ باڵ پێکهاتبوو)؛ باڵی ڕاستڕەوەکان کە (تالب شبیب) سەرپەرشتیدەکرد، هەریەک لە (حازم جواد و حەردان تکریتی و تاهیر یەحیا و عەبدولستار عەبدوللەتیف) لایەنگری بوون، ئەمانە پێیانوابوو پێویستە بەعس هاوکاری لەگەڵ ئەو

١ المصدر نفسه، ص٢٧٨-٢٧٩.

٢ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٢٥٦-٢٥٧؛ زكي خيري، صدى شيوعي عراقي مخضرم، ص١٩٠؛ هاني الفكيكي، اوكار الهزيمة، ص٢٨٨و ما بعدها.

ڕەگەزە نابەعسیانەشدا بکات کە لەسوپادا بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی سەربازگەراکان نەتوانن بەتەواوی بەسەر سوپادا زاڵببن، هەروەها پێیانوابوو پرەنسیپە ڕادیکاڵەکان و پیادەکردنیان بەتایبەتی سۆسیالیزم دوابخرێت، تا کاتی گونجاوی بۆ دەڕەخسێت.

باڵی چەپڕەو کە (عەلی ساڵح سەعدی) سەرپەرشتیدەکردو (موحسین شێخ ڕازی و حەمدی عەبدولمەجید و هانی فکیکی و ئەبوتاڵب هاشمی و حەمید خەڵخاڵ) لایەنگری بوون، جەختیان لەسەر پراکتیزەکردنی سۆسیالیزم دەکرد بەبیانووی ئەوەی پاڵپشتی و لایەنگری جەماوەرو نەوەی نوێ مسۆگەربکەن، هەروەها بەچاوی گومانەوە سەیری ئەفسەرە نەتەوەییەکانی ناو سوپایان دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی هاوکاری سیستمی بەعسی دەسەڵاتداریان کردووە.

لەگەڵ ئەم دووباڵەدا (ئەحمەد حەسن ئەلبەکرو ساڵح مەهدی عەمماش) زیاتر تێڕوانینێکی عەسکەرتاریانەو خۆیان جیابینیوە لەهەردوو باڵەکەی تر[١].

ئەم دەستەگەریە بەجۆرێک پەرەیسەند کە ناکۆکی نێوان عەلی ساڵح سەعدی و تاڵب شبیب و حازم جواد لەسەر دەسەڵات دروستبوو، دواجار حازم جوادو تاڵب شبیب دەستیان لەکارکێشایەوە، بەڵام لەئەنجامی داوای لایەنگرەکانیان پەشیمان بوونەوە[٢].

ئەم ناکۆکیە لەکۆنگرەی هەرێمی (١٣ی ئەیلولی١٩٦٣) باسکراو (عەفلەق) لەم کۆنگرەیەدا ئامادەبوو، دواجار بەیەک دەنگ جەخت لەسەر بنەماکانی حزب کرایەوە، عەفلەق لەڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیەوە توانی لەبەرژەوەندی ڕاستڕەوەکان ناکۆکیەکە یەکلابکاتەوە و (عەلی ساڵح سەعدی) دەسەڵاتی لەوەزارەت لەدەستدا، بەڵام (سەعدی)

١ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٤٠-١٤٢.

٢ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٨٢.

توانی لەکۆنگرەی نەتەوەیی شەشەم لایەنگر بۆ ڕێبازەکەی زۆر بکات و (تاڵب شبیب و حازم جواد) لەسەرکردایەتی نەتەوەیی دووربخاتەوە[1].

بەمجۆرە بەعس تووشی یەکێک لەهەرە کێشە دژوارەکان هاتبوو کە ململانێ و ناکۆکی ناوخۆییە و ئەم لایەنە پاشان لەسەر شکستی (١٨ی تشرینی دووەم) کاریگەریی زۆر بوو.

### ٥. بەعس و کێشەی کورد:

بەعسیەکان لەپێش کودەتای (٨)ی شوبات و لەکاتی زەمینەسازییەکانیاندا لەهەوڵی مسۆگەرکردنی پاڵپشتی کورددا بوون، هاوکات کوردیش نیشانەکانی لاوازی سیستمی قاسم و دوا هەناسەکانیان بۆ ڕونبوەوە، لەهەوڵی ئەوەدابوون پێشوەخت پەیوەندیی بکەن بەو کەسانەی جڵەوی دەسەڵات لەدەستدەگرن و باسی پرسی کوردیان لەگەڵدا بکەن تاوەکو لەپاشاندا ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ چارەسەری کێشەکەیان، لەم ناوەندەدا پەیوەندیی لە نێوان (ئیبراهیم ئەحمەد) و (تاهیر یەحیا)دا دروستبوو[2]. هەروەها (پارتی دیموکراتی کوردستان) دوو ئەندامی لیژنە مەرکەزی کە لە (ساڵح یوسفی و شەوکەت عەقراوی) پێکهاتبوو نارد بۆ بەغدا، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی ئیستیقلال کۆبووەوە، یوسفی لەڕێگەی (فوئاد عارف)ەوە توانی (عەلی ساڵح سەعدی) سکرتێری حزبی بەعس ببینێت و (سەعدی)ش بۆ هەمان مەبەستی مسۆگەرکردنی پاڵپشتی کورد هەوڵیدەدا[3].

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەعسیەکان لەم چاوپێکەوتن و دانیشتنانەدا هیچ جۆرە دانپێدانانێکی فەرمی و بەڵگەنامەییان مۆرنەکردووەو ئامادە نەبوون مۆری بکەن، چونکە هەمیشە بەچاوی گومان و دوو دڵییەوە

١ د.مجيد الخدوري، العراق الجمهوري، ص٢٨٢-٢٨٣.

٢ د. سعد ناجي جواد، المسألة الكردية، ص٧٥-٧٦.

٣ المصدر نفسه، ص٧٦-٧٧.

سەیری کێشەی کوردیان کردووە، بۆیە دەبینین یەکێکی وەک (عەلی ساڵح سەعدی) لەدوای کودەتای (٨)ی شوبات نەک هەر ئامادە نییە باسی مافەکانی کورد بکات، بەڵکو نکوڵی بوونی هەر پەیوەندییەکی خۆی یان بەعس لەپێش ئەنجامدانی کودەتاکە بەکوردەوە دەکات[١].

تەنانەت لەکاتی بڵاوبونەوەی یەکەم بەیاننامەی بەعسیەکاندا لەدەستپێکی کودەتاکە هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بۆ کورد یاخود چارەسەری کێشەکەی تێدا نەبوو، تەنها کاتی پێکهێنانی حکومەت دوو کورد پایەی وەزیریان پێدرا ئەوانیش (فوئاد عارف و شێخ بابا عەلی) بوون[٢].

هەروەها لەدوای کودەتاکە سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی کورد کە (جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی) بوون سەردانی بەغدادیان کرد بۆ باسکردنی ئۆتۆنۆمی و شێواز و میکانیزمی جێبەجێکردنی، بەعسیەکان بیانووی جۆراوجۆریان دروستدەکرد بۆ لەمپەرخستنە بەردەم پرۆسەکە، وەک ئەوەی پێویستە ئەم کێشەیە لەناو کۆبوونەوەیەکی فراوان و زۆرتر باسی لێوە بکرێت، یان دەیانویست (جەمال عەبدولناسر)یش ئاگاداربکەن، هەر لەبەرئەوە بوو داوایان لە(جەلال تاڵەبانی) کرد بەشداریی نوێنەرایەتی عێراق بکات بۆ سەردانی (عەبدولناسر)، بەڵام لەکاتی کۆبوونەوەی نوێنەران لەگەل (ناسر)دا بەشێوەیەکی سەرەکی و فەرمی باسی کێشەی کورد نەکرا [٣].

لەماوەی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکاندا هیچ هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەر بەرانبەر کورد دیاری نەکرابوو، کورد لەوە تێگەیشت بەعسیەکان لەسستمەکانی پێش خۆیان شتێکی زیاتریان نییە، لێرەوە کێشەی کورد وەک مەترسیەکی گەورە و کاریگەر لەسەر بەعس مایەوە کە هەندێک

---

١ المصدر نفسه، ص٧٧.

٢ يونس البحري، ثورة (١٤) رمضان المبارك، ص٨٠-٨١، حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣١٨.

٣ د. سعد ناجي جواد، المسألة الكردية، ص٧٨و ما بعدها.

لەبەعسیەکان بەهۆکارێکی گرنگی شکستی دەسەلاتی لەقەلەمدەدەن[1].

لەگەڵ ئەم دیاردانەدا، کەم تەمەنی و لاوازی بەعسیەکان لەشێوازو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەلات و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی حزب و زاڵکردنی بەجۆرێک هەموو بەرژەوەندییەکانی خاک و گەلی عێراق لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی حزبی بەعسدا دەسوڕێتەوە، هەروەها لەئەنجامی جیاوازی واقیع لەگەڵ لۆژیکی ئامانجەکان نەیانتوانی ئامانج و دروشمەکانی حزب جێبەجێ بکەن، ئەوانە هۆکارو فاکتەر بوون کە هەلومەرجی لەباری هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) بەهاوکاری هەندێک لەئەفسەرانی سوپا و هەندێک ئەندامی بەعس، بەعسیەکان لەدەسەلات دووربخاتەوەو لە (١٨)ی تشرینی دووەم)دا کۆتایی بە تەمەنی (٩) مانگی یەکەم دەسەلاتی بەعسیەکان بهێنێت.

**دووەم : کودەتای (١٧- ٣٠) ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨:**

دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف لە (١٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣) بەشێوەیەکی گشتی بەعسیەکانی لەبازنەی دەسەلات کردە دەرەوە، بەهاوکاری و هاوپەیمانێتی سەربازی لەگەڵ عارفیەکان و ناسریەکان و چەند ڕەگەزێکی بەعسی حوکمەتی نوێی پێکهێنا[2].

(عەبدولسەلام) بۆئەوەی پاڵپشتی و پشتگیریی بۆ جەماوەرەکەی مسۆگەربکات، جولانەوەکەی وەک چاکسازیی ناساند، بەوە گوزارشتی لێکرد کە ئەم پارتە دژی هیچ پارت و ڕێکخراوێکی دیاریکراو نییە، تەنها دژی ڕەگەزە توندوتیژ و پەڕگیرەکانە، بەتایبەتی (پاسەوانی کۆماریی)[3].

بەمجۆرە (عەبدولسەلام عارف) لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەسەلاتی خۆی مسۆگەرکرد و

---

١ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٢٤٠، حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٣٧.

٢ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٤١ .

٣ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص١٦٧ .

حکومەتێکی هاوبەشی لەنوێنەرایەتی ناسریەکان و کورد و بێلایەنەکان و چەند کەسانێکی بەعسی (ئەحمەد حەسەن بەکر) و (سالّح مەهدی عەمماش) پێکهێنا[١].

بەشێوەیەکی گشتی ماوەی دەسەلاتداریتی (عەبدولسەلام عارف) لە (١٨) تشرینی دووەمی (١٩٦٣) تاوەکو (١٣ نیسانی ١٩٦٦) زیاتر سەقامگیریی سیاسی دەبینرێت لەسەردەمی (عەبدولڕەحمان عارف) کە دوای مردنی براکەی بووە دەسەلاتداری عێراق.

سەردەمی دەسەلاتداریتی (عەبدولڕەحمان عارف) بە جۆرێک باسدەکرێت کە پشێوی و ناجێگیریی سیاسی هاتە ولاتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە لاوازی کەسێتی (عەبدولڕەحمان) بوو، هەروەها ماوەی پێکهێنانی وەزارەتەکان کورت و کەم تەمەن بوون و (عەبدولڕەحمان) زۆرتر لەهەوڵی نزیککردنەوەی خزمەکانیدا بوو[٢].

ئەم هۆکارانە و چەندانی تر بوونە هۆی ئەوەی دەسەلات لەلایەن خەڵکی بە بێزراو و خراپ سەیربکرێت[٣]، خەڵکیش کەمتر بایەخیان بە گۆڕانکارییەکانی ناو دەسەلات دەدا، لەبەرئەوە دواتر لەکاتی بەرپابوونی کودەتای (١٧-٣٠)ی تەمموزی (١٩٦٨) جەماوەر هەڵوێستێکی دیار و بایەخدار دەرنابڕن. سەبارەت بەبارودۆخی (بەعس) لەماوەی سالانی (١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣)ەوە تاکو کودەتای (١٧-٣٠) تەمموز، بەبارودۆخێکی زۆرناهەموار و نالەباردا گوزەریانکرد، بە جۆرێک (ئیلیاس فەرەح) بەقۆناغی شکستەکانی ناودەبات، چونکە هەردوو دەسەلاتی بە دەستهاتوو (عێراق و سوریا)یان لەدەستچوو، هەروەها شکستی حوزەیرانی (١٩٦٧)ی عەرەب لە بەرانبەر ئیسرائیل و بێ هیوابوونی لەپرۆژەی (یەکگرتنی سێقۆڵی نێوان عێراق و سوریا و کۆماری عەرەبی

١ حنا بطاطو، العراق، الکتاب الثالث، ص٣٤١-٣٤٨ .

٢ م . ن، ص٣٧٧ -٣٨٠

٣ حنا بطاطو، العراق، الکتاب الثالث، ص٣٨١.

یەکگرتوو)، هەروەها لەسەر ئاستی بارودۆخی ناوخۆی حزبیش، ململانێ و ناکۆکی بەهێز سەریهەڵدا، بەجۆرێک کۆنگرەی نەتەوەیی حەوتی شوباتی (١٩٦٤) لەئەنجامی ئەو شپرزەیی و ناکۆکیەی لەسەر کێبڕکێی دەسەڵات سەریهەڵدا، نەیتوانی هیچ پاساو و خوێندنەوەیەک بۆ شکستی دەسەڵاتیان لە عێراق بکەن[١].

ئەم ڕاستییە لەکۆنگرەی (هەشتەمی هەرێمی)دا زیاتر ڕوونکراوەتەوە و نوسراوە «دوای هەردوو شکستی (١٨)ی تشرینی دووەمی (١٩٦٣)ی عێراق و (٢٣)ی شوباتی (١٩٦٦)ی سوریا، کەرتبوون و دابەشبوونێکی ترسناک لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دروستبوو، بووەهۆی وروژاندنی ئاژاوە و ململانێی ڕێکخستن و فیکریی و بارێکی پڕمەترسی هێنایە ئاراوە» ئەم کاریگەرییە لەسەر لقی هەرێمی عێراق زیاتربوو[٢].

هەروەها ململانێی هەردوو باڵی چەپڕەو و ڕاسترەوی بەعس بەجۆرێک پەرەیسەند، لە(٢٤)ی شوباتی (١٩٦٤)دا و دوای کۆنگرەی حەوتەمی نەتەوەیی، سەرکردایەتی نەتەوەیی بڕیاری لابردنی دەستەی (عەلی ساڵح سەعدی) لەسەرکردایەتی هەرێمی حزب دەرکرد[٣].

بەمشێوە حزبی بەعس دووچاری چەندین گرفت و کێشەی مەترسیداربوو، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی حزب، بەعسی توشی قەیران و وەستان کرد[٤].

بەعس خۆی لەدوڕیانێکدا بینییەوە کە پێویستبوو لایەکیان هەڵبژێرێت، یان لەباربردنی بیرۆکەی لەدەستگرتنی دەسەڵات و دانانی پرۆژەیەک بۆ خەباتکردن بۆ قۆناغێکی درێژخایەن و گریمانەی تێپەڕبونی سەرلەنوێ

١ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٢٢٩ .

٢ التقرير السياسي الصادر عن مؤتمر القطري الثامن الحزب البعث العربي الإشتراكي – القطر العراقي، ثورة ١٧ تموز التجربة والافاق، كانون الثاني ١٩٧٤، ص٩-١٠ .

٣ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، الجزء الأول، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق، بدون سنة الطبع، ص٣٨٢.

٤ بڕوانە (المؤتمر القطري الثامن، ص١٠-١٤).

بەقۆناغی دامەزراندن، یان گەڕان بەدوای میکانیزمی نوێ بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕیی و لەدەستگرتنەوەی جڵەوی دەسەڵات[1]، ئەوەبوو بەعسی عێراق ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد. سەبارەت بەهۆکاری هەڵبژاردنی ڕێگەی دووەم و پشتبەستن بەکاری سەربازیی و کودەتا بۆ چونە ناو دەسەڵات، ئەتوانین چەند هۆکارێک دیاریبکەین:

١- لاوازی متمانەی بەعس بەپاڵپشتیکردنی جەماوەر بۆ شۆڕشێکی جەماوەریی کەبەعسی قبووڵ بێت و دژ بەدەسەڵات بێت، بگرە جەماوەر توشی بێزارییەک هاتبوو لەچاودێریکردنی گۆڕانکارییە سیاسی و حکومەتیەکان، چونکە چەندین وەزارەت و دەسەڵاتی جۆراوجۆری عێراق لەمیانەی دەسەڵاتداریاندا نەیانتوانیوە شتێکی نوێ و خزمەت بەخەڵک بکەن، خەڵکیش دواجار بەخۆیان و گوزەرانی ڕۆژانەوە سەرقاڵبوون[2].

٢- ئەزمونی یەکەمی بەعس لەدەسەڵات لە (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) تا (١٨)ی تشرینی دووەم و بەیانی ژمارە (١٣)ی دژ بەشیوعیەکان و هەڵوێست و کردارەکانی پاسەوانی نەتەوەیی –الحرس القومي– مێژویەکی پڕ ڕق و کینەی لەلای خەڵک دروستکرد کە هەمیشە ترسێکیان لەبەعس هەبێت.

بەعس کەوتە هەوڵی خۆسازدان و قۆستنەوەی بارودۆخی نالەبار و لاوازی حکومەت لەڕووی سیاسی و ئابووریی بۆ سازدانی کودەتایەکی سەربازیی تا لەمیانەیدا سەر لەنوێ بکەوێتەوە پراکتیزەکردنی بیرو ئایدیای بەعسیزم.

کودەتای (٧٠-٣٠) تەممووزی (١٩٦٨) کە دواجار بووە ئەو کەشتیەی بەعسیەکانی بۆ دەسەڵات پەڕاندەوە، کودەتایەک نەبوو بەعسیەکان

١ المصدر نفسه، ص١٦-١٧

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٣٨١، شمران المعجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، دار الحكمة – لندن، ط١، ٢٠٠٠، ص٦٠

وەک تەنها پارت و هێزێکی سیاسی ئەوکاتی عێراق بەرپاییکەن، بەڵکو ئەم کودەتایە بەرهەمی ململانێی سیاسی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و دەسەڵاتی عارفی بوو هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. لەگەڵ ئەوەی جۆرێک جیاوازیی و تێکەڵی هەیە لەچۆنیەتی دەستپێکردن و نەخشەکێشانی ئەم کودەتایە، بەشێوەیەک بەعسیەکان خۆیان بەدارێژەر و بکەری سەرەکی کودەتای (١٧)ی تەمموز دەزانن و بەشداریکردنی هەریەک لە (عبدولڕەزاق نایيف) و (ئیبراهیم داود) وەک تاکتیکێکی حزب باسدەکەن، دواتر لە(٣٠) تەممووزدا بژاردەکرێن و لەناودەبرێن[١].

هاوکات دەستەی (عبدلڕەزاق نایف) باس لەوە دەکەن (نایف و ئیبراهیم داود و سەعدون غەیدان) پاڵپشتی جوڵێنەری (١٧)ی تەمموز بوون، بەتایبەتی (ئیبراهیم داود) سەرکردەی هێزەکانی (پاسەوانی کۆماریی) بوو، کودەتایەکی لەو جۆرەش بێ پاڵپشتی پاسەوانی کۆماریی کارێکی دژوار و سەخت بوو[٢].

هەرچۆن بێت پێش دەستپێکردنی کودەتای (١٧)ی تەممووزی (١٩٦٨)، هەردوو دەستەی(نایف-داود)و (بکر-عماش) ئاگاداری یەکتری بوون و خواستێک هەبووە بۆ هاوکاری و یەکگرتن لەبەرانبەر مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا، ئەوەی بەعسیەکان ئاماژەی بۆ دەکەن بریتیە لەوە بەعس نەیستووە (نایيف) ئاگاداری چۆنێتی و کاتی کودەتاکە بێت، بەڵام بۆ (ئیبراهیم داود) لەبەرئەوەی سەرکردەی پاسەوانی کۆماری بوو کارەکەی ئاسانتر دەکرد، بەعس هەوڵیدا هاوکاری و پەیوەندیی لەگەڵ بکات[٣].

١ المؤتمر القطري الثامن لحزب البعث -العراق، ص٢٤و ما بعدها؛ سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ج ٥ ٣/١٧ تموز ١٩٦٨-١٩٧٩/٧٨، دارا المرصاد – بيروت، ص١٣-١٥

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٣٦١ -٣٦٢

٣ شمران المعجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ص٥٧-٥٩؛ المؤتمر القطري الثامن، ص٢١.

سەرکردایەتی بەعسی عێراقی لەبەرە بەیانی (١٦)ی تەمموزی (١٩٦٨) دا لەماڵی (ئەحمەد حەسەن بەکر) بۆ دانانی دوا نەخشەی کودەتای(١٧) ی تەمموز و دابەشکردنی ئەرک و لێپرسراوێتیەکانی کودەتا کۆبونەوە، لەم کاتەدا (نایف) نامەیەکی نارد بۆ بەعسیەکان کەتیایدا ئامادەیی خۆی بۆ بەشداریکردنی کودەتا خستبووەڕوو، (نایف) کاتی ئەم کۆبونەوەیە و وردەکاریەکانی لە (ئیبراهیم داود)ەوە پێگەیشتبوو، بۆیە بەعسیەکان بەناچاری و بۆ ئاشکرانەبوونی کارەکانیان ملیان بۆ داواکاریەکانی (نایف) کەچکردو بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاریانکرد[١].

لێرەوە بەپێی پلانە داڕێژراوەکانی بەعس و بەهاوکاری دەستەی سەربازیی (نایف-داود) لەکاتژمێری (٣)ی بەرەبەیانی (١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)دا کودەتا دەستپێکرد، حوکمەتەکەی (عەبدولڕەحمان عارف) شکستیخوارد، بەمەش جارێکی تر بەعس دەسەڵاتی وەرگرتەوە. دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، لەکۆی (٢٦) کورسی (٨) کورسی بۆ بەعسیەکان و (٨)ی بۆ سەربازەکان کەبە (کۆمەڵەی ئەفسەرانی کۆشک) ناودەبران، هەروەها دوان بۆ (ئەفسەرانی ئازادیخواز) و سێ کورسیش بۆ پارێزکارەکان و چوار کورسی بۆ کورد و یەک کورسیش بۆ ئیخوان مسلمین[٢].

بەشداریکردنی (نایف) لەکودەتا و دواتر دانانی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، گۆڕانکارییەک بوو بەشێکی بەعسیەکانی سەرسامکرد و هەستی نارەزایی تێدا دروستکردن[٣]، هاوکات بڕیاری پێشینەی بەعسیەکان هەر لەدوای (١٧)ی تەمموز بریتی بوو لەڕزگاربوون لەدەستەی (نایف-داود)و دورخستنەوەیان لەدەسەڵات، چونکە بەعس

١ سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية، ص١٤؛ شمران المعجلي، الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، ص٥٨ .

٢ بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی وردەکاریەکانی چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەم کودەتایە بڕوانە: حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٤٨و ما بعدها؛ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٨٩و بعدها .

٣ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٥٨.

هەمیشە لەدەسەلاتدا تیۆری تاکڕەویی و تاک حزبی هەبووە، لەبەرئەوە لە (٣٠) تەمووزی (١٩٦٨)دا دوای دانانی نەخشەیەکی داڕێژراو، لەڕێگەی لیژنەیەکی دیاریکراوی بەعسیەکان بەسەرکردایەتی (سەددام حسێن)، (نایف)و لایەنگرانی لەدەسەلات دوورخرانەوە و لەهەمان ڕۆژ بەیانی سەرکردایەتی شۆڕش کەلەلایەن (سەددام) داڕێژرابوو بەدەنگی (ئەحمەد حەسەن بەکر) خوێندرایەوە، تیایدا (ئەحمەد حەسەن بەکر) بەسەرۆک کۆمار و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕاگەیەنراو (نایف) و لایەنگرانی بەلەمپەر و دوژمنی حزبی بەعس و عێراق لەقەڵەمدران [١].

بەعسیەکان هەوڵیاندا لەسەرەتاوە پێناسێکی حزبی بۆ کودەتای (٣٠) ی تەمموز نەنوێنن، بەجۆرێک ڕۆژنامەی (الجمهورية) هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ حزبی بەعس تێدا نییە، کودەتاکەش بەشۆڕشێکی عەرەبی دەناسێنێت بۆ گەلی عێراق، هەروەها بەردەوام جەختیان لەسەر دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانی یەکەمین ئەزمونی دەسەلاتداریێتی (١٩٦٣) دەکردەوە، ئەم هەولانەیان لەسەرەتاوە سەرنجی ڕۆژنامەنوس و سیاسیەکانی ڕاکێشا [٢].

هەروەها زیاتر لەهەوڵی بەنهێنی هێشتنەوەی حزب و سەرکردەکانی شۆڕش و حزبدابوون [٣]، ئەمەش بۆ ئەوەی پرسیاری لەسەر دروستنەبێت، بیانوی پاراستنی شۆڕش لەدوژمنان و کودەتاچیانی بۆ دەهێنرایەوە، لەهەمان کاتدا سروشتی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی هەرێمی و دەسەلات فۆرمێکی دیاریکراوی نەبوو، زۆر داکۆکی لەجیاکاریی نێوان ئەم دوو لایەنەدەکرا [٤].

١ د. أمير أسكندر، صدام حسين مناضلا ومفكرا وانسانا، ١٩٨٠، ص١١١و مابعدها؛ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٦٥-٤٦٦

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٤٦٦-٤٦٧ .

٣ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، ص٣٤ .

٤ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٨٦.

ئەو جیاووکانەی بەعسیەکانی (١٩٦٨)ی پێ جیادەکرێتەوە، زیاتر لەوەدا دەبینرێت، کە سەرکردایەتیەکی نوێ پێکهاتبوو لەمەیدانی کێبڕکێ و ململانێ زۆر بەتوانابوو، لەمیانەیدا هەڵوێست و کردارەکانی زۆر توندوتیژ بوو، سەرەڕای ئەوەی لەسەر گەیشتن بەدەسەڵات و قۆرخکردنی و مانەوە تیایدا زۆرمکوڕبوو[١].

لەم پێناوەدا دەستیکرد بەسەرکوتکردنی هێزە نەیار و ئۆپۆزسیۆنەکان، هاوکات هەوڵی بەهێزکردنی حزبی دەدا بەجۆرێک بتوانێت هەژموون بەسەر گشت دام و دەزگاکانی دەوڵەت بکات. لەلایەکی ترەوە لەهەوڵی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی ململانێ و ناکۆکیە ناوخۆییەکاندا بوو، دواجار بەزاڵبوونی باڵی مەدەنیەکان بەسەر سوپادا کۆتاییهات، کە بوەهۆی ئەوەی تاڕادەیەک بتوانن بەر بەو نەخشە و پلانە سەربازیانە بگرن کەبەمەبەستی گۆڕینی دەسەڵات ئەنجامدەدرا، لێرەوە ماوەی دووەم فەرمانڕەوایی بەعسیەکان جۆرێک لەئارامی و چەسپاوی بەخۆوەگرت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بریتیە لەوەی بەعس لەگشت هەنگاوێکیدا ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و کارەکانی توندوتیژترین میکانیزم بەکاربهێنێت، هەروەها هەوڵیدا زۆرتر گەلی عێراق فێری ئەوە بکات تەنها لەگەڵ یەک حزبی سەرکردە (حزب القائد)دا مامەڵەبکات و لەم پێناوەدا لەسەرەتاوە لەڕێگەی (بەرەی پێشکەوتوخواز)ەوە کۆمەڵێک لەپارتە چەپ و نەتەوەییەکانی ئەو کاتی لەخۆی کۆکردەوەو جەماوەرێکی بۆخۆی مسۆگەرکرد[٢].

یەکێکی تر لەگرفتەکانی بەردەم دەسەڵاتی بەعسیەکان بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتیان کێشەی کوردبوو، تەنانەت بەیەکێک لەهۆکاری شکستی (١٩٦٣)ی لەقەڵەمدەدەن، بەڵام لەدووەم ئەزمونی دەسەڵاتداریدا

١ د. عبدالوهاب حمید رشید، العراق المعاصر، دار المدى، سوريا، ٢٠٠٢، ص١٦٥-١٦٦.

٢ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٣٥٤؛ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٨٧-٣٨٨.

سەرەتا لەڕێگەی بەیانی ئازاری (١٩٧٠)و ئەو دەستورە کاتیەی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لێدرا، هەندێک لەمافە نەتەوەییەکانی بۆ کورد تێدا دابینکراوە، بەڵام زیاتر ئەم بڕیارانە هەر لەتیۆر و دووتوێی نوسینەکاندا مایەوە، بگرە کەوتنە لێدان و لەناوبردنی کورد لەعێراق.

هەر لەمیانەی بەهێزکردنی پێگەی جەماوەریی لەلایەن بەعسیەکانەوە، هەوڵیاندا زۆربەی کادیر و ئەندامە چالاکەکانی حزب، بچنە ناو ڕیزەکانی سوپاو دوای مەشقکردن، پلە و پایەی جۆراو جۆریان پێدەبەخشین، ئەم کارەش ئەوەندەی ترس بوو لەسوپا، بەهەمان ئەندازە هەوڵێک بوو بۆ بونیاتنانی سوپایەکی بەعسی، تاکو لەمیانەیدا و لەداهاتوو کارەکانی بەهێز جێبەجێبکات، لەگەڵ ئەم کارانەدا لەڕێگەی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی و هەوڵی دیاریکردنی نرخی بازاڕ و کرێی کرێکار ...هتد، تاڕادەیەک لەنێو کرێکار و جوتیاراندا جێی خۆیان کردەوە[١].

بەم شێوازەو تا ئەو ساتەی (سەددام حسێن) جڵەوی دەسەڵاتی پاوانکرد، بەعس هەوڵدەدات هەژموونی لەگشت بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و لە چوارچێوەی حکومەتی عیراقدا بچەسپێنێت.

یەکلابوونەوەی لوتکەی دەسەڵاتداریێتی حزب و دەوڵەت بۆ (سەددام)، خاڵێکی وەرچەرخانی ترە لەمێژووی عێراقی هاوچەرخدا، چونکە تا ئەم ساتە ئەگەر دەزگایەکی نهێنی یان حزبی سەرکردە فەرمانڕەوایی دەکرد، ئەوا لەم خاڵەوە فۆرمی دەسەڵات دەگۆڕێت و گشت دەسەڵاتەکان و گشت بڕیارەکان لەتەنها کەسێکدا کۆدەبێتەوە و چارەنوسی داهاتوی وڵاتێکی چەند ملیۆنی دەکەوێتە دەست تەنها کەسێک، ئەم دەزانێت چی بۆ گەل و وڵات باشە تا بڕیاری لێبدات، لەبەرئەوە پێویستە هەربڕیارێک لەسەرۆکی فەرماندەوە دەربچێت گەل پشگیری لێبکات و بیرۆکەی هەرکاتێک (سەددام ووتی، ئەوە گەلی عێراق دەڵێت) دەستپێکرا.

١ حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٤٠٩-٤١٠

سەرەتای دەرکەوتنی (سەددام) لەنێوەندی سیاسی عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵە تیرۆریستانەیەی لەساڵی (١٩٥٩)دا بۆ (عەبدولکەریم قاسم) درا، کە لەمیانەیدا (سەددام) بریندار دەبێت و پاشان دەچێتە سوریا، لێرەوە تا کودەتای (١٧-٣٠)ی تەمووزی (١٩٦٨)و دووەم دەسەڵاتدارێتی بەعس لەعێراق، ڕۆڵێکی دیار و وەک سەرکردەیەکی مەیدانی یان سەربازیی یان وەک کادرێکی چالاکی حزب نابینرێت و ناوی نییە، بەڵکو (سەددام) زیاتر لەکاتی چالاکی (٣٠) تەمموزەوە دێتە ناو ڕوداوەکان و دەبێتە لێپرسراو و سەرپەرشتیاری ئەو دەستەیەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی (نایف-داود) پێکهاتبوو.

لێرەوە (سەددام) سەرەتای هەنگاونان و هەوڵی جڵەوگیریی دەسەڵاتی دەستپێکرد، دوای ئەوەی ململانێی ناوخۆیی حزب لەنێوان باڵی مەدەنی و باڵی سەربازیی حزب، زاڵبونی مەدەنیەکانی لێکەوتەوە و ساڵح مەهدی عەمماش کەوەزیری ناوخۆو کەسێکی دیاری حزب بوو بۆ (کوەیت) دورخرایەوە[1].

ئەم بارودۆخە زیاتر دەرفەتی لەبەردەم هاتنە پێشەوەی (سەددام) ڕەخساند، بەتایبەتی یەکێک لەو کەسایەتیانە (عەمماش) لەڕێگەیدا نەمابوو، ئەنجام ناکۆکی بۆ نێوان (سەددام)و (عەبدولخالق سامەرائی) گوێزرایەوە.

عەبدولخالق سامەرائی کەسایەتییەکی تری بەعس بوو، کە لە هەوڵی بەستنی کۆنگرەی (٨)ی هەرێمیدا بوو بۆ ئەوەی بتوانێت لەمیانەی کۆنگرەدا بەسەر (سەددام)دا زاڵبین و دووری بخەنەوە، بەڵام (سەددام) توانی بەهۆی دەستبەسەراگرتنی ئەو هەوڵە کودەتایەی* (نازم کزار)ی

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٨٧-٣٨٨ .

* سەرچاوە هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کودەتایە بونێکی نەبوو، بەڵکو بەکرو سەددام کردیانە بیانوو بۆ لەناوبردن و دورخستنەوەی هەندێک کەسایەتی کە بە بەربەست و نەیاری خۆیان دەزانی . (حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، ص١٥٠-١٥١) .

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و بەهاوکاری چەند کەسایەتیەکی وەک (حەماد شەهاب و سەعدون غەیدان و عەدنان شەریف و...) ئەنجامیاندا، بەتایبەتی کاتێک (سامەرائی) لەڕێگەی (عەبدولسەلوم)ەوە لەوەزارەتی ڕاگەیاندندا بالادەست بوو، سەددام ناوی خستە لیستی هاوکارانی (کزار) تاوەکو بتوانێت لەم ڕێگەیەوە لەسێدارە بدرێت، بەڵام دەنگی نارەزایی لەناوخۆ و دەرەوەی حزب و عێراق وایکرد بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەربکرێت[١].

(سەددام) خۆی لەبەربەستێکی گەورە ڕزگارکرد، لەمیانەی کۆنگرەی هەرێمی هەشتەم کەپێشتر (سەددام) ڕێگربوو لە بەستنی، لەساڵی (١٩٧٤) بووە سەرۆکی حزب[٢].

هاوکات و لەمیانەی (نوسینگەی پەیوەندییە گشتیەکان)ەوە کەدەزگایەک بوو بەناوی (حزب)ەوە کاریدەکرد و باڵاترین دەسەڵاتی دەوڵەت بوو، (سەددام) توانی زۆر لەنەیاران و ئەو کەسایاتیانە لەناوبەرێ کەبەمەترسی دەزانین بۆ سەرپێگەو دەسەڵاتی خۆی، بگرە نزیکی لە(ئەحمەد حەسەن بەکر) و لاوازی (بەکر) وایکردبوو (سەددام) زۆرجار مامەڵەی سەرۆکی حکومەت بکات[٣].

هەوڵەکانی (سەددام) بۆ دەستبەسەرداگرتنی حزب و دەوڵەت هەر بەردەوام بوو تادواجار و لە (١٩٧٩/٧/٢٦)دا (ئەحمەد حەسەن بەکر) دەست لەکار کێشانەوەی ڕاگەیاند و (سەددام)ی بەجێگری خۆی دیاریکرد[٤].

دوای دوو هەفتە لەسەرۆکایەتی، (سەددام) پلانێکی ئاشکراکرد

١ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، ص١٧٧-١٧٨؛ د. عبدالوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، ص١٦٩.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٨٨.

٣ م. ن، ص٣٨٩.

٤ د. عبدالوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، ص١٦٩-١٧٠ .

کەدژی داڕێژراوە و چەند کەسایەتیەکی سەرکردایەتی هەرێمی بەشداری تێداکردووە، لەوانە (محێدین عەبدولحسەین، محەمەد عایش، عەدنان حسەین حەمدانی، محەمەد مەحجوب، غانم عەبدولجەلیل ..هتد)، لەبەرئەوە فەرمانی مردنی بەسەر (٢٢) کەسایەتی دیاری ناو حزب و حکومەت سەپاند[١].

بەمشێوە (سەددام) بووە ئەو کەسەی لەیەک کاتدا گشت دەسەڵاتەکانی لەخۆی کۆکردەوە، بەهاتنە سەرتەختی فەرمانڕەوایی عێراق لەلایەن (سەددام حسین)ەوە عێراق قۆناغێکی جیاواز لەقۆناغەکانی پێشتر بەخۆیەوەدەبینێت، زۆر گۆڕانکاریی لەبوارە جیاجیاکاندا دێتەبوون، لەوانە:

١. لەم قۆناغەدا زیاتر کار لەسەر کەسی سەرکردە کراوە کەوەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەرەوەر لەنێو تاکەکانی گەلی عێراق بناسرێت و چەمکی (سەرۆکی فەرماندە) کرایە دروشمی سەر گشت زارێک، لێرەوە (سەددام) کرابووە ئەو کەسە پیرۆزەی کەلە هەموو سوچێکی عێراقدا بوونی هەبێت و سەچاوەی هەموو کارێکی ئیجابیش بێت.

٢. پرۆسەی پاکسازیی نەیار و ئۆپۆزسیۆن لەناوخۆ و دەرەوەی حزب و لەناو ژینگەیەکی پڕ ململانێ و فێڵ و تەڵەکەبازیدا، بووە هۆی هاتنە کایەی بارودۆخێکی توندوتیژ و ڕق و بەسەنتەرکردنی دەسەڵات، دواجار بووەهۆی ئەوەی زیاتر لەوەی پەیوەندیی ئۆرگانی باوی بێت، پەیوەندیی خێڵەکی و کەسی و خزمایەتی هەژموونیکرد و پەرەیسەند .

٣. لەسەر دەمی (سەددام)دا (حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب) بووە تەنها میکانیزمێک بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی تاکەکەسی و بوونێکی

١ المصدر نفسه، ص١٧٠

ئایدیۆلۆژی نەما، بگرە لەئەنجامی دەسەڵاتی تاکەکەس سیستەمێک هاتەبوون کەبووە خۆرکە بۆ حزب و بوارێکی جوڵەی بۆ نەهێشتەوە، ئینتمای حزبی لاوازبوو، ئینتمای خێڵەکی و خزمایەتی شوێنی گرتەوە.

٤. لەم ماوەیەدا لەدەرئەنجامی دەسەڵاتی (سەددام)ەوە، عیراق دووچاری دوو جەنگی مەترسیدار و درێژخایەن بوو، لەگەڵ ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨)و جەنگی کەنداو و داگیرکردنی کوەیت (١٩٩٠–١٩٩١)، زیانێکی زۆری گیانی و مادی و سیاسی و دەرئەنجامێکی دەرونی خراپی لەسەر گەلی عێراق بەجێهێشت. ئەمە لەکاتێکدا هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی و سیاسی و نەتەوەیی پەیوەست بەم جەنگانەوە نەبوو، بەڵکو تەنها حەز و خواستی فەرماندەو سەرۆکی عێراقی ڕۆڵی هەبوو لەهەڵگیرساندنیدا.

٥. لەسەر ئاستی ناوخۆ و بەرانبەر بەدانیشتوان، عێراق بووە ماڵ و خاوەنەکەی بووە چەند کەسێکی خێڵەکی و سەر بەخێزانێک. لەبەرئەوە بە توندوتیژترین میکانیزم وەڵامی هەردەنگێکی ناڕەزایی و دژی دەسەڵات و سەربەخۆییخواز دەدرایەوە.

بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ و ئەنفال بۆ کورد و ڕاگواستنیان لەشوێنی خۆیان، هاوکات وێرانکردن و لێدانی شیعە و شیوعیەکان و لایەنە نەتەوەییەکانی عەرەب، بارودۆخێکی نائارامی لەسنوری عێراقیدا دروستکرد کەحکومەت لەڕێگەی سەربازیی و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و بونیاتنانی مۆڵگەی سەربازییەوە، هەوڵیدا سیستەمێکی سەربازیی تۆتالیتار پەیڕەوبکات، تاوەکو بەر لە هەر سەرپێچی و هەڵگەڕانەوەیەک بگرێت.

٦. لەئەنجامی ئەو جەنگانەو خەرجکردنی داهاتی وڵات لەکەل و پەل و خزمەتی سەرباز و هێزە چەکدارە جۆراو جۆرەکانی وەک (ئاسایش و پۆلیس و بەرگری میللی و جاش)، عێراق تووشی قەیرانێکی ئابووریی

سەختبوو کەقەرزێکی زۆری وڵاتانی هاتە سەر و دەربازبوون لێی کارێکی سەخت و ماوەیەکی دوور و درێژی پێویست بوو.

ئەمە جگە لەپێشێلکردنی دیموکراتی و مافەکامی مرۆڤ وێرانکردنی گوندەکانی عێراق، ئەم بارودۆخ و دیاردانە بوونەهۆی لاوازکردنی ڕژێمی عێراق و شکستهێنانی لەمەیدانی دەسەڵاتداریدا .

بەشی دووەم

# سۆسیال – ناسیۆنالیزمی بەعس

# باسی یەکەم

## سۆسیالیزمی بەعس

دەکرێت سۆسیالیزم وەک پێکهاتێکی فیکریی گشتگیر سەیربکرێت کە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە، سۆسیالیزم بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە «کۆمەڵێ چەمک کە لە ڕێگەی میتۆدێکەوە ڕێکدەخرێت بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی»، بڕوای تەواوی بە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، هاوکات بڕوای بە ویستی شۆڕشگێڕیی هەیە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دادپەروەر کە لەمیانەیدا یەکسانی تاکەکان فەراهەمدێت و هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەک بوونی نامێنێت[١].

مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی سۆسیالیزم بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە و دەرهاویشتەیەکی شۆڕشی پیشەسازییە[٢]، پرەنسیپەکانی ئەم ئایدیایە کار بۆ فەراهەمهێنان و بەرجەستەکردنی سیستەم و ژینگەیەک دەکات، کە هەموو کردارێکی قۆرخکاریی ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینی دامودەزگا و دامەزراوە خاوەندارێتییەکان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە خاوەندارێتی تایبەتییەوە بۆ خاوەندارێتی گشتی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ

١ مجموعة من مؤلفين، موسوعة الهلال الإشتراكية، دار الهلال، يوليو١٩٦٨، ص٣٦؛ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، گەلاوێژی١٣٦٢، لا٧.

٢ د.خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص١٥٧.

سازدانی بارودۆخێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ، کە تیایدا مرۆڤەکان هەست بەئازادیی و خۆشگوزەرانی خۆیان بکەن و ڕووە و داهێنان هەنگاوبنێن[١].

سۆسیالیزم هیچ سنورێکی نەتەوەیی نابینێت و گشت مرۆڤەکان بە جیاوازیی ڕەنگ و دەنگ و ڕەگەزیانەوە لەخۆدەگرێت و بانگەشەکانی گشتگیر و جیهانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پارت و ڕێکخراوی جیاجیا لەجیهاندا هەوڵیانداوە تەبایی و هاوسەنگی لەنێوان ئەم بیرۆکەیە و بیری ناسیۆنالیستیدا بکەن و پێکهاتێکی فیکریی نوێ بەرهەمبهێنن، کەلەمیانەیدا سیما و خواستە نەتەوەییەکان تێکەڵ بەپرەنسیپە سۆسیالستیەکان داکۆکیان لێبکرێت و بهێنرێنەدی، دیارترین ئەو پارتانە «نازییەکان لە ئەڵمانیا و فاشیەکانی ئیتاڵیا» بوون.

(حزبی بەعس)یش وەک پارتێکی سیاسی کە ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی هەبوو لە سەرەتاوە، سۆسیالیزمی کردە بنەمایەک و هاوشانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دەستیکردە بانگەشەی سۆسیالیستانە.

ئەگەر سەرنجی سەرەتاکانی دامەزراندنی بەعس بدەین، دەبینین بەعسیەکان بەچاوی ڕێز و پێشەنگەوە بۆ نازییەکانی ئەڵمانیایان ڕووانیووە و زۆر دروشم و هەڵوێستی نازییەکانیان بە شێوازێکی سوننەتی وەرگرتووە و دوای بە عەرەبیکردنیان لە بەرنامەی خۆیاندا دایانڕشتۆتەوە، بۆ نموونە دروشمی «عەرەب لە سەروو هەمووانەوەیە»[٢]، لەهەمان ئەو ووتەیەی (هیتلەر) وەرگیراوە کە دەڵێت: «ئەڵمانیا لە سەرووی هەمووانەوەیە»[٣]، هەروەها داکۆکیکردن لە عیراق و گرنگی ئەم هەرێمە بۆ عەرەب، بەگرنگی (پڕوسیا) وێناکراوە

١ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي، الكتاب الأول، ص١٠٥.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص١٠٦.

٣ وليام شيرر، تأريخ ألمانيا الهتلرية (نشأة وسقوط الرايخ الثالث)، تعريب، خيري حماد، بيروت- لبنان، دار الكتب العربي، ط٢، حزيران١٩٦٦، ص١٧٠.

بۆ ئەڵمانیا و وتویانە: «عیراق پرۆسیای عەرەبە»[1]. لێرەوە بایەخدانی بەعسیەکان بە نازییەکان، هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ پەنابردنە بەر بیرۆکەی سۆسیالیزم و داڕشتنەوەی لەمیانەی ئایدیای ناسیۆنالیستیدا، یاخود سۆسیالیزم یەکێک لەو پێکهاتانەیە کە بەعسیەکان بەچاولێکەری نازیزم وەریانگرتبوو.

گەر سەرنجی مێژووی حزبی بەعس بدەین دەبینین تاساڵی (١٩٤٤) هیچ ئاماژەیەک بۆ سۆسیالیزم نەکراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٤)دا نامیلکەیەک بەناوی (القومیة العربیة وموقفها من الشیوعیة) بڵاوکراوەتەوە، دواتر چەندین گوتارو نوسینی ڕەخنەگرانە لە بارەی شیوعیەکان و جیاوازییان لەگەڵ بنەماکانی سۆسیالیزم نوسیووە، بەڵام ئەم کارانە زیاتر بۆ دژایەتیکردنی شیوعیەکان بووە[2]، نەک وەک لێکۆڵینەوە لە تەرزەکانی سۆسیالیزم بە مەبەستی پیادەکردنی.

یەکەم کۆنگرەی بەعس (کۆنگرەی دامەزراندن) مشتومڕێکی زۆر لەسەر پێکهاتەو ئایدیۆلۆژیای حزب کرا، سۆسیالیزم یەکێک لەو لایەنانەبوو کە دانوستاندن و جیاوازیی لەسەر دروستبوو، چونکە بەشێک لە بەشداربووان پێیانوابوو: سۆسیالیزم دەبێتە هۆی لە کۆتدانی ئازادییەکانی تاکەکەس و سنوردارکردنی، هەروەها بڕوایانوابوو مەرج نییە هەموو خاوەنکار و سەرمایەدارێک کەسێکی چەوسێنەر و قۆرخکاربێت و کاری کرێکارەکان بخوات، بەڵکو زۆرجار لەوانەیە ئەم تاکە کەسە کەسێکی داهێنەربێت کە دواجار ببێتە مایەی خێرو پەرەسەندنی وولات، ئەم جۆرە سستمە جێگای ئەم جۆرە کەسانەش ناکاتەوە[3]، دیارە مەبەستیان لە ئازادیی، ئازادیی وەبەرهێنانە بە تێگەیشتنە بۆرژوازییەکەی، مەبەست لە کرداری قۆرخکاریی، ئەو

١ محمد جمال باروت، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص١٠٦.

٢ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٥٢-١٥٣.

٣ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢١٨-٢١٩.

خاوەن کارگانەن کە لەسەر مافی کرێکارەوە ڕێژەیەکی زۆر قازانج بەدەستدەخەن[1].

دەرئەنجامی ناکۆکی و جیاوازییەکانی سۆسیالیزم، بووە هۆی ئەوەی ئەم چەمکە لە ڕیزبەندی ناوی حزبدا بوونی نەبێت، بەڵکو تەنها لە بنەما گشتیەکانی دەستوردا ئاماژەی بۆبکرێت[2]. لێرەوە بەپێی دەستوری ساڵی (١٩٤٧) لە مادەی (٤) لە بنەما گشتییەکان، بەعس سۆسیالیزم بە هەڵقوڵاوی ناخی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەزانێت، بە سستمێک دەیناسێنێت کە نەتەوەی عەرەب لە میانەیدا تواناکانی دەهێنێتەدی و زیرەکی و لێهاتوویی بەباشترین شێواز بەرجەستەدەکات، هاوکات ئەم سستمە هاندەرە بۆ ئەوەی نەتەوە گەشەبکات و بەرهەمە ماددی و مەعنەویەکانی پەرەپێبدات و برایەتیەکی بەهێز لە نێوان تاکەکان فەراهەمبهێنێت[3].

بەیەکگرتنی (بەعس) لەگەڵ (حزبی سۆسیالستی عەرەب) لە ساڵی(١٩٥٣) ناوی (بەعس) بۆ (حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب) گۆڕدرا، ئەم یەکگرتنە هۆکار و هاندەری هەبوو، بەتایبەتی بەعسیەکان پێیانوابوو حزبەکەیان مۆڵگەی بیریار و ڕۆشنبیرانە و کەسانی سەرباز و جێبەجێکاریان نییە، حزبی سۆسیالیستیش کە پێگەیەکی سیاسی هەیە و زۆرینەی ئەندامانی لەچینی جوتیار و چەوساوەن، بەتێکەڵکردنی ئەم دوو پارتە ئەو میکانیزمە شیاوە پێکدێت کەخەونەکان بەدیدەهێنێت[4].

بەم جۆرە بەعسیەکان شانازی دەکەن کە بوونە ئەو داهێنەرەی لە دونیای فکری عەرەبدا بیرۆکەی سۆسیالیزم و شۆڕشگێڕییان ئاوێتەی

١ المصدر نفسه، ص٢١٩.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص ٢١٩.

٣ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٦٤-١٦٥.

٤ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٢٧.

بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی کردووە و لەم مەیدانەدا تێکۆشاون[١].

سۆسیالیزمێک هەروەک (عەفلەق) دەڵێت: «لەنێوان نەتەوایەتی و سۆسیالیزمی ئێمەدا، هاومانایی و ئاوێتەبوون و کارلێکردن هەیە، چەمکێک نییە بەجیا پێیبوترێت ناسیۆنالیزم یاخود سۆسیالیزم، بەڵکو ئەم دوو چەمکە کۆدەکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە پێکهاتێکی نوێی نەتەوایەتی، ئەم نەتەوایەتییە لە بوونی خۆیدا سۆسیالیزمە، ئەگەر سۆسیالیزمی لێجیابکرێتەوە نەتەوایەتیش بوونی نامێنێت»[٢].

ئەم نەتەوایەتیەی بەعس لێرەوە هێندە فراوان دەبێت کە سۆسیالیزم وەک بەشێک لەخۆدەگرێت، کە دواجار نەتەوایەتیەکەی بەعس سیفەتی زاڵێتی وەردەگرێت، بەڵام بەجۆرێک مانا بۆ سۆسیالیزمەکەش دەهێڵێتەوە و بوونی دەسەلمێنێت.

ئەو سۆسیالیزمەی بەعس جەختی لەسەر دەکاتەوە، سیماو تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە سۆسیالیزمی وڵاتانی تر ناچێت، سۆسیالیزمی بەعس وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن (سۆسیالیزمێکی عەرەبی)یە[٣] و لە خزمەت نەتەوەی عەرەبدایە، لەبەرئەوە کاتێک بەعس سۆسیالیزم دەکاتە یەکێک لەو سێ ئامانجە سەرەکیەی بانگەشەی بۆ دەکات (یەکێتی- ئازادی- سۆسیالیزم)، هیچ کات لە دیدی بەعسدا (سۆسیالیزم) کە بنەمای نەتەوایەتی و سنورەکەی دەبەزێنێت و ململانێی چینایەتی لەخۆدەگرێت، لەگەڵ یەکێتی خاک و نەتەوەی عەرەب و ئازادکردنی لە دەست بێگانە و داگیرکەران دژنایەتەوە.

بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە، هەندێک لەو لایەنە جیاوازییانە دەخەینەڕوو کە سۆسیالیزمی بەعسی پێ جیادەکرێتەوە:

١ حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية، بعض المنطلقات النظرية التي أقرها المؤتمر القومي السادس في تشرين الأول١٩٦٣، دار الحرية- بغداد، ١٩٧٢، ص٧٧؛ د.خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص١٥٨.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٦٣.

٣ حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية، المصدر السابق، ص٧٩.

١- سۆسیالیزمی بەعس زیاتر ڕێبازێکی ئابوورییە، نەک ڕێبازێک کە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان بگرێتەوە، (عەفلەق) زیاتر ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت کاتێک دەڵێت: «سۆسیالیزم هەمیشە مانای خۆماڵیکردنی ئۆرگان (مرافق)ە گشتییەکان و پیشەسازییە گەورەکانە، هەروەک چۆن مانای دابەشکردنی دادپەروەرانەی زەوی و سەرپەرشتیکردنی دەوڵەت دەگەیەنێت بۆ بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە»[1]، لێرەوە بەعس سۆسیالیزمی عەرەبی بەسۆسیالیزمێکی گونجا و دەزانێت بۆ بارودۆخ و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و پەیوەستی دەکات بە لایەنی نەتەوەیی عەرەبەوە[2].

بەم جۆرە سۆسیالیزمی عەرەبی کە بەعس پەیڕەوی دەکات، ڕێبازێکی ئازادە و پابەندی هیچ جۆرە یاسایەکی ئابووریی و مێژوویی یان میتۆدێکی فەلسەفی نییە.

٢- بەعس لە سەرەتاوە هەوڵدەدات ئەو سۆسیالیزمەی بانگەشەی بۆ دەکات، بەرگێکی بکاتەبەر بەگوزارشتی خۆیان عەرەبی بێت و سیما نەتەوەییەکانی عەرەب نەک هەر بپارێزرێت بەڵکو بەهێزیان بکات، بەڵام ئەم هەنگاوەی بەعسیەکان بەجۆرێک بوو هەوڵی گۆڕینی ماناو تێگەیشتنی چەمک و زاراوە سۆسیالیستییەکان بدات، ئەمەش هەوڵێکی تری بەعس بوو بۆ ئەوەی سۆسیالیزمەکەی خۆی لەو سۆسیالیزمە جیابکاتەوە کە شیوعیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆ نموونە لەشوێنی ووشەکانی (النضال- الجهاد- الطبقة العاملة) ووشەی (الكفاح، الشغيلة) یان بەکارهێناوە، یان زۆرتر (الجماهير الكادحة والطبقات الشعبية)یان بە مانای (الطبقة العاملة) بەکارهێناوە[3].

لەهەمانکاتدا هەریەک لەو چەمک و زاراوانەی بەعس هەڵیبژاردوون،

---

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٦٦.

٢ المصدر نفسه، ص٢٦٥.

٣ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٦٧-١٦٨.

تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە و ڕاڤەیەکی بەعسیانەی بۆکراوە، (شعب-گەل) لای بەعس گوزارشت لەهەموو تاکەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات بە جوتیار و کرێکار و بازرگان و پیشەگەر و کارمەندە بچووکەکانەوە، تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە قۆرخکارن، قۆرخکار لای بەعس ئەو کەسانەن کە پاڵپشتی داگیرکەرانن و لە هەوڵی پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگەدان، ئەمانە بەبۆچوونی بەعس پێویستە زۆر بە توندی دژایەتیان بکرێت[١]، ئەم لایەنە گوزارشتێکی تری بەعسیەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێک دەڵێن: «خاوەن بەرژەوەندییە مادی و مەعنەویەکان لە فەرمانڕەواکان و هەموو ئەوانەی بوونەتە لەمپەر لە بەردەم بەدیهاتنی یەکێتی و یەکڕیزی نەتەوەیی، پێویستە گەل زۆر بەتوندی و یەکلاکەرەوەیی خەبات لە دژیان بەرپابکات، ئەم خەباتە لە چاو تێبڕینی گەلەوەنییە بۆ ماڵ و سامانی ئەو خەڵکانە، بەڵکو لەبەر خۆشویستنی ژیانێکە کە ئەمان بوونە لەمپەر لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنییدا»[٢]. ململانێی چینایەتی لەم کاتەدا ڕەهەندێکی نەتەوەیی بەخۆی دەبەخشێت سەرەڕای ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی، لەبەرئەوە لە ڕیزبەندی ئامانجەکانی بەعسدا ئاڕاستەی خەبات لەدژی چینە قۆرخکارەکان نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دژی هێزە داگیرکارەکانە کەپاڵپشتی هێزە قۆرخکارەکان دەکەن»[٣].

ئەمانەو چەندان چەمکی تر، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەو چەمک و زاراوە سۆسیالیستیانەی بەعس بەکاری هێناون ماناکانیان ڕوون و دیاریکراو نین، بەڵکو چۆن لە بەرژەوەندی خۆیاندا بووبێت و سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابێت بەو شێوازە گوزارشتیان لێداوە.

٣- پراکتیزەبوونی سۆسیالیزم لەدیدی بەعسدا، پەیوەستە بە بەدیهاتنی یەکێتی عەرەبییەوە، واتە سۆسیالیستی بوونی هەرێمێک یان وڵاتێکی

١ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٦٨.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٦٧.

٣ حزب البعث العربي الإشتراكي، المناهج الثقافي، الكتاب الأول، ص١٠٨.

عەرەبی بە سۆسیالیزمێکی ناکامڵ و کەموکوڕ دەزانێت، لەبەرئەوە بەعس بۆ بەدیهاتنی ئەم خەونەی بەپێویستی دەزانێت کەهەوڵبدرێت گشت سنورو بەربەستە دەستکردەکان بشکێنرێن و نیشتمانی عەرەبی لەداگیرکەران پاکبکرێتەوە[1]، چونکە یەکگرتنەوەی هەرێمە عەرەبییەکان مانای یەکگرتنەوەی ووزە و تواناکانی گەل و داهات و سامانە سروشتی و پیشەسازییەکانی عەرەب دەگەیەنێت[2]، لێرەوە بەتێڕوانینی بەعس ئەو زەمینە سازییە فەراهەمدێت و پراکتیزە دەبێت.

هاوکات لەگەڵ گرنگی یەکێتی عەرەبی بۆ پیادەبوونی سۆسیالیزم، بەعس پێیوایە سۆسیالیزمیش بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێکهاتنی ئەم یەکێتییە و بە نەمانی سۆسیالیزم یەکێتی عەرەبی بوونی نامێنێت[3].

٤- سۆسیالیزمی بەعس سۆسیالیزمی شیوعیەکان بە دژی خۆی دەزانێت و پێیوایە شیوعیەکان فێڵباز و ڕوخێنەرن، عەفلەق لەوتارێکیدا نوسیویەتی: «شیوعیەکان ڕەتدەکەینەوە لەبەرئەوەی بەنێگەتیڤ دەیانبینین و هەوڵی لە ناوبردنی کەسێتی نەتەوەیی عەرەب دەدەن»[4].

بەمجۆرە بەعسیەکان هەوڵدەدەن خۆیان لە مارکسیزم جیابکەنەوە بەتایبەتی لە تێگەیشتن لە بیری نەتەوەیی و تیۆری مادی بۆ ڕاڤەکردنی سۆسیالیزم و پەیوەندیی بەنەتەوایەتیەوە، هەروەها لە جەختکردن لەسەر لایەنە ڕوحی و مەعنەویەکان و سەربەخۆیی و تایبەتمەندییەکانی عەرەب[5].

٥- سۆسیالیزمی بەعس چالاکییە تایبەتیەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا ڕەچاودەکات، بەمەرجێک ملکەچی یاساکانی پەرەسەندنی سۆسیالیزم

---

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٦٨.

٢ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٥٦.

٣ المصدر نفسه والصفحة.

٤ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٦٩.

٥ شبلي العيسمي، حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٨٤.

بێت، لەبەرئەوە خاوەندارێتی تایبەتی ڕەتناکاتەوە ئەگەر ماکی قۆرخکاری نەبێت، بەڵکو بە مافێکی سروشتی تاکی دەزانێت[١].

لێرەوە ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستیەی بەعس هەوڵی بونیاتنانی دەدات مسۆگەری پاراستنی مافەکانی تاکە و بەربەستە لەبەردەم هەموو کردارێکی قۆرخکاریی، هەروەها داهات و سامانە نەتەوەییەکان بەیەکسانی لەنێوان تاکەکانی نەتەوەی عەرەبدا دابەشدەکات، بەجۆرێک گوزەرانی ڕۆژانەیان مسۆگەر و دابینبکات[٢].

بەمانایەکی تر سۆسیالیزمی بەعس سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، تێگەیشتنی بەعس لە سۆسیالیزم و ڕاڤەکردنی چەمکەکانی جیاوازییەکی زۆری لە ڕاڤەی مارکس هەیە بۆ سۆسیالیزم. هەوڵدەدات چەمک و پێناسەکان، تەنانەت فۆرمی ئەو چەمکانە لە مانا ڕەسەنەکانیان دابڕنێت و لەدیدێکی ناسیۆنالستانەوە پێناسەی بەعسیانەی بۆ دابڕێژێت، بەجۆرێک ببێتە میکانیزمێک بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حزب و بەدیهێنانی خەونەکانیان.

سۆسیالیزمی بەعس ڕووبەڕووی زۆر لە ڕەخنەی پسپۆڕو شارەزایانی بواری سۆسیالیزم بۆتەوە، هەوڵدراوە لەڕێگەی ئەم ڕەخنانەوە خاڵە ناکۆک و دژیەکەکانی ناو ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم دیاریبکرێت و تیشکی بخرێتە سەر.

(ناجی عەلوش) پێیوایە خاڵی دژ لە سۆسیالیزمی بەعسدا لە پیرۆزکردنی خاوەندارێتی تایبەتی لەلایەک، هاوکات پێشنیاری سستمێکی سۆسیال بۆ کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ پیادەکردنی ئەگەر بەزۆریش بێت لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدەدات، چونکە ئەم جۆرە سستمە لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسیەکاندا نایەتەوە. هەروەها دەڵێت: بەعسیەکان خاوەندارێتی

---

١ حزب البعث العربي الإشتراكي، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص١١٠.

٢ المصدر نفسه، ص١١١.

تایبەتی بە ھاندەرێکی خودیی دەزانن بۆ چالاکیە ئابوورییەکان، لەکاتێکدا واقیع پیشانماندەدات خاوەن چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکانێکن خاوەندارنین: زانایان، ئەدیبەکان، خوێندکاران، فەرمانبەران، ... تاد[1].

(محەمەد زعبی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سروشتی ناسیۆنالیستی بەعس بەردەوام ھەیمەنەی لەسەر لایەنە سۆسیالستیەکەی کردووە[2]، سەرەڕای ئەمانە زۆر ڕەخنەی تر لە سۆسیالیزمی بەعسدا دەدۆزرێتەوە، بەتایبەتی لە شێواندنی چەمکەکان و گۆڕینی مانا ڕەسەنەکانیان، ھەروەھا لێڵی و شاراوەیی ئەو سۆسیالیزمەی بەعس بانگەشەی بۆ دەکات.

لەلایەکی ترەوە، پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان دروشمەکان لەلایەن بەعس ڕوونکراوەتەوە، کاتێک کە سۆسیالیزم دەکاتە بنەمای بەرجەستەبوونی ئازادیی و یەکێتی خاکی عەرەب، لەھەمان کاتدا ئازادیی و یەکێتی دەکاتەوە بەدوو بنەمای گرنگی بەدیھاتنی سۆسیالیزمی عەرەبی، بەڵام ڕایەڵەکانی ئەم پەیوەندییە و شوێنی ھەریەک لەم چەمکانە لە بەرانبەرەکەیدا دیاریناکات.

ھەروەھا سۆسیالیزمی بەعس بەپێی قۆناغ و زۆرجار کەسەکان تێگەیشتنیان بۆ چەمکەکە گۆڕاوە، یان لەکاتی دابەشبوونی بەعس و جیابوونەوەی باڵە ناکۆکەکان ھەڵوێستیان گۆڕیوە.

---

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٢٣.

٢ المصدر نفسه، ص٢٢٦.

# باسی دووەم

## ناسیۆنالیزمی بەعس

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، قۆناغی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەم نەتەوانە هەریەک بەجۆرێک و لەژێر کاریگەریی جۆراوجۆردا و بەمەبەستی بەهێزکردنی هۆشیاری نەتەوەیی تاکەکانیان، کەوتنە پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی نهێنی.

مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، لەم ماوەیەدا چەندین پارت و ڕێکخراوی نەتەوەییان پێکهێنا، لەوانە ڕێکخراوی (منتدى الأدبي) یان بەنهێنی لە ساڵی (١٨٤٧)دا دروستکرد و وەک یەکەم هەوڵی عەرەبی لەم مەیدانەدا بەرجەستەبوو[١].

ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم پەرەسەندن و خەمڵینی زیاتری بەخۆوە بینی، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی چەند کەسایەتیەکی عەرەب لە هەندەرانەوە ئەم دیاردەیە زیاتر ئاشکرا بوو، دیارترین کەسانێک لەم بوارەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی لە چلەکانی سەدەی بیست و دواتردا (ناسیف یازجی، بوتروس بوستانی، قوستەنتین زەریق، میشیل

---

١ أحمد حسين يعقوب، المصدر السابق، ص٥٧ -٥٨.

عەفلەق، سەلاحەدین بەیتار) بوون[1].

ناسیۆنالیزمی بەعس لەپێش و کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، زیاتر لە هەوڵی خۆناساندن و بەجەماوەری بووندا بووە، دروشمەکانی بەپێی بارودۆخەکەیان کە بەشێکی زۆری وڵاتە عەرەبیەکان لەژێر منداتی وڵاتانی ئەوروپی و ڕۆژئاواییدا بوون، ڕزگاریخوازانە و ئازادی بووە، هاوکات لە دەرەنجامی تەوژمی سۆسیالیستانەی جیهانی و بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکەدا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی خەباتی دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران دەستپێکردووە.

پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیای بەعسیزم، دەرەنجامی بەشێک لەم هێز و بارودۆخەی بەسەرەوە بوو، بەڵام تێڕوانین و بانگەشەکانی بەعس لە بواری نەتەوەیدا سیما و خەسڵەتێکی تایبەتی پێدراوە، کە جیاوازییەکی دیاری لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمەی دنیای عەرەبیدا هەبوو.

تێگەیشتنی بەعس بۆ چەمکەکانی (نەتەوە-نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم)- دەوڵەتی نەتەوەیی) و بنەمای هەریەک لەم چەمکانە، تێگەیشتنێکە لە دیدگای تردا بەهەمان مانا نادۆزرێنەوە.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ چەمکە نەتەوەییەکان زۆر جار لە توندڕەویەوە سەری دەرهێناوە، بەجۆرێک کۆمەڵێک دروشم و بانگەشەی نازیانە و فاشیانەیان کردۆتە بڕوا و ڕێبازی فیکری[2]، بۆ نمونە گوزارشتی (العروبة فوق الجميع) و (البعث ديني والعروبة مذهبي) یان ووتەی شاعیر کاتێک دەڵێت:

**آمنت بالبعث ربا لاشريك له وبالعروبة دينا ماله ثان**

---

١ المصدر نفسه، ص٦٥ ومابعدها؛ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٤٠.

٢ حسن السعيد، نواطير الغرب، ص٣٧.

لەسـەرەتاوە (بەعس) تێڕوانین و دیدگای تایبەتی بۆ (نەتەوە- الأمة)ی عەرەبی هەیە، (عەفلەق) نەتەوەی عەرەب بەنەتەوەیەکی زۆر دێرین دەبینێت و دەڵێت: «ئەم نەتەوەیە؛ کە هەنووکە لە ڕاپەڕین و بێداربوونەوەدایە، لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو پێش هەزاران ساڵ هەبووە، یەکێتی و ڕەسەنایەتی و ڕەگەز دیارترین خەسڵەتەکانی بوون، کە بەزمانی ستاندار و مێژوو و کولتوری هاوبەش گۆشبووە»[1].

ئەم پێناسەی بەعس بۆ نەتەوەی عەرەب، بڕیاردانە لە بەعەرەبکردنی هەموو ئەو ڕەگەز و نەتەوە جیاوازانەی لەو خاکەدا ژیاون کە ئێستا بە نیشتمانی عەرەب ناو دەبرێت، واتە بەعەرەبکردنی بابلی و سۆمەری و فیرعەونی و... هتد، بەمانایەکی تر ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ (نەتەوە) هاوتا لەگەڵ پێناسەی (گەل- شعب) دێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەعەرەبکردنی نەتەوە کۆنەکان، بەعەرەبکردنی ئەو ژیار و شارستانێتیە کۆنانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئەم نەتەوانەوە بنیاتنراون.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس دواتر جۆرێک لە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و نەتەوە بە ئەو کۆمەڵ و چینە شۆڕشگێڕانە لە قەڵەمدەدات کە بوونەتە کەرەستەی شۆڕش، واتە ئەو جەماوەرە بە ڕێکخراو و ڕەشۆکییەوە بناغەی شۆڕش پێکدەهێنن[2]، بەهەمان شێوە ئەم پێناسەیە خۆی لە پێناسەی (گەل)دا دەبینێتەوە، ڕەگەزی سەرەکی بۆ دەروەستیی تاک بە نەتەوەی عەرەب بەشداربوونیەتی لە ڕیزە شۆڕشگێڕەکان.

بەعسیەکان لە سەرەتاوە هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان دوو لایەندا بکەن (بیری نەتەوەیی- فكرة القومية) لە بەرانبەردا (تیۆری نەتەوەیی- النظرية القومية)، (عەفلەق) دەڵێت: «بیری نەتەوەیی{مەبەست بیری نەتەوەیی عەرەبییە} خۆی لە خۆیدا بوونێکی بەڵگەنەویست و نەمرە،

١ مشيل عفلق، المصدر السابق، ص٩٨.

٢ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٣٦٧.

ئەندازەیەکە لە خۆشەویستی، چونکە بیری نەتەوەیی پێش هەمووشتێک خۆشەویستییە، بەڵام تیۆری نەتەوەیی عەرەبی پێویستی بە دروستبوون و پێکهاتن هەیە، لە کاتێکدا بیری نەتەوەیی تەنها پێویستی بە بوژاندنەوە و زیندووکردنەوە هەیە»[1].

لێرەوە عەفلەق (نەتەوە) بەو (بیر- فکرة)ە لە قەڵەمدەدات کە بەڵگەنەویست و نەمرە بەدرێژایی مێژوو، سروشتێکی خۆڕسکی هەیە کە پێویستە ئەم سروشتە هانبدرێت و تۆخ بکرێتەوە، بەڵام چۆنیەتی کارکردن و میکانیزمی ڕێکخستن و هاندانی ئەم (بیر)ە لای عەفلەق، کە پێویستی بە دروستکردن و داڕشتن هەیە خۆی لە (تیۆری نەتەوەیی عەرەبی)دا دەبینێتەوە.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ (نەتەوە- الأمة) بەمانای (گەل- شعب) دواجار لە پرنسیپە گشتییەکانی حزبدا بەرجەستە بووە، بۆ نموونە لە مادەی (١٠)دا بەم جۆرە گوزارشت لە تاکی عەرەبی دەکات: «عەرەب ئەو کەسەیە زمانی عەرەبی بێت و لە خاکی عەرەبیدا بژی و پەرە بە گوزەرانی بدات و بڕوای بە عەرەببوونی ڕەچەڵەکی خۆی هێنابێت»[2].

لەم دەقەوە فراوانی سنوری نەتەوەی عەرەب و بنەماکانی نەتەوەی عەرەب داڕێژراوە، مەرجی ئینتیما بۆ نەتەوەی عەرەب ڕەگەز و خوێن نییە، بەڵکو ئەم لایەنە دراوەتە دەست خواستی تاک، واتە دەکرێت فارسێک یان تورک یان هەرنەتەوەیەکی تر بڕیار لە بەعەرەب بوونی خۆی بدات، ئەگەر لەخاکی عەرەبدا بژی و بتوانێت بەزمانی عەرەبی بدوێت[3]، لێرەوە زیاتر مەبەستی (عەفلەق) ڕوون دەبێتەوە کاتێک دەڵێت: «نەتەوایەتی عەرەبی لەسەر بنەمای ڕەگەز و خوێن بونیات نەنراوە،

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٤٠-٢٤١.

٢ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٤٨؛ بدر الدين مدثر، البعث ومسألة الجنوب في السودان، مجلة (آفاق عربية)، السنة الثالثة، العدد (٨)نيسان١٩٧٨، ص١٣.

٣ منشورات مديرية الثقافة، المسار الإنساني للبعث، مطبعة جامعة الموصل، ص٢٩-٣٠.

بەڵکو لەسەر بنەمای مێژوو و کولتوری هاوبەش و زمان و بەرژەوەندیی هاوبەش بونیاتنراوە، هەروەها لە بەرگریکردن لە یەک خاک و نیشتمان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی داهاتویەکدا خۆی بەرجەستە دەکات»[١].

سەبارەت بە تێگەیشتنی بەعس بۆ تیۆری نەتەوەیی، دەکرێت بڵێین بەعس پێناسەیەکی دیاری نییە، ناوەڕۆک و مانای ئەم چەمکەش بە پێی بارودۆخ و کێشەکان دەگۆڕێت، لەبەرئەوە بەعس گوزارشتدان لە بنەما نەتەوەییەکان و دیاریکردنی میکانیزمی خەبات بە پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرە دەبینێت، دروشمەکانی (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم) و ڕایەڵەکردنیان بە یەکترییەوە بە ئەو میکانیزمە گونجاوە لە قەڵەمدەدات[٢].

(عەفلەق) دەخوازێت بیری نەتەوەیی عەرەبی نەبێتە مەعریفەیەکی تیۆریی ئەبستراکت لە گشت سۆز و هەستێک، لێرەوە هەوڵدەدات لە چوارچێوەیەکی ڕەخنە ئامێزدا باس لە (ساتع حوسەری و قوستەنتین زەریق) بکات و دەڵێت: «ئەترسم نیشتمانپەروەریی و گیانی نەتەوەپەروەریی لە ئێمەدا ببێتە مەعریفەیەکی لۆژیکی و گوزارشتی سەرزارەکی، کە وامان لێبکات هەست و سۆزمان بەرە و ساردبوونەوە ببات، بەجۆرێک هەندێک لە بیریارەکانمان ئاستی پەیوەستەگی و بڕوایان بە نەتەوایەتی لە ڕێژەی پابەندبوون و بەهێزی پێناسەکانیاندا دەبینن، لەکاتێکدا بڕواهێنان بە نەتەوایەتی پێش مەعریفە دەکەوێت و پێناسەی بۆ دەکات»[٣].

بەمجۆرە بەعسیزم هەوڵدەدات جیاوازیی لە نێوان دوو چەمکی (تیۆری نەتەوەیی) و (بیری نەتەوەیی) عەرەبیدا بکات، دواجار بڕیاربدات (نەتەوە): «کۆمەڵێکی ژمارەیی تاکەکان نییە، بەڵکو بیرێکە لەم کۆمەڵەدا یان بەشێکی ئەم کۆمەڵەدا بەرجەستە دەبێت، نەتەوە بەکەمبوونەوەی

١ بدر الدين مدثر، البعث ومسألة الجنوب، ص١٤.

٢ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٢٦-١٢٧.

٣ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٩٤.

ژمارەی تاکەکانی کەمناکات، بەڵکو بە لاوازبوونی بیر کەمدەکات و لاوازدەبێت، پیرۆزی ژمارەی تاکەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ناوەندی بەرجەستە بوونی بیری نەتەوەییە، چونکە بیر وەک تۆوێک لە ناخی گشت تاکێکی ئەم نەتەوەیە بوونی هەیە»[1]. بەعس هەوڵدەدات ناسیۆنالیزمەکەی پێناسەبکات و تیۆریزەی بکاتەوە، هاوکات ئەو قۆناغانە دیاریبکات کە ئەم ناسیۆنالیزمە پیایدا تێدەپەڕێت و گەشەدەکات.

لە پێناسەی نەتەوایەتیدا (عەفلەق) دەڵێت: «نەتەوایەتی ئێمە بەر لە هەموو شتێک خۆشەویستییە»[2]. ئەم گوزارشتە لە ڕووە مرۆڤ دۆستیەکەیەوە، وێنەیەکی جوان دەنوێنێت و مافی سروشتیی هەر تاکێکە نەتەوەکەی خۆش بوێت و هەوڵبدات بیکاتە پێشەنگ و پێشڕەوی مرۆڤایەتی لە بواری ژیار و شارستانێتی و کولتورییدا، بەڵام دواتر ئەم پێناسەیەمان زیاتر بۆ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: «ئەو کەسەی خۆشەویستی دەکات لە هۆکاری ئەو خۆشەویستییە ناپرسێتەوە، ئەگەر بیەوێت بپرسێت ئەوا شتێک نادۆزێتەوە پرسیاری لێبکات، ئەو کەسەی نەتوانێت بەبێ بوونی هاندەر و هۆکارێکی ئاشکرا خۆشەویستی بکات، خۆشەویستییەکەی لە ناخیدا دەمرێت»[3]، بەم شێوەیە ئەو خۆشەویستییەی (عەفلەق) باسی دەکات بە مانا مرۆیی و جوانەکەی نییە، بەڵکو ئەم خۆشەویستییە وەلامێکە لەلایەن بەعسەوە بۆ هەر کەسێک پرسیار لە ڕەفتار و هەڵوێستەکانی بکات، کوێرکردنی تاکی عەرەبە لە بەرانبەر گرتنەبەری هەر میکانیزمێکی شیاو و نەشیاو لە پێناو پاراستن و باڵابوونی نەتەوەدا.

ئەم بیرکردنەوەیە هێندە مەترسیدارە، کە پرسیار لە مەشروع و نامەشروع بوونی هیچ هەڵوێست و پلانێک ناکات لە پێناو بەرجەستەکردنی

١ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٤١.

٢ مشيل عفلق، المصدر السابق، ص٩٨.

٣ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٩٤.

ئامانجەکاندا، هاوکات ترسی پرسیارکردن دەخاتە ناو دڵی تاکەکانی نەتەوە، چونکە هەر خۆشەویستیەک بە هۆکاربێت سەرەنجامی مردن و لەناوچوون دەبێت.

لەبەرئەوە (خۆشەویستی پێشەنگە)[1]، دواتر دەبێتە سەرچاوە بۆ دیاریکردنی پێناسە و بنەماکان و دارشتنی مەعریفەیەکی نەتەوەیی، ئەم هەڵوێستەی (عەفلەق) بەجۆرێک لە جۆرەکان سروشی لە ئایینی مەسیحی وەرگرتووە بۆ مەبەستێکی دنیایی، کە هیچ بیریارێکی تری عەرەب ئەنجامی نەداوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە عەقیدەکردنی ئەم ڕێبازەیە و دارشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی ئایینێکی نوێدا[2].

بەعس هەوڵیداوە ئەم خۆشەویستیە بکاتە بناغە بۆ دروستبوونی ئەو هەستەی کە دواتر بە (ڕوحی عەرەبی) ناوی دەبات و بەدیهێنەری بیروباوەڕێکی نەتەوەییە لە تاکەکاندا. لەم قۆناغەدا (عەفلەق) دەنوسێت: «ئێمە نمایندە و نمایشی ڕوحی عەرەبی دەکەین»[3].

بەمجۆرە بیروباوەڕی نەتەوەیی لای بەعس بەسێ قۆناغ گەشە دەکات و کامڵ دەبێت، لە سەرەتاوە (خۆشەویستی)ە، ئەم خۆشەویستییە لای بەعس وەڵامی گشت پرسیارەکانی تاک دەداتەوە، دواجار ڕوحێکی عەرەبی بە تاکەکان دەبەخشێت، ئەم ڕوحە ئەو سەنگی پێوانە کردنەیە کە گشت دیاردە و شتەکانی پێ دەخوێنرێتەوە، دواتر دەبێتە خوڵقێنەری بیروباوەڕێکی بەهێزی نەتەوەیی، چونکە ئەم ڕوحە چەمکێکی هەمەلایەن دەگرێتەوە، ڕوحی مێژوویی و کولتوری و... هتد لەخۆ دەگرێت.

ئەم بیروباوەڕە لای عەفلەق پایەیەکی سەرەکییە کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان، لەبەرئەوە دەنوسێت: «ئەگەر پێمان بڵێن ئەمڕۆ یان هەر کاتێکی تر دەوڵەتێکی عەرەبیتان

١ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٩٥.

٢ المصدر نفسه، ص٢٩٦.

٣ المصدر نفسه، ص٢٩٧.

بۆ بونیات دەنێین، کە گشت ئامانجەکانی بەعسی تێدا بەرجەستە بێت، بەڵام (بیرو باوەڕ) لە ژیانی ئەو کەسانەدا بوونی نابێت کە ئەو دەوڵەتە پێکدەهێنن، دەڵێین پێمان باشترە وەک نەتەوەیەکی دابەشکراو و داگیرکراو و ژێر دەست بمێنینەوە.»[1].

پیرۆزی ئەم ئیمانە لە پیرۆزی ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ڕوح ئەسڵی هەموو شتەکانە، هیچ هۆکار و ئامرازێکی مادی کاری تێناکات و دروستکەری گشت لایەنێکە[2]، (ئیمان-بیروباوەڕ) یەک لەو پێکهاتە ئەفسوناویانەیە، کە موعجیزە ئاسا هەموو لایەنە خراپەکان بە چاک، ناکۆکیەکان بۆ تەبایی و یەکڕیزی دەگۆڕێت.

ئەم ئیمانەی بەعس بناغەی بۆ داڕشتووە، خاوەنی پەیامێکی نەمرە کە خۆی لە دروشمی (نەتەوەی عەرەبی یەکێکە و خاوەنی پەیامێکی نەمرە)دا خۆی بەرجەستە دەکات، لەم ڕوانگەیەوە عەفلەق دەنوسێت: «پەیامی عەرەب، ئیمانە بەر لە هەموو شتێک، هیچ شتێک لە پایەی کەم ناکاتەوە و لەکەداری ناکات، ڕاستیەکی چەسپاو و بەڵگە نەویستە و پێش گشت زانیاریەک دەکەوێت، هەرشتێکی بەڵگە نەویستیش پێویستی بە بەڵگە و پاسادانکردن نییە، ئەم ئیمانە لە دڵدایە و بە یەکجار ژێری مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات»[3].

ناوەڕۆکی پەیامی عەرەبی گەیشتنە بە ئاستێک کە تیایدا ئامانجە باڵاکان لە واقعدا بەرجەستە دەبن، کۆمەڵگەیەکی عەرەبی ئازاد بونیاد دەنێت کە بارودۆخێکی لەبار بۆ تاکەکانی دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی توانا و بەهرە کەسیەکانیان پەرەپێبدەن و ژیاری عەرەبی بەرە و پێش ببەن[4].

---

١ مشيل عفلق، في سبيل البعث، بدون المطبعة و مكان الطبع والسنة، ص١١.

٢ المصدر نفسه، ص٦٥.

٣ مشيل عفلق، المصدر السابق، ص٩٧.

٤ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣٢.

ئـەوەی جێـگای سـەرنج و تێڕامانـە لـەم پەیامـەدا، بریتییـە لـەوەی کـە بەعس بـاس لـە چەنـد پەیامێـک دەکات کـە دواجـار پەیامێکی نەمـر پێکدەهێنـن، بەپێـی بـارودۆخ و پێویسـتیەکانی کۆمەڵگـەی عەرەبـی خواسـت و داواکانـی ئـەم پەیامـەش دەگۆڕێت، لەبەرئـەوە دەبینیـن زۆر جـار ئاڵۆزیـی و تێکەڵـی دروسـتدەبێت، بگـرە هەنـدێ جـار ئـەم پەیامـە جارێـک وەک بیـری نەتەوەیـی عـەرەب و جارێـک وەک پەیامـی ئیسـلام گوزارشـتی لێکـراوە[1].

بەمانایەکی تر ئەو پەیامـەی بەعس بانگەشـەی بۆ کردووە، قۆنـاغ و هەلومەرجـە مێژوویی و کۆمەڵایەتیـەکان پێناسـەی دەکـەن و چەمکەکـەی دیاری دەکەن، پێکهاتەکەشـی لاسـتیکی و ناجێگیرە و شـێوەیەکی گۆڕاوی هەیـە بـە جۆرێـک توانـای لەخۆگرتنـی گشـت دیـاردە و بیرۆکەیەکـی هەیـە ئەگەرچـی دژیەکیش بن.

بـەڵام دوا گوزارشـتی بەعس لـە شـکڵبەندی پەیامی نەمـری عـەرەب، بریتییـە لـە (یەکێتی-ئازادی-سۆسیالیزم)[2]، هـاوکات بەعس هەوڵیداوە بە بنەمایەکی شۆڕشـگێڕییەوە پراکتیزەی میکانیـزم و بنەماکانی نەتەوایەتی عەرەبی بکات، لێرەوە خەسـڵەتێکی داهێنەرانـە بەخۆیـان دەدەن لـەوەدا کـە تاکـە هێـزی نێـو مەیدانـی نەتەوەیـی عەرەبن، توانیویانـە دروشـمی شۆڕشـگێڕیی بڵنـد بکـەن بـۆ بەدیهێنانـی خواسـتەکانی نەتـەوە[3].

گیانی شۆڕشـگێڕیی عەرەب لای بەعس بەرەو لاوازی و ساردبوونەوە ڕۆیشـتووە، ئـەم لایەنـەش هـۆکاری تایبەتـی هەبـووە، هـەر لـە دابەشـبوون و سـەرهەڵدانی ناکۆکیە ناوخۆییـەکان و بازرگانیکردنـی هەندێـک لە خەڵک بـە کولتـور و بەهـا نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتیەکانـەوە، تاپلانـی داگیرکـەران

١ بڕوانە{ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٤١؛ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣١-١٣٢}.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٤١.

٣ د. إلياس فرح، مقدمة في دراسة المجتمع، ص٤٩.

و...هتد، ئەم لایەنانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی بەعس وەک بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی، وەک هێزێک کە پەیامی ڕزگاریی و چارەسەری گشتی و یەکلاکەرەوەیە بۆ گشت کێشە و گرفتەکان، خۆی پێناس بکات و بێتە گۆڕەپانی خەبات، چارەسەری بەعسیش بۆ ئەم گرفتانە لە سەرەتاوە بریتییە لە کودەتا، کودەتا بە مانای هەڵگێڕانەوە و لەڕیشە دەرکێشانی گشت دەرد و نەخۆشیەکان و چاککردن و چارەسەرکردنیان بەخێراترین شێوە و کەمترین کاتی پێویست[1].

ئەم پرۆسەیەی بەعس ئاماژەی بۆ دەکات سەرەتا ناخی تاکەکانی نەتەوە، پاشان دام و دەزگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی و کولتوریەکان دەگرێتەوە[2]، بەم جۆرە ئەتوانین دیارترین خەسڵەت و کارەکتەرەکانی ناسیۆنالیزمی بەعس لە چەند خاڵێکدا وێنا بکەین کە دیارترینیان ئەمانەن:

### ١. ئیسلام و دیدی ناسیۆنالستانەی بەعس:

لەگەڵ ئەوەی بەعسیەکان بانگەشەی عەلمانیانەیان دەکرد، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدابوون (ئیسلام) وەک بەشێک لە کولتوری عەرەب و وەک مێژوویەکی پڕشکۆ و باڵادەستی عەرەبی، بکەنە پێکهاتێکی فەنتازیکراوی نێو ئایدیۆلۆژیای خۆیان، بەجۆرێک لە پیرۆزی ئیسلامەوە، پیرۆزی عەرەب وەک نەتەوەیەک لە بەرانبەر نەتەوەکان بسەلمێنن، لەبەرئەوە زۆر جار وێنەیەک لە وێنەکانی پەیامە نەمرەکەی بەعس بریتی بووە لە پەیامی ئیسلام و کەسێتی پێغەمبەر وەک کەسێتی هەموو نەتەوەی عەرەب ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها جەخت لەسەر بە عەرەببوونی ئەم

---

١ نضال حزب البعث العربي الإشتراكي عبر بينات قيادتة القومية (١٩٥٥-١٩٦٢)، دار الطليعة- بيروت، ط١٩٧١،٢، ص٥٩ ومابعدها؛ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الأول، ص١١٥ ومابعدها.

٢ مديرية الإعلام العامة-العراق، البعث العربي الإشتراكي إيمان راسخ، دار الحرية-بغداد،١٩٧٧، ص١٨؛ د.خاشع المعاضيدي و آخرون، دراسات في المجتمع العربي، ص١١٥ و١٢٥.

پەیامە و بۆ عەرەب بوونی و هەڵگرانی بە عەرەب لە قەڵەمدراوە[1]، هەر لەم دیدگایەوە بەعس هۆکاری هەڵبژاردنی نەتەوەی عەرەبی بۆ ئەو تایبەتمەندیی و خەسڵەتە پۆزەتیڤانە گێڕاوەتەوە کە لە خودی نەتەوەی عەرەبدا بوونی هەیە[2].

## ٢. فرە ڕەهەندیی ناسیۆنالیزمی بەعس:

بەعس لە سەرەتاوە نەیویستووە ڕاڤەیەکی ڕوونی ئەو ناسیۆنالیزمە بخاتە بەرچاو کە داکۆکی لێدەکات، هەندێکجار ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی خاوەن بنەمای ڕەگەزپەرستی نییە، واتە لە دیدێکی ڕەگەزییەوە مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکاندا ناکات[3]. هەروەها زیاتر لەوەش ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەک ناسیۆنالیزمێکی کراوە دەناسێنن کە توانای لەخۆگرتنی هەر تاکێکی هەیە ئەگەرچی خاوەن ڕەگەز و خاکێکی جیاواز بێت «عەرەب ئەو کەسەیە زمانی عەرەبی بێت و لەخاکی عەرەبدا بژی و بڕوای بە عەرەب بوونی ڕەچەڵەکی هەبێت»[4].

هەندێک کاتی تر هێندە دەبنە ناسیۆنالستێکی شۆڤێنی کە هەرکەسێک و نەتەوەیەک یان کەمینەیەک خواستی ڕزگاریخوازیی و سەربەخۆیی بڵند بکاتەوە، بە کەسانی جوداخواز و شوێنکەوتە و بەکرێگیراوی دەستی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم ئاماژەیان بۆ دەکرێت، هاوکات ئەو زەویانەی کەمینە نەتەوەییەکانی تێدا دەژی بە خاکی عەرەب لە قەڵەمدەدات[5].

## ٣. سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمی بەعس:

ناسیۆنالیزمی بەعس هەوڵیداوە لەگەڵ ڕەوتە ناسیۆنالیستانەکەی، بنەمایەکی سۆسیالیستانە پەیڕەوبکات، ئەم هەڵوێستەش لەلای

١ مشيل عفلق، المصدر السابق، ص١٢١ ومابعدها؛ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٣٠٥.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٢٤٥.

٣ المصدر نفسه،ص٢٤٧-٢٤٨.

٤ المسار الإنساني للبعث، ص٢٩.

٥ ميشيل عفلق، معركة المصير الواحد، مؤسسة العربية للدراسات-بيروت، ط٥، ١٩٧٣، ص٤٧.

بەعسیزم «پێویستیەکی هەرە گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئازادی نەتەوەیی عەرەب و یەکگرتنی و ڕاپەڕینە نوێکەی...لەبەرئەوە لە پێشەوەی ئەرکە خەباتکاریەکانەوە بڵاوکردنەوەی بیر و بەها و نەریتی سۆسیالیستانەیە» و پراکتیزەکردنێتی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا، هەروەها هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بە گوێرەی پێداویستی هەموو قۆناغێک، هەرکاتێک و لە هەر پارچەیەکی نیشتمانی عەرەبدا ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە و لە ئاسۆیەکی یەکگرتوویشەوە هەموو وای بۆ دەچن کە جێگیرکردنی سستەمی سۆسیالیستی عەرەبی تەواو لە سایەی دەوڵەتی یەکگرتوودا نەبێت نایەتەدی[1].

بەڵام ئەم سۆسیالیزمەی بەعس لەلایەن عەفلەقەوە دەلالەتەکەی دەستنیشان دەکرێت و دەنوسێت: «ئێمە لەگەڵ پرەنسیپی سۆسیالیزمدا کۆکین، بەڵام ناکۆکیمان لەمەڕ شێوازەکانی هەیە، هەروەها سەرنجمان لە سەر پێگەی ئەم سۆسیالیزم هەیە لە ژیانی ئێمەدا، ئێمە نەتەوە و ناسیۆنالیزمی خۆمان بە دەرهاویشتەیەکی لە ناکاوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووریی نازانین هەروەک لە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو ئەم سۆسیالیزمە شیاو و تەبایی هەیە لەگەڵ تێکۆشان و خەباتی نەتەوەییدا و میکانیزمێکی پیلانگێڕیی و داگیرکاری نییە بۆ وڵاتەکەمان، یان هۆکاری جوداخوازی و ڕوپۆشی بزوتنەوە شعوبیەکان نییە. ئێمە دەمانەوێت سۆسیالیزم ببێتە مایەی خزمەتکردن بە لایەنە نەتەوەییەکەمان...»[2].

### ٤. تواندنەوەی نەتەوە و چەمکە شۆڕشگێڕییەکان لە بۆتەی حزبی بەعسدا:

یەکێک لە دیارترین ئەو لایەنانەی بەعس جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە لەدایکبوون و گەشەکردنی ئەم حزبە خواستێکی

١ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-عیراق، ڕاپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی کانونی دووەمی (١٩٧٤)، لا١٢٧.

٢ مشيل عفلق، في سبيل البعث، ط١٩، ص٣١٠-٣١١.

واقیعی هەمەلایەنی ئەو بارودۆخە ناهەموار و دژوارە بوو کە عەرەب و نیشتمانەکەی تێکەوتبوو، لەبەرئەوە گشت بڕیار و هەڵوێست و بیرۆکەیەکی بەعس لە پێویستیەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوکات خۆی بە بەدیهێنەری چەمکی (شۆڕشگێڕی-سۆسیالیزمی عەرەبی-یەکێتی و یەکگرتن-ئازادی-بوێری و چاونەترسی-...هتد) پێناسە دەکات[1].

لێرەوە بەعس زەمینەسازیی دەکات بۆ ئەوەی بڵێت کە ئەو دروشم و خواستە نەتەوەیی و نیشتمانیانەی نەتەوەی عەرەب لە دوای وێڵە بە تەواوی و بێ کەموکوڕی لە بەعسدا بەرجەستە بووە، بۆ نموونە لە تێگەیشتنی بۆ پەیامە نەمرەکەی عەرەبدا، بەم جۆرە گوزارشت دەدات «تێگەیشتنی قوڵ بۆ پەیامی نەتەوەی عەرەب لە بیروباوەڕی بەعسدا بەتەواوی بەرجەستەبووە بە هەموو ڕەهەندە مرۆیی و ئەخلاقی و ژیارەکەیەوە»[2].

هەروەها کاتێک بەعس مەرج و میکانیزمی بەدیهاتنی دەسکەوتە نەتەوەیی و ژیارەکانی عەرەب دیاریدەکات، هەوڵدەدات باس لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوام لە چوارچێوەی پارتێکی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراو لەسەر ئاستی هەموو خاکی عەرەب کۆبکاتەوە، تا لە دواجاردا بڵێت «لەبەرئەوە پێویستە بەعس ئەو میکانیزمە (حزب) بێت کە مەرجە بۆ گەیشتن بە ئامانج و هیواکان، بەڵکو بەعس دەبێتە دینگەیەکی سەرەکی کە ئاواتە باڵاکان و ناوەڕۆکی پەیامی عەرەبی بەرجەستە دەکات لە واقیعدا»[3].

بەم جۆرە بەعس لە هەوڵێکی بەردەوامدا، کار لەسەر مەترسیدارترین خواستی شاراوەی خۆی دەکات کە تواندنەوەی نەتەوەیە لە بۆتەی

١ میشیل عفلق، معركة المصير الواحد، ص١٣٩ ومابعدها.

٢ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣٢.

٣ المصدر نفسه، ص١٣٣.

حزبێکدا، لەقاڵبدان و سنوردارکردنی نەتەوەی عەرەب و بەبەعسیکردنی هەر بوونەوەرێکە لەم چوارچێوەیەدا دەژی.

لێرەوە ئەو خەونەی بەعس لە زەینی خۆیدا دەیبینیً، سەرەتا پێکهێنانی پارتێکی بەعسیە بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی بەعسی، کە ئەشیً دواجار بۆ جیهانێکی بەعسی سەر بکێشیً، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەمان ئەو خەونەیە کە هیتلەر و نازیەکانی ئەڵمانیا کاریان بۆ دەکرد.

## بەشی سێیەم

# بەعس و پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراق

# باسی یەکەم

## بەعس و کورد

کورد وەک نەتەوەیەک هاوشانی گشت نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دووچاری چەوسانەوە و چەپاندنی تورکە عوسمانییەکان هاتبوو، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، بڕیاری ویلسنی سەرۆکی ئەمریکی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکان کرایە پرەنسیپ و کاری بۆ کرا. زۆر نەتەوە کیان و مافی خۆی وەرگرت، هەندێک نەتەوە چەند کیانێکیان بۆ دروستکرا، هاوکات هەندێ لە نەتەوەکانیش لەنێوان دەوڵەتە تازە دامەزراوەکاندا دابەشکران و کرانە کەمە نەتەوە لە بەرانبەر نەتەوەی باڵادەست.

لە عێراقدا هەر لە ساڵانی (١٩٢٠) و دواتر لەگەڵ گشت سەردەمە پاشایەتی و کۆمارییەکاندا و بەجیاوازیی حکومەت و لایەنی دەسەڵاتدار، هەمیشە کێشەیەک هەبووە بە (کێشەی کورد) یان زۆرجار بۆ بچوک کردنەوەی بە (کێشەی باکور) ناوبراوە.

بەعسیەکان پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست لە عێراق و بگرە لەسوریاش، هەڵوێستی خۆیان لەبەرانبەر عەرەب و ئەوانەی لە سنووری ئەو نیشتمانە عەرەبییەدا دەژیین (کە خۆیان نەخشەیان کێشاوە) دیاریکردووە، لە کۆنگرەی یەکەمدا باسکراوە کە (کەمە نەتەوە

ناعەرەبەکان کە ناتوانرێ لە کۆمەڵی عەرەبیدا بتوێنرێنەوە و بەشێوەیەکی تەواو بەعەرەب بکرێن دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتییەوە کەئەرک و مافەکانیان بەشێوەیەک دیاریدەکات نەتوانن زیان بە بەرژەوەندیەکانی عەرەب بگەیەنن و بێباکانە دادەنرێن. مافی دەوڵەتی عەرەبییە هەرکاتێ بیەوێ ئەوانەی زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنن، دەریانبکات و دروستکردنی قوتابخانە و دامەزراندنی ڕێکخراو و ڕۆژنامە بەزمانەکەیان و بانگەوازی نەتەوایەتیان قەدەغەبکات)[1].

بۆ ساردکردنەوەی کێشەی کەمینەی نەتەوەیی زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کەمینەکان لەمیانەی قۆناغە مێژوییە جیاجیاکاندا بەشێکی زیندوی پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب بوون و نامۆ نەبوون پێی، ئەو دەنگە ناڕەزاییەی لەلایەن ئەو نەتەوانەوە بەرزکرابێتەوە بە دەستی دەرەکی و پلانی دوژمنانی نەتەوەی عەرەب (ئیمپریالیزم و زایۆنیزم) لەقەڵەمدراوە[2].

کاتێک مەرجەکانی ئینتمای تاک بۆ نەتەوەی عەرەب دیاریکراوە، ئەوەیە لەخاکی عەرەبدا بژی و زمانی عەرەبی بێت و بڕوای بە عەرەب بوونی خۆی هەبێت [3]، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی وەک لایەنێکی مرۆیی بەعس لای خۆیان باسی لێدەکرێت، مایەی شەرەفمەندانەیە بۆ ئەو نەتەوانەی کە خۆیان دەکەنە عەرەب، چونکە عەرەب نەتەوەیەکی خاوەن ژیارو مێژوویەکی پڕشنگدارە.

(عەفلەق) لەکاتی سەردانی بۆ عێراق لە ئایاری ساڵی ١٩٦٩دا بەمجۆرە باسی کێشەی کوردی کرد: (... بەدرێژایی چەندین سەدە کوردەکان هاونیشتمانییەکی عەرەبی موسوڵمان بوون وەک عەرەبە

١ چیا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩

٢ محمود سالم السامرائي، المصدر السابق، ص٩٠-٩١

٣ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي، الكتاب الثاني، ص١٦٥.

موسوڵمانەکان، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نەبووە لەکاتێکدا وڵاتە عەرەبیەکان لەشێوەی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکدا بوون...) [1].

لەمگوزارشتەی عەفلەقەوە زیاتر ئەو ڕاستیە ڕوندەبێتەوە کە بەعس هەرگیز ئامادە نەبووە دان بەڕاستی بوونی ئەو نەتەوانەدا بنێت کە بە کەمینە ناویان دەبات و هەمیشە وەک عەرەب باسیان دەکات.

لەلایەکی ترەوە بەعس هەوڵیداوە کەمینە نەتەوەکانی نیشتمانی عەرەبی بۆ دوو پۆل پۆلینبکات، لەگەڵ یەکێکیاندا جەنگ ڕادەگەنێت، چونکە ئەمان هاوکاریی و کۆمەکیان لە دوژمنانی عەرەبەوە پێدەگات و زیندوکەرەوەی هەموو کردارێکی دواکەوتوانە و گەندەڵین، لەبەرانبەردا پۆلێکی تر هەیە کە بەبڕوای بەعس تێڕوانینێکی واقیعی هەیە، چونکە خۆی بەبەشێک لەنەتەوەی عەرەب دەزانێت و چاکەو خراپەی عەرەب بەچاکەو خراپەی خۆی دەزانێت [2].

ئەم تێڕوانین و هەڵوێستانەی بەعس لەبەرانبەر کەمینە نەتەوەییەکان، کە (کورد)یش یەکێکە لێیان، دواجار لە دەستوری حزبی بەعسدا ڕەنگیداوەتەوەو هیچ مافێکی بۆ کورد لە عێراق و سوریا دیارینەکردووە، (جەمال ئەتاسی) کە یەکێکە لە بەعسیە پێشەنگەکان و دواتر وازیهێنا، دەڵێت: دروشمی حزب (نەتەوەی عەرەب یەکێکە و خاوەن پەیامێکی نەمرە) هەموو ئازادی و دیموکراتی و سیفەتێکی مرۆیی ڕەتدەکاتەوە و گوزارشت لە دیدی نەتەوەیی و شۆڤێنی و هەوڵی بونیاتنانی ئیمپڕاتۆریێتی دەکات، هاندەرە بۆ جیاخوازیی و پاساوی هەموو ڕەوتێکی تۆتالیتارو دەستبەسەرداگرتن دەدات[3].

١ هوشيار زيباری، الموقف الآيدولوجي لحزب البعث العفلقي من قومية الكردية، مجلة (الثقافة الكردية)، العدد (١)، تشرين الأول (اكتوبر ١٩٨٨)، ص٥٨.

٢ ميشيل عفلق، معركة المصير الواحد، ص٤٧.

٣ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر نفسه، ص٥٨.

مادەکانی (١١و١٥و٢٠) زیاتر جەخت لەسەر چەمکی (پەیامی نەمر) دەکاتەوە لە دروشمی بەعسدا، مادەی (١١) بەمجۆرە دارێژراوە: (هەمووکەسێک کە بانگەشەی کلۆتگەریی ڕەگەزیی دژبە عەرەب بکات، یان بەمەبەستی داگیرکاریی هاتبێتە نیشتمانی عەرەب، دەردەکرێت)، مادەی (١٥) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (پەیوەندیی و پێکبەستە نەتەوەییەکان، تەنها ڕایەڵن کە لە دەوڵەتی عەرەبیدا تەبایی و ئاوێتەبوونی هاونیشتمانیان مسۆگەردەکات، دژی هەموو دەمارگیرییەکی ئاینزایی و خێڵەکی و ڕەگەزیی و هەرێمییە)، لە مادەی (٢٠)دا ئاماژە بەو کەسانە دەکات کە لەنیشتمانی عەرەب و سنوری دەوڵەتی عەرەبیدا جێگایان دەبێتەوەو نووسراوە (مافی هاونیشتمانی تەواو دەبەخشرێتە هەموو هاونیشتمانییەک کەلەزەوی عەرەبیدا بژی و دڵسۆزبێت بۆ نیشتمانی عەرەب، خۆی لە هەموو کلۆتگەریی ڕەگەزیی دابڕنیبێت)[١].

ئەوەی زیاتر ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت گوزارشتێکی (هانی فکیکی) ـە کاتێک نووسیویەتی: (نە لە کولتوری فیکری و سیاسی حزب، نەلە ئەدەبیاتی فیکری نەتەوەی عەرەبیدا ئاماژەیەک بەدیناکرێ کە گرنگیدان یان داننان بێت بە کێشەی نەتەوەیی و کەمینەی ڕەگەزیی و ئایینی و مەزهەبیەکان، لەیادم نییە بۆچون یان لێکۆڵینەوەیەکی حزبم خوێندبێتەوە لەبارەی (کورد) تەنها وتارێکی کورتی عەفلەق نەبێت کە لەساڵی ١٩٥٥دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بۆ کوردی عێراق و مەسیحیەکانی لوبنان و بەربەرەکانی مەغریب کردووە، تێیدا فاکتەری ئابووریی و پڕوپاگەندەی داگیرکارانی کردووە بەدوو فاکتەر بۆ هەستکردنی ئەو کەمینە نەتەوەییانە بە ستەم و نامۆیی و ترس لە عەرەبچێتی...)[٢].

سەرەتای پەیوەندیی نێوان کورد و بەعس لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، کاتێک پەیوەندیی نێوان حزب و هێزە سیاسیەکان بواری

١ المصدر نفسه، و الصفحة.

٢ هاني الفكيكي، المصدر نفسه، ص٢٩٤-٢٩٥

کرداری بەخۆیەوە بینی و ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ خوێندکاران گەڵاڵەبوو، ئەم لیژنەیە بۆ سەرپەرستیکردنی خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان پێکهێنرا کە لەو سەردەمەدا سازدەکران، ئەوەی لەم لیژنەیەدا بەشداریکردبوو (سابیت حەبیب ئەلعانی) وەک حزبی شیوعی (ڕەسمی عامل) وەک نوێنەری نیشتمانپەروەرە دیموکراتیخوازەکان (سادق حسەینی) نوێنەری حزبی ئیستقلال (حەبیب محەمەد کەریم) وەک پارتی دیموکراتی کوردستان (حازم جواد) وەک نوێنەری حزبی بەعس بوون[1].

لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ حزبی بەعس زیاتر بایەخی بە کورد دەدا، لە ١٩٥٨/١٠/١ ڕۆژنامەی (الجمهورية) وتارێکی لە بارەی کوردی عیراقەوە بڵاوکردۆتەوە بەمجۆرە «بوونی عەرەب و کورد لەم سنوورەدا پێویستی بە سەلماندن نییە، لەبەرئەوەی بوونی عەرەب و کورد لە عیراق مانای بوونی نیشتمانێکی هاوبەش دەگەیەنێت لە نێوانماندا، برایەتی کورد و عەرەب شتێک نییە لەسەرکاغەز بنوسرێت، چونکە پەیماننامەیەکی بازرگانی نییە لەنێوان دوولایەندا کە ئارەزووی لێک نزیکبوونەوە بکەن، بەڵکو پەیوەندییەکی ژیانیی ڕابردوو ئیستاو داهاتووی ئەم دوو نەتەوەیە پێکەوە دەبەستێت»[2].

ئەوە کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە هەڵوێستی بەعسیەکانە لە بەرانبەر شۆڕشی(١١)ی ئەیلوولی(١٩٦١)، چونکە بە ڕەوتێکی ڕەگەزپەرستی گومانلێکراو دەیناسێنێت و بە نوێنەری ڕاستەقینەی کوردی دانانێت، بەڵکو بەفاکتەری پارچە پارچە بوونی عیراق و دروستکردنی ناکۆکی و هەستی جیاخوازیی لەنێوان گەلی عیراقی لەقەڵەمدەدات، هەروەها سەرکردەو فەرماندەکانی شۆڕشەکە بەداردەست و هەلپەرست و بەردەستی داگیرکەران دادەنێت[3].

١ المصدر نفسه، ص٧٥-٧٦.

٢ حزب البعث العربي الإشتراكي، المنهاج الثقافي، الكتاب الثاني، ص١٦٦.

٣ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر نفسه، ص١٢١-١٢٢

بەمجۆرە بەعس هەوڵیداوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی کەداواکاری مافە نەتەوەیی و مرۆیی و یاساییەکانی کوردە لە چوارچێوەی عیراقدا، بە بزوتنەوەیەکی خێڵەکی و دژ بە گەلی عیراق پێناسەبکات و لە هاندەرە نەتەوەییەکان دووری دەخاتەوەو دەیکاتە پیلانێکی داگیرکەرانە بۆ دروستکردنی ئاژاوەو پارچە پارچە کردنی عیراق[١].

بەڵام دوای ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری کورد و بزوتنەوەی کوردی لە عیراق بۆ بەعسیەکان ڕووندەبێتەوە، هەڵوێستیان دەگۆڕن و جارێکی تر بایەخ بەکورد و کێشەکەی دەدەن، لەدوای کۆنگرەی پێنجەمی ساڵی (١٩٦٢)ی حزب (حەمدی عەبدولمەجید) لێکوڵینەوەیەکی تایبەت بەکورد پێشکەش بە سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب کردووە، بەڵام گرنگی پێنەدراوەو لەهیچ شوێنێکدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی لێکراوە جیاکرنەوەی هەڵوێستی عیراقە لە هەڵوێستی عەفلەق، هەروەها داوای کردووە توێژینەوە لەکێشەی کورد بکرێت وەک نەتەوەیەکی گەورە، کەخاوەنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و کولتوریی و خاکی خۆیەتی کە لەنێوان تورکیاو عیراق و ئێران دابەشکراوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردووە کەکوردی عیراقی کەمینە نین[٢].

لەدوا ساتەکانی ڕژێمی عەبدوکەریم قاسمدا جەختیان لەسەر ڕێزگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد و کەمە نەتەوەکانی عیراق کردووە، هەروەها بانگەشەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی کراوە بۆ ئەوەی ببنە هاوپەیمان بۆ دژایەتیکردن و خەبات دژی بارودۆخی ئەو کات و دەسەڵاتی قاسم، لە پێناو بەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراتی، لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی هەرێمی لە مانگی ئازاری (١٩٦٢)دا، (ستار

١ المصدر نفسه و الصفحة١٢٢.

٢ هاني الفكيكي، المصدر نفسه، ص٢٩٦.

دوری) پێویستی داننانی حزبی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد و پاڵپشتی ئوتۆنۆمی ڕاگەیاند[1].

بەمجۆرە حزبی بەعس هەوڵیداوە پەیوەندیی لەگەڵ کوردی عیراق بەهێزبکات و ئەم کارەش لەچوارچێوەی ئامادە باشیەکانی بەعس بوو بۆ سازدانی کودەتای (٨)ی شوباتی(١٩٦٣)، چونکە بەعسیەکان بە تەواوی کاریگەریی کوردیان بۆ دەرکەوتبوو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی عیراق، هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێت گرنگیدانی بەعس بەکورد هەڵوێستێکی ستراتیژیی نەبوو، بەڵکو زیاتر وەک پلانێک بوو بۆ بەهێزکردنی بەرەی دژایەتی ڕژێمی قاسم، ئەوەی زیاتر ئەم لایەنە ڕووندەکاتەوە و ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت هەردوو ئەزموونی دەسەڵاتداریتی یەکەم و دووەمی بەعسیەکانە لە عیراق.

لەبەرانبەردا، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دوای ئەوەی هەستی بە لاوازی ڕژێمی قاسم و سیماکانی داڕوخانی ئەم ڕژێمە کردبوو، هەوڵیدا کە پەیوەندیی بە ئەو هێزە سیاسیانەوە بکات کە ئەگەری ئەوەیان هەبوو جڵەوی داهاتووی عیراق لەدەست بگرن، دیارترین هێزێک کە زۆرتر ئەگەری هەبێت لەم مەیدانەدا (بەعسیەکان و ناسریەکان) بوون، لەم پێناوەدا (ئیبراهیم ئەحمەد) لەهەوڵێکی دەستپێشخەردا پەیوەندیی بە سەرکردایەتی بەعسیەکان و ناسریەکانەوە کرد، چونکە پێیوابوو کە ڕێککەوتنێکی پێشوەخت لەگەڵ ئەو لایەنەی دەسەڵاتی عیراق دەگرێتەدەست، جوڵانەوەی کورد لەمەترسی دەپارێزێت، هاوکات کارئاسانی بۆ کورد دەکات کاتێک ئەم لایەنە دەچێتە دەسەڵات و کێشەکان باسیان لێدەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەیان، ئەو کەسەش (ئیبراهیم ئەحمەد) پەیوەندی پێوەکرد عەقیدی خانەنشین (تاهیر یەحیا) بوو[2].

١ المصدر نفسه، ص١٢٥.

٢ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية، ص٧٥.

بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی کورد و حزبی بەعس بەهۆی چەند کەسایییەکی وەک (فوئاد عارف) کەوەزیر بوو پێشتر، هەروەها عەقید ڕوکن (کەریم قەرەنی)، کەهاوڕێی (تاهیر یەحیا) بوو، دامەزرا [١].

لێرەوە ئەکرێ بڵێین خواستی پەیوەندیکردن لەلای کورد و بەعس، وەک لە سەرچاوەکانەوە باسیلێکراوە، دوولایەن بوو و هەردوولا بەمەبەستی جیاواز لە هەوڵی پەیوەندکردندا بوون بەیەکەوە، چونکە سەروبەندی ڕووخانی قاسم و لاوازی دەسەڵات، خۆی لەخۆیدا خوڵقێنەری زۆر کێشەو ئاشوب و پەشێوی بوو.

ئەم پەیوەندیکردنە بەجۆرێک ئاڕاستەی وەرگرت کەدواجار لەسەر ئاستێکی باڵا، ئەمینداری بەعس (عەلی ساڵح سەعدی) لەگەڵ ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی (ساڵح یوسفی) کۆببێتەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا لە(کانونی دووەمی١٩٦٣)، شێوە ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد هاتەئاراوە، کە باسی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کرابوو، هەروەها سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئامادەیی خۆی بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و بەشداریکردن لە سیستمی نوێ و ڕێزگرتن لە هەر هێزێکی سەربازیی کە بیەوێت بەرەو بەغداد و بە مەبەستی بەرگریکردن لە سیستەمی قاسم بڕوات، دەربڕی[٢].

جێگای سەرنجە کە حزبی بەعس زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بوو خۆی پابەند نەکات بە بڕیارو بەڵێنەکانیەوە، لەبەرئەوە زۆرینەی ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لەکاتی کۆبوونەوەکاندا بڕیاری لێدرا [٣]، زیاتر زارەکی بوون، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بەعس لە هەوڵی کات بەسەر

---

١ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر نفسه، ص١٢٤

٢ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية، ص١٤٩، الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر نفسه، ص١٢٤.

٣ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر نفسه، ص١٢٤-١٢٥.

بردندا بووە تاکاتی سازدانی کودەتاکەیان، هەڵوێستێکی ڕاستگۆیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو.

ئەوەی ڕاستێتی ئەم لایەنە دەخاتەڕوو ئەو چاوپێکەوتنەی (عەلی ساڵح سەعدی)ە لەگەڵ (جەمال ئەتاسی)دا، کە لەوەلامی پرسیاری (چی ئەکەن لە بەرانبەر کێشەی کوردو کێشەی کورد لە عیراق؟)دا دەڵێت: (لێتان ناشارمەوە کە پێش شۆڕش پەیوەندیمان بەسەرکردایەتی جوڵانەوەی کورد کردووە بۆ ئەوەی لەکاتی بەرپاکردنی شۆرشەکەمان ئارامیان بکەینەوە پاڵپشتمان بکەن، بەڵێنمان پێداون کە ئۆتۆنۆمییان بدەینێ، سوورین لەسەر بەدیهێنانی هەندێک لەداواکانیان، ئەگەر ڕازیبن ئەوا بۆیان جێبەجێدەکرێت، ئەگەر نا ئێمە کاری خۆمان تەواو کردو ڕێکخست، بەجۆرێک ئەتوانین کۆتایی بە هەڵگەڕانەوەکەیان بهێنین لە ماوەی هەفتەیەک یان سێ هەفتە)[1].

دەرئەنجامی ئەو دانوستاندنانەی لە نێوان کوردو بەعسدا گەڵاڵەبوو، کورد هەڵوێستێکی لایەنگرانەی بۆ بەعسیەکان دەربڕیی و پابەندیی بەڵێنەکانی بوو، (مونزر موسڵی) لە بارەی هەڵوێستی کورد بەرانبەر کودەتای (٨) شوباتی(١٩٦٣)ەوە دەنووسێت: "جەماوەری گەلی عیراق بەکورد و عەرەبەوە پێشوازیان لەو ڕووداوە گەورەیە کرد، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بانگەوازێکی ئاڕاستەی (فوئاد عارف) کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکات بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆڕش،...، وەک وەڵامێک بۆ ئەم بانگەوازە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە(ساڵح عەبدوڵا یوسفی) ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی کرد بە هاوبەشی (فوئاد عارف) بروسکەیەک پێشکەش بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەن."[2].

١ المصدر نفسه، ص١٢٥.

٢ منذر الموصلي، المصدر السابق، ص١٣٤؛ حبيب محمد كريم، تاريخ حزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات-دهوك-١٩٩٨، ص٨٤.

ئـەم بروسـكەیە وەسـفی قاسـم وەک دروشـمێكی هـەردوو نەتـەوەی كورد و عـەرەب لەقەڵەمدەدات، هەندێک سـەرچاوە باس لـەوە دەكـەن عارف و یوسفی خۆیان چوونەتـە باڵەخانـەی ڕادیۆ بروسكەیان پێشكەشكردووە[1].

حكومەتی بەعسیەكان بە شێوەیەكی كرداریی ئارەزوومەندی ئاگربڕی ڕاگەیاند، هـاوكات بارزانـی بانگەشـەی بەسـتنی كۆنگرەیەكـی نیشـتمانی دەسـتپێكرد، تاوەكو لەمیانەیدا بتوانن ئـەو داواكاریی و مافانـە دیاریبكەن كـە دەیانەوێت گفتوگۆی لەسـەر بكـەن لەگـەڵ حكومـەت، هەورەهـا هـەر لـەم كۆنگرەیـەدا ئەندامانی نوێنەرایەتی بـۆ گفتوگۆ هەڵبژێردران [2].

دانوسـتاندان بەشـێوەیكی كرداریی لەنێوان حكومـەت و نوێنەرایەتی گەلی كورد كە (جەلال تاڵەبانی) سـەركردایەتی دەكرد و ئەندامێتی (سـاڵح یوسـفی و مەسـعود محەمـەد و حسـەین خانەقا و سـەمەد محەمـەد و حەبیب محەمـەد كەریم و عەقید سدیق و شـاخەوان نامیق و بابەكر ڕەسـوڵ و مسـتەفا عەزیز و چەندانـی تر دەسـتپێكرا[3].

لەمیانـەی زنجیرەیـەک گفتوگۆكـردن لەنێـوان نوێنـەری كـورد و نوێنەرایەتی حكومـەت، سـەركردایەتی شـۆڕشـی كـورد زۆر جەختی لەسـەر ئۆتۆنۆمـی دەكردەوە، لـە كاتێكدا حكومـەت زۆر داكۆكی لەسـەر جێبەجێكردنی (لامەركەزیەتی كارگێڕیی) دەكردەوە، ئەوە بـوو لەدواتردا گەیشـتنە گوزارشـتی كارگێڕیی خۆیی، بەڵام ئەم چەمكە دوو تێگەیشـتنی هەبوو لەلایەن كورد و بەعسەوە، كورد(كارگێڕیی خۆیی) بە (لامەركەزی سیاسـی) لێكدەدایـەوە، لەكاتێكدا حكومـەت بە(لامەركـەزی كارگێڕیـی)

١ منذر الموصلي، المصدر السابق، ص١٣٤.

٢ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص٨٤-٨٥.

٣ حبيب محمد كريم، المصدر السـابق، ص٨٥ {حەبیب محەمـەد كەریم پێیوایـە لەمانگی ئـازاری ١٩٦٣ دەسـتی پێكراوە} بـەڵام مونـزر موسـڵی بـاس لـە (١٨)ی شـوبات دەكات.

ڕاڤەی دەکرد[1]، لەم پێناوەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (پرۆژەی لامەرکەزی) ڕاگەیاند، کەزیاتر بەمەبەستی لایەنە کارگێڕییەکە بوو نەک لایەنە سیاسیەکە، لێرەوە حکومەت لە هەوڵدابوو یاری بەمافەکانی کورد بکات و خۆی لە ئۆتۆنۆمی دووربگرێت، لەبەرئەوە بارزانی داوای لە حکومەت دەکرد کە بەیانێک لەمانگی ئازار دەربکات کە دان بە ئۆتۆنۆمی کورد بنێت، ئەگەرنا جەنگ ڕادەگیەنێت [2].

گفتوگۆ لە نێوان کورد و بەعس دەرئەنجامێکی باشی نەبوو، تەنانەت لە(٩)ی حوزەیرانی ساڵی(١٩٦٣)دا دەسەڵاتدارانی بەغداد ئەندامانی نوێنەرایەتی کوردیان دەستبەسەرکرد لە سەربازگەی ڕەشید و ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن و ئازارو ئەشکەنجەدان بوونەوە، لە هەمان ڕۆژدا پۆلیس و ئاسایش کەوتنە دەسگیرکردنی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری بەغداد، هەروەها وەزیری ناوخۆو جێگری سەرۆک وەزیران و بەرپرسی یەکەمی حزب (عەلی سالح سەعدی) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسینیان بەست، کە لەشێوەی ڕاگەیاندنی جەنگدا بوو لەسەر کورد، تێیدا مۆڵەتی(٢٤) کاتژمێریان بەکورد دا بۆ تەسلیمبوونەوە[3].

بەمجۆرە پرۆسەی گفتوگۆکردن و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە بنبەست گەیشت، ئەمەش دەرئەنجامی هەنگاوەکانی بەعس بوو کە ئامادەنەبوو دان بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بنێت و زیاتر جەختی لەسەر لایەنە کارگێڕیەکانی ئەو دەسەڵاتە لامەرکەزییە دەکردەوە کە بەکوردی دەدات نەک لایەنی سیاسی، لەبەر ئەوە کاتێک کورد و جوڵانەوەکەی لەهەڵوێستی بەعس تێدەگەن بەناچاری پەنا بۆ چەک دەبەن، چونکە دواجار بەعسیەکان نەک ئامادەنین مافی کورد بسەلمێنن، بەڵکو هەڕەشە لەکورد دەکەن و نوێنەرەکانیان دەست بەسەر دەکەن.

١ د. عبد الفتاح علي يحى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية (ملاحظات التأريخية و الدراسات الأولية)، مطبعة الوزارة التربية – اربيل، ط١، ٢٠٠١، ص٢٣١.

٢ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر السابق، ص١٢٥-١٢٦

٣ د. عبدالفتاح علي يحى البوتاني، المصدر السابق، ص٢٣١-٢٣٢

ئەم کارەی بەعسیەکان جگە لەوەی هەڵوێستێکی دیکتاتۆرانەی هەبوو، هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی بوو کە لەمیانەی یەکەم ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی بەعسیەکان ئەنجامدرا، چونکە کێشەی کورد لەمپەرێکی بەردەوامبوو بۆ ئەم حکومەتە و دواجار خۆشیان ئەم ڕاستییە ئەسەلمێنن کە چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد فاکتەرێکی سەرەکی شکستی بەعسیەکان بوو لە(١٨)تشرینی دووەمی (١٩٦٣)دا[١].

شکستی یەکەم دەسەڵاتی بەعسیەکان، بووە خاڵی بەخۆدا چوونەوە و دیاریکردنی لایەنە لاواز و خراپەکان، لەبەرئەوە سەرلەنوێ ڕێکخستنەکان توندکرانەوەو سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ حزب دیاریکرا، لەتشرینی یەکەمی (١٩٦٦)دا سەرکردایەتیەکی نوێ بەسەرکردایەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر) هەڵبژێردرا[٢].

ئەم سەرکردایەتیە توانی لە ڕۆژانی(١٧-٣٠)ی تەمموزی ساڵی(١٩٦٨) دا بەهاوبەشی لەگەڵ چەند کەسایەتی و لایەنی تر بۆ جاری دووەم جڵەوی دەسەڵاتی عیراق بگرنەدەست، بەعسیەکان پێش کودەتای(١٧-٣٠) تەمموزی(١٩٦٨) هەوڵیانداوە پەیوەندیی بکەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتی (عەبدولڕەحمان عارف) هاوکاری یەکتری بکەن، بەڵام ئەم پەیوەندییە ئەنجامێکی دیاری نەبووە[٣].

دوای ئەنجامدانی کودەتا لە(١٧) تەمموز، بەعسیەکان داوایان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بەشداری حکومەتی نوێبکات، پارتی ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی کە دوو وەزیری بەشداریی بکات، بەڵام بەمەرجێک سەرکردایەتی ئەم حکومەتە بەدەربێت لەو کەسایەتیانەی لە(١٩٦٣)دا بەشداریان کرد، بەڵام دوای ئەوەی بەعسیەکان پابەندی بەڵێنەکەی خۆیان نەبوون و (تەها محێدین مەعروف) کە لە(١٩٦٣)

١ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٧٨،

٢ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، المصدر السابق، ص١٥٠

٣ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص١١٣

بەشداریی حکومەتی کردبوو، لەحکومەتی نویێ بەشداریان پێکرد، پارتی بڕیاری پاشەکشەپێکردنی نوێنەرەکانی دەکرد[1].

دەرئەنجامی ئەم هەڵوێستە، بارودۆخی نێوان پارتی و بەعسیەکان ڕوو لە تێکچوون بوو، لەبەرئەوە جارێکی تر پەیوەندییەکان پچڕان و جەنگ هەڵگیرسا، هاوکات حکومەت هەوڵیدا ئەو ناکۆکی و دابڕانەی نێوان مەلا موستەفاو باڵی مەکتەبی سیاسی بقوزێتەوە و بیکاتە فاکتەرێک بۆ لاوازکردنی هەردوولایان.

شیاوی باسە لەزستانی (١٩٦٨-١٩٦٩)دا، جارێکی تر کردارە سەربازییەکانی حکومەت لەدژی پێشمەرگە دەستیپێکردووەو هێزی ئاسمانی کەوتە لێدان و بۆمبارانکردنی ناوچە کوردییەکان، لەبەرئەوە لەم ماوەیەدا کوشتارو شەڕێکی خوێناوی لێکەوتەوە[2].

بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی بەعسیەکان چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان بە شێوازی سەربازیی بە ئەستەم زانی، لەکانوونی دووەمی(١٩٧٠) پاش چەند هەوڵێک کە (عەزیز شەریف) وەک میانیگەرێک پێیهەڵسا، گفتوگۆ بە شێوەیەکی کرداری دەستیپێکرد[3].

پرۆسەی گفتوگۆکردن بەناردنی نمایندەی هەردوولا بۆ چەندین جار بەردەوام بوو، تا دواتر لەبەیاننامەی(١١)ی ئازاری ساڵی(١٩٧٠) دا فۆڕمەڵە بوو، کە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغداد و لەلایەن (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە ڕاگەیانرا، (سەددام حەسەین)یش بووە سەرۆکی (لیژنەی باڵای کاروبارەکانی باکور) کە لەپێناوی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم بەیانە پێکهاتبوو [4].

١ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص١١٤.

٢ د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكردية، ص١٥٥.

٣ المصدر نفسه، ص١٥٦-١٦٦.

٤ المصدر نفسه، ص١٦٦

بەیاننامەی(١١)ی ئازار ڕووداوێکی ئیجابی گەورەو خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی عیراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، جەماوەری گەلی عیراقیش بەکورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانیشەوە خۆشحاڵانە پێشوازیان لێکرد. بەیاننامەی یانزەی ئازار ئەگەر چی بەشێک لەداوا ڕۆشنبیریی و کولتورییەکانی کوردی لەخۆگرتبوو، لەدیدی بەعسدا چارەسەری تەواو و گشتگیری کێشەکانی کوردی لەعیراق کردبوو، لەبەرئەوە دەبینین کۆنگرەی هەشتەمی هەرێمی حزب ئاماژەی بۆکراوە "پارتی توانی چوارچێوەیەکی ڕاست و تەواو لەڕووی تیۆری و سیاسی و کارگوزارییەوە بدۆزێتەوە و لەبەڵگەنامە مێژووییە مەزنەکەدا کە بەیاننامەی(١١)ی ئازاری (١٩٧٠)یە دابڕێژرێت."[١]، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەعس یەک هەڵوێستی نەبوو لە بەرانبەر کورد و جوڵانەوەکەی، ئەمەش بە ڕوونی لەکۆنگرەی (٨)دا هاتووە کە "سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کاتێک بڕیاری هاوکاریکردنیدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لە چوارچێوەی بەیاننامەی یانزەی مارتدا، هەرگیز ئەو هەڵە سیاسییانەی پشتگوێ نەخستبوو کە هەندێ باڵی ئەو پارتە لەسەری دەڕۆشتن، هاوکات ئەو پەیوەندییە گوماناوییانەی بە دەستەو تاقمە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستەکانەوە هەیانەو ئارەزووی گۆشەگیریی دەکەن."[٢].

لەلایەکی ترەوە هەمیشە بەعس جەختی لەسەر خاڵێک کردۆتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد نییە، هەڵوێستەکانی پارتی بە جوڵانەوەی ڕەگەزی لەقەڵەمداوە[٣].

ئەم گومان و هەڵوێستە دواجار کاریگەریی نەرێنی هەبوو لەسەر ڕەوتی ئاشتی و بەیاننامەی(١١)ی ئازار، بەڵام ئەوەی زیاتر دۆخەکەی

١ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

٢ هەمان سەرچاوە. ل١٠٠.

٣ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، ڕاپۆرتی ناوەندی نۆیەم کۆنگرەی هەرێمانە، ل ٧٢-٧٣.

شلۆقکرد، هەردوو هەوڵی لەناو بردنی (ئیدریس بارزانی) و هاوڕێکانی بوو کاتێک لەناوەندی ساڵی(١٩٧١)دا بەمەبەستی پیرۆزبایی جەژن سەردانی بەغدایان کرد، هەروەها هەوڵی لەناوبردنی (مەلا موستەفا بارزانی) بوو لە(حاجی هۆمەران) کە لە(١٩٧١/٩/٢٨)دا ئەنجامدرا[١].

لە(٩)ی نیسانی(١٩٧٢)دا پەیماننامەیەکی هاریکاری و دۆستایەتی لەنێوان عیراق و یەکێتی سۆڤیەت بەسترا، ئەمەش بووە فاکتەرێک شیوعیەکانی عیراق بەشداری لە حوکمدا بکەن، لێرەوە بەعس هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکیدا کە خۆی سەرکردایەتی بکات، هاوکات ئەو بڕیاری خۆماڵیکردنەی نەوت کە لەحوزەیرانی١٩٧٢دا دەری کردبوو جەماوەرێکی باشی بۆ بەعس کۆکردەوە [٢].

بەهێز بوونی بەعس لە ڕووی سیاسی و جێگیربوونی دەسەڵاتی عیراق، زیاتر بووە هۆی ئەوەی هەڵوێستەکانی لەخاڵی بەهێزەوە پیشانبدات و ئامادەیی شازشکردنی تێدا نەبێت، لەبەرئەوە لە کۆتایی ساڵی(١٩٧٢)دا ناکۆکی و جیاوازییەکان لەدەزگای ڕاگەیاندنەوە پەخش دەبن، ڕۆژنامەی (الثورة) ئۆرگانی حکومەت لەمیانەی چەند وتارێک هێرشی کردۆتە سەر پارتی و زۆر لە سەلبیات و سنوربەزاندنەکان و پابەندنەبوون بە بڕیارەکانەوە دەداتە پاڵ پارتی دیموکرات، هاوکات پارتی لەدووتوێی ڕۆژنامەی (التآخی)دا بەرپەرچیداوەتەوە[٣].

ئەوەی بارودۆخەکەی بەتەواوی تەقاندەوە، ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژەی ئۆتۆنۆمیە بوو لەلایەن (بەرە)وە پێشکەشکراو لەلایەن حزبی بەعس و حزبی شیوعیەوە داڕێژرابوو، بڕیاربوو لە(١١)ی ئازاری (١٩٧٤) دا جێبەجێبکرێت، چونکە دەرئەنجامی ئەم پرۆژەیە کە ناوەڕۆکەکەی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بەیاننامەی(١١)ی ئازاری(١٩٧٠) هەبوو،

١ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص١٢٤.

٢ محمد جمال باروت وآخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٩٢-٣٩٣.

٣ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص١٢٦.

گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد کۆتایی پێهێنرا، بڕیاری شەڕ لە باکور ڕاگەیەنرا، لێرەوە حزبی شیوعی پەیوەندیی لەگەڵ پارتی تێکچوو و بەشداریی لە لێدانی کوردستان کرد، ئەوەش کە ئەم جەنگەی یەکلاییکردەوە، ڕێکەوتننامەی جەزائیری نێوان عیراق و ئێران بوو لە ئازاری(١٩٧٥) و بەمەش شۆڕشی کورد لەناوبرا [١].

هەوڵەکانی بەعس بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و پێکهێنانی عیراقێکی بەعسی، دوای لەناوبردنی شۆڕی ئەیلول لە(١٩٧٥)دا، لێشاوێکی بە بەعسیکردنی تاکەکانی گەلی عیراقی دەستپێکرد، بەجۆرێک ئەگەر لەکاتی کودەتای (١٩٦٨)دا ژمارەی بەعسیەکان لە(١٠٠٠) کەس و کەمتردا بووبێت، لە ساڵی (١٩٧٦)دا گەیشتۆتە نزیکەی(١٠٠٠٠)ئەندام، لە ساڵی(١٩٨١)یشداو بەهەموو ئاستەکانی ئەندامێتیەوە (١) ملیۆن و نیو ئەندامی هەبوو کە نزیکەی (١٠٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی ئەوکاتەی عیراقی پێکهێناوە[٢].

ئەم لایەنە لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکە بۆ لەقاڵبدانی خەڵکی عیراق، هاوکات نەخشەیەک بوو بۆ بونیاتنانی دەوڵەتێکی تۆتالیتار، بەڵام ئەبێت ئەوەش لەبەچاوبگیرێت کە ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی دواتریش ڕوو لەزیادبون بووە، بەتایبەتی کەپێویست بوو هەموو تاکێک بەعسی بێت بۆ ئەوەی لەدام و دەزگایەکدا کاربکات، هاوکات هەڵوێستی بەعس لە بەرانبەر گشت کەمە نەتەوەکان و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە پێناوی بونیاتنانی ئەو سیستمەو چەسپاندنی چەمکی(پارتی سەرکردە) باشتر نەبووە لە هەڵوێستی بەعس بەرانبەر بەکورد کەلە دواتردا ئاماژەی بۆدەکەین.

سیاسەتی بەعسیزم بەرانبەر بەکورد، بەهاتنی (سەدام حسێن) بۆجڵەوی دەسەڵاتداریتی عیراق لە تەمموزی(١٩٧٩)دا بارودۆخەکەی

---

١ محمد جمال باروت و آخرون، الأحزاب و الحركات القومية العربية، ص٣٩٣-٣٩٤.

٢ المصدر نفسه، ص٣٨٨.

خراپتر کرد، چونکە لەگەڵ ئەوەی پەیڕەوی سیاسەتی بەبەعسیکردن و ڕاگواستنی کوردی دەکرد لە کەرکوک و ناوچە نەوتیەکان و سنوریەکان، لە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی تاکەکەسدا بوو لە عیراقدا، بۆ سەلماندن و ئەفسوناوی کردنی کەسێتی خۆی، جەنگی(عیراق-ئیران)ی بۆماوەی(٨) ساڵ هەڵگیرساند، داهات و سامانی وڵات هەمووی کرایە خەرجی بۆ جەنگ، هاوکات بەشێکی زۆر خەڵکی کوردستان لە دەرئەنجامی ئەم جەنگە ئاوارەو پەڕاگەندە بوون و زەوی و زاریان وێرانکراو مینرێژکرا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری کاسبکارو لاوی کورد بەزۆرەملێ ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کران.

پاشان پەلاماردانی(کوەیت)و داگیرکردنی، کە بووە هۆی گەمارۆی ئابووریی بەسەر گەلی عیراقدا بسەپێنرێت، جارێکیتر بارودۆخی ئابووریی عیراق و گوزەرانی خەڵکەکەی سەخت کرد، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کۆکوژ و گرتن و لە سێدارەدانی گەنج و لاوەکان لەکوردستان. هەموو ئەم لایەنانە زیاتر بووە مایەی وروژاندنی ڕق و کینەی خەڵکی کورد، ئەم تورەییەی کورد لە ڕژێمی بەعسی بەغداد، لە بەهاری(١٩٩١)دا کڵپەیسەند و بەشێکی زۆری کوردستان ئازادکرا.

# باسی دووەم

## بەعس و بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە لەعیراق

دەوڵەتی عیراق هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە لەساڵی (١٩٢١)ەوە بەردەوام بەدەست لاوازیی دینگەکانی و شلۆقی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گرفتە دیموگرافییەکانیەوە ناڵاندوویەتی.

یەکێک لەو لایەنانەی کێشە و گرفتی بۆ ئەم دەوڵەتە دروستکردووە، لەدەستگرتنی جڵەوی دەسەڵاتداریتییە لەلایەن کەمینەیەکی بچوک لەعەرەبی سوننەی عیراق، بێبەشکردن و دابڕینی بەشێکی زۆری شیعە وەک (ڕێبازی ئایینی) و کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لەعەرەب[1].

دەرەنجامی لەدەستگرتنی جڵەوی دەسەڵاتداریتی لەلایەن کەمینەی سوننەی عەرەب کە (١٩٪)ی ڕێژەی پێکهاتەی گەلی عیراقیان پێکهێناوە، زیاتر شوێنکەوتوانی ڕێبازی شیعەیان خستۆتە تەنگەتاویەوە[2]، ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە دروستکردنی گومان و پرسیار بووە لەشوناسی تاکی شیعە، وەک ناوزەدکردنیان بە (فارس و عەجەم و بیانی)[3].

١ د. حامد البياتي، شيعة العراق (بين الطائفية والشبهات في الوثائق البريطانية ١٩٦٣-١٩٦٦)، مؤسسة الرافد للنشر، لندن، ط١، ١٩٩٧، ص١١.

٢ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، ص٤٣.

٣ إسحق نقاش، شيعة العراق، ت، عبدالاله النعيمي، دارالمدى، سوريا، ط١، ١٩٩٦.ص٢٤٣،

لەبەرئەوە هەوڵ و خەباتی شوێنکەوتوان و لایەنگرانی ڕێبازی شیعە لەعیراق و لەسایەی هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماریی، دابەشکردنی دەسەڵات بووە لەنێوان شیعە و سوننە لەگشت دام و دەزگا حکومی و سەربازییەکاندا، هاوکات داکۆکیکردن بووە لەهاونیشتمانیبوون[1].

ئەگەر سەیری خشتەی ناوی سەرۆک وەزیرانی عیراق بکەین لەسەردەمی پاشایەتیدا، هاوکات ئەو ئاینزایەش دیاریبکەین کەپەیڕەویان کردووە، دەبینین (٢٠) لەو کەسانەی سەرۆک وەزیران بوون (سوننی) بوون کە (٥٤) جار وەزارەتیان پێکهێناوە، تەنها (٤) یان (شیعە) بوون و (٥) جار وەزارەتیان پێکهێناوە، بەڵام لەسەردەمی کۆماریدا (٥) سەرۆک وەزیران لە (سوننە) بوون کە (٨) جار وەزارەتیان پێکهێناوە، تەنها یەک سەرۆک وەزیران (شیعە) بووە یەکجار وەزارەتی پێکهێناوە[2]. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر سەرنجی لایەنی دیمۆگرافی و ڕێژەی پێکهاتەی دانیشتوانی عیراق بدەین، هەمیشە ڕێژەی شیعە زۆرینە بووە، خۆ ئەگەر ڕێژەی شیعە لەڕێژەی دانیشتوانی عیراق دەربکەین، ئەوا کورد و ئەو کەمینە نەتەوەییانەی لەکوردستانی عیراق دەژین زۆرینە دەبن لەچاو ڕێژەی عەرەبی سوننەی دەسەڵاتدار[3].

ئەو بارودۆخەی شیعەی عیراق گوزەراندویەتی، هاندەربووە بۆ ئەوەی لەهەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی عیراقیدا بەشداریی دیار و چالاکیان هەبێت، هەندێجاریش لەپێشەنگی شۆڕشگێڕاندابن، دیارترین نمونە شۆڕشی ساڵی (١٩٢٠)ی عیراق و ڕاپەڕینی کانونی دووەمی (١٩٣٥) و ئامادەباشیەکانیان بۆ پاڵپشتی شۆڕشی مایسی (١٩٤١) لەسەرەتاوە و هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی پەیمانی (پۆرتسمۆس)ی ساڵی (١٩٤٧) و

١ المصدر نفسه، ص٢٤٣.

٢ د. حامد البياتي، المصدر السابق، ص٥٢.

٣ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق، ص٤٨.

بەرپەرچدانەوەی کارەکانی حکومەتی (نوری سەعید) و ئەو ڕوداوە توندوتیژیانەی ساڵانی (١٩٥٢) بوون[١].

هاوکات و لەگەڵ شۆڕشی مایسی (١٩٤١)دا، بزاوتی ئیسلامی شیعی جارێکیتر کەوتەوە جوڵە و خۆڕێکخستن[٢]، لەمیانەیدا چەند ڕێکخراو و پارتی ئیسلامی دروستبوون، وەک (ڕێکخراوی لاوانی موسڵمان) لەساڵی (١٩٥١)کە (عیززەدین جەزائیری) سەرۆکی بوو، هەروەها (پارتی جەعفەری) کەلەساڵی (١٩٥٢) لەلایەن (حوسون سبر، عەبد ساحب دەخیل، محمد سادق قاموسی)ەوە دامەزرا، ڕێکخراوی (لاوانی عەقیدەو ئیمان) لەساڵی ١٩٥٧ لەلایەن (محەمەد عەلی ئەلمورعبی)وە دامەزرا، هەروەها (حزبی دەعوەی ئیسلامی) کەلە (تشرینی یەکەمی (١٩٥٧)دا دامەزرا[٣].

لەسەردەمی (عبدولکەریم قاسم)و دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ١٩٥٨، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخێکی لەباری هێنایە ئاراوە بۆ گەشەکردنی لایەنە نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکان، هاوکات تەوژمی شیوعیەکانی لەگەڵدابوو، کەلەم ماوەیەدا دژایەتی پیاوانی ئایینی دەکرا، بۆ نمونە شیوعیەکان لەساڵی (١٩٥٩) ویستیان مەرجەعی ئایینی شیعە (موحسن ئەلحەکیم) بکوژن، کاتێک سەردانی شاری (کەربەلا)ی کرد، لەبەرئەوە هێرشیان بردە سەر ئۆتۆمبیلەکەی، بەڵام توانرا ڕزگاربکرێت.

هەروەها حکومەت هەوڵیدا هەموو خێڵ و عەشرەتەکانی ناوەڕاست و خواروی عیراق چەک بکات، کەئەم خێڵانە پاڵپشتێکی بەهێزی پیاوانی ئایینی بوون، هەروەک سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن نزیکەی زیاتر لەملیۆنێک پارچە چەک لەچەکی جۆراوجۆر لەم عەشیرەتانە

١ بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە {علي المؤمن، سنوات الحجر (مسيرة الحركة الإسلامية في العراق ١٩٥٧-١٩٨٦)، دارالميسرة، لندن، ط١، ١٩٩٣؛ إسحق نقاش، المصدر السابق، ص٢٢٠ومابعدها}

٢ صلاح الخرسان، حزب الدعوة الإسلامية (حقائق ووثائق)، مؤسسة العربية للدراسات والبحوث الإستراتيجية، سورية- دمشق، ط١، ١٩٩٩، ص٣٣.

٣ المصدر نفسه، ص٣٥ومابعدها.... علي المؤمن، المصدر السابق، ص٥٢-٢٧، ٣٢.

کۆکراوەتەوە، لەهەنگاویکی تردا دەستتێوەردانی کاری سیاسی لە پیاوانی ئایینی قەدەغەکرد[١].

بەمجۆرە ڕەوتی سیاسی و ئایینی شیعە تاهاتنی بەعس بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عیراقی، بەناو کۆمەڵێک گرفت و قەیران و لەمپەری دەسەڵاتداراندا تێپەڕی.

سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان بەعس و شیعە، سەرچاوەکان پەیوەندییەکی دیاری ئەم دوو لایەنە پێش (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) باسناکەن، تەنها هەوڵێکی بەعسییەکان نەبێت بۆ دورستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان مەرجەعی دینی (موحسن ئەلحەکیم) و (محەمەد باقر سەدر)، کە لەساڵی (١٩٦٢)دا هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دورستبوونی (حزب)ێکیان بەناوی (حزبی فاتمی) دا، (حسەین سافی)[٢] یان نارد بۆلای (موحسن ئەلحەکیم) و ئاگاداری کردەوە لەبارەی ئەو حزبەوە کە (محەمەد باقر سەدر) سەرۆکیەتی، ئاماژەی بۆ مەترسیەکانی ئەم حزبە کردووە لەسەر (نەجەف) و بزوتنەوەی شیعەگەریی و جامعەی دینی، بەڵام (موحسن ئەلحەکیم) لەوەڵامدا پێیوتبوو: «تۆ پێتوایە لەسەدر دڵسۆزتر بیت لەسەر نەجەف و شیعە و حەوزەی عیلمی؟»[٣].

کاتێک بەعسیەکان هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی عیراق لە (٨)ی شوباتی (١٩٦٣)، هێزەکانی (پاسەوانی کۆماریی) کەوتنە لێدان و تەفروتوناکردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، ئەم لێدانە ئیسلامیەکانیشی گرتەوە، بەجۆرێک مەگەر شیوعیەکان بەم شێوەیە لێیان درابێت، ئەم سیاسەتە ئیسلامیەکانی ڕووبەڕووی بەعس کردەوە[٤].

١ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٣٧-٥٣.

٢ کەسێتییەکی بەعسیبوو، بەرگی پیاوانی ئایینی پۆشیبوو، پاشان شانازی بەوەوە دەکرد کەمێزەرەکەی لابردووەو دەستی کردووە بە خواردنەوەو ئەنجامدانی کاری مونکەرات لەیەک ڕۆژدا.

٣ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٥١.

٤ المصدر نفسه، ص٥٩.

(عەبدولسەلام عارف) وەک سەرکردەیەکی دیاری کودەتای (٨)ی شوبات و سەرۆکی وەزیران، کەسێکی زۆر دژبە شیعە بووە، تەنانەت (هانی فکیکی) دەڵێت: «من و شێخ ڕازی جارێکیان لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دواکەوتین، کاتێک گەیشتینە کۆبوونەوەکە، عەبدولسەلام پێیوتین: ئەوە ڕافز (رافض)ییەکان هاتن، مەبەستیشی ئەوەبوو ئێمە (شیعە)ین، ئەم کارە وای لە (ئەنوەر حدیسی) کرد ناڕەزایی خۆی دەربڕێت و داوا لەعارف بکات پۆزش بۆ ئەو گوزارشتە بهێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەجیاتی (شیعە) زاراوەی (شعوبی) بەکاردەهێنا[١].

لەلایەکی ترەوە ئەوەی سەرنجی بەعسیەکانی ڕاکێشاو زەنگی ئاگاداریی بوو بۆیان، سەردانی مەرجەعی باڵای شیعەی عیراق (موحسن ئەلحەکیم) بوو بۆ (کەربەلا و کازمیە و سامەڕا و بەغداد) لەڕۆژانی (١٧)ی تشرینی یەکەم تاڕۆژانی (٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣)، لەمیانەی ئەم سەردانەیدا هەڵوێستی شیعەی وەک هەڵوێستێکی ناڕەزایی و نیگەرانی لەبەرانبەر کردارەکانی حکومەتی نوێ {حکومەتی بەعسیەکان} دەربڕی[٢].

بزوتنەوەی ئیسلامی (شیعی)ش توانی جەماوەرێکی زۆر هانبدات و کۆبکاتەوە بۆ پاڵپشتی هەڵوێستەکانی (ئەلحەکیم) و پێشوازیکردن و سەردانی لەبارەگای تایبەتی خۆیدا، بەجۆرێک لەیەکێک لەڕۆژەکانی ئەم سەردانەدا (ئەحمەد حەسەن بەکر) ناچاربوو لەبەر قەرەباڵغی بۆ ماوەیەک ئۆتۆمبیلەکەی بوەستێت و بواری تێپەڕبوونی نەبێت، بەشێوازێک پۆلیسیش نەیتوانی ڕێگای بۆ بکاتەوە تا ئۆتۆمبیلی (ئەلحەکیم) تێنەپەڕیبوو[٣].

---

١ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٢٧٣.

٢ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٥٩.

٣ صلاح الخرسان، حزب الدعوة الإسلامية، ص١٣٤.

پێگەی ئایینی و پلەوپایەی (موحسن ئەلحەکیم) بەجۆرێک خەڵکی خرۆشاندبوو، کە (بەعس)یش ناچاربوو نوێنەری بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنی (ئەلحەکیم) بنێرێت، لەگەڵ ئەوەی (عەبدولسەلام عارف) دژی ئەم کارەبوو، چونکە ئەم هەڵوێستەی شیعەکانی بەخۆپیشاندانێکی خێڵەکی لەقەڵەمدا، بەڵام دوای فشارێکی زۆر ڕازیبوو (تاهیر یەحیا) بۆ ئەم مەبەستە بنێرن. هاوکات (ئەلحەکیم)یش هەوڵیداوە لەڕێگەی باوکی (هانی فکیکی)ەوە لەگەڵ نوێنەرانی بەعس کۆببێتەوە[1].

ئەوەبوو توانرا کۆبوونەوەیەک لەنێوان (ئەلحەکیم) کەلە (سەید مەهدی کوڕی و شێخ عەلی بچکۆل) و نوێنەرانی (بەعس) لە (حەمید خەڵخاڵ و موحسن شێخ ڕازی و حازم جواد و هانی فکیکی) پێکهاتبوون ڕێکخرا، (فکیکی) دەڵێت: «دیارترین لایەن کەنوێنەران بەناوی (ئەلحەکیم)ەوە داکۆکیان لێکرد، بریتیبوون لەهەندێک خواستی کەمینە بچوکە ناعەرەبەکان، هەروەها لەبارەی پڕۆگرامی خوێندن و کارمەندە کارگێڕییەکان و هاوکاریی دەزگا ڕۆشنبیریەکان و چاودێریکردنی ئەوقاف و...هتد، هەروەها پێویستی وەستاندنی کوشتار لەبەرانبەر (شیوعیەکان) و ڕەتکردنەوەی یاسای باری کەسی»[2].

شیاوی تێبینیکردنە، ئەو کەسانەی لەنێو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا دیاریکرابوون لەلایەن نوێنەرانی (موحسن ئەلحەکیم) گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت، کەسایەتی شیعەبوون. سەبارەت بەپێکهاتەی سەرکردایەتی بەعس لەڕووی ڕێبازی ئاینییەوە، ئەتوانین بڵێین هەموو ئەفسەرە بەعسیەکان لەعەرەبی سوننی بوون، لەهەمان کاتدا سەرکردە مەدەنیەکان بەشێکی زۆریان شیعەبوون[3]، بەمجۆرە:

---

١ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٢٧٣-٢٧٤.

٢ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٢٧٤.

٣ حنابطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ٣٣١-٣٣٢.

* لەمانگی ئایاری ساڵی (١٩٥٣) ئەندامانی سەرکردایەتی پێکهاتبوو لە:

| | |
|---|---|
| ١. فوئاد رکابی- ئەمیندار | شیعە |
| ٢. شەمسەدین کازم | شیعە |
| ٣. محەمەد سەعید ئەسوەد | شیعە |
| ٤. جەعفەر قاسم حەمودی | سوننە |
| ٥. فەخری قەدوری | سوننە |

دوای ئەوەی پێکهاتەی سەرکردایەتی فراوان کرا بەمشێوەیەی لێهات:

| | |
|---|---|
| ١. فوئاد رکابی - ئەمیندار | شیعە |
| ٢. شەمسەدین کازم | شیعە |
| ٣. جاسم محەمەد عەبباسی | شیعە |
| ٤. تەحسین مەعەلله | شیعە |
| ٥. جەعفەر قاسم حەمودی | سوننە |
| ٦. فەخری قەدوری | سوننە |
| ٧. فەیسەل حەبیب خەیزەران | سوننە |

* سەرکردایەتی هەرێمی کەلەیەکەم کۆنگرەی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٥) هەڵبژێردرا لەم ئەندامانە پێکهاتبوو:

| | |
|---|---|
| ١. فوئاد رکابی - ئەمیندار | شیعە |
| ٢. شەمسەدین کازم | شیعە |
| ٣. تەحسین مەعەلله | شیعە |
| ٤. فاهم سەحاف | شیعە |
| ٥. عەبدوڵڵا رکابی | شیعە |
| ٦. ساڵح شەعبان | سوننە |
| ٧. جەعفەر مەحمودی | سوننە |
| ٨. عەلی ساڵح سەعدی | سوننە |

* سەرکردایەتی هەرێمی هەڵبژێردراو لەدووەم کۆنگرەی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٧) بەمجۆرە بوو:

| | |
|---|---|
| ١. فوئاد رکابی – ئەمیندار | شیعە |
| ٢. شەمسەدین کازم | شیعە |
| ٣. عبدوڵلا رکابی | شیعە |
| ٤. حازم جواد | شیعە |
| ٥. سەعدون حەمادی | شیعە |
| ٦. عەلی ساڵح سەعدی | سوننە |
| ٧. خالد عەلی ساڵح | سوننە |
| ٨. کەریم شنتاف | سوننە)[١]. |

بەشێوەیەکی گشتی لەکۆی (٥٢) ئەندامی سەرکردایەتی بەعس، کەلە ماوەی نێوان (١٩٥٢ تاوەکو تشرینی دووەمی ١٩٦٣) سەرکردایەتی بەعسیان کردووە (٣٨,٥٪)ی لەعەرەبی سوننە بوون، (٥٣,٨٪)ی عەرەبی شیعەو (٧,٧٪) لە (کورد)ی فەیلی (شیعە) بوون[٢].

یەکلاکردنەوەی جڵەوی دەسەڵاتداریی لەلایەن (عەبدولسەلام عارف) و کەناگیرکردنی بەعسیەکان لە (١٨)ی تشرینی دووەمی (١٩٦٣)، زیاتر بووە هۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ عەبدولسەلام عارف کەدژایەتی خۆی لەگەڵ شیعەدا پڕاکتیزە بکات و بکەوێتە لێدان و تەشەرلێدان لە کەسایەتی سومبولە پیرۆزەکانیان، هاوکات هەوڵدان بۆ تیرۆرکردن و لەناوبردنی کەسایەتیە ناودارەکانیان، وەک ئەو هەوڵەی لە (١٩٦٥/٥/١١) دا کەهێرشیان بردە سەر مزگەوتێکی شیعە لەنزیک بەغداد کە (ئیسماعیل سەدر) نوێژی تێدا دەکرد[٣].

١ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق، ص٢٣٨-٢٣٩.

٢ حنابطاطو، العراق، الكتاب الثالث، ص٣٣٢.

٣ صلاح الخرسان، حزب الدعوة الإسلامية، ص١٤٩.

سەردەمی (عەبدولڕەحمان)یش، سەردەمی لاوازیی و شپرزەیی دەسەڵاتی مەرکەزی عیراقی بوو، لەبەرئەوەی تاهاتنی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات، بارودۆخ نائارام بوو، لەهەمان کاتدا هەلێکی باش ڕەخسابوو بۆ ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، لەلایەکی تریشەوە ململانێی هێزە ڕۆژئاواییەکان لەعیراقدا زیاتر پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەڕووخانی (ڕژێمی عارف) گومانی تێدانەبوو، لەبەرئەوە ڕۆژئاواییەکان هەوڵیاندەدا لەدیاری کردنی ڕژێمی نوێ دەستیان هەبێت، بۆیە کاتێک بەعسیەکان لەمیانەی کودەتای (١٧-٣٠)ی تەمموزی (١٩٦٨) هاتنە سەرحوکم، گومانێکی زۆریان لەسەر دروستبوو، ئەمە وای لەشیعەکانی عیراق کردووە بەئاشکرا و کۆکبن لەسەر ئەوەی هاتنەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات، کەلەم کاتەدا لە (٢٠٠) کەس تێپەڕیان نەکردووە، بەبێ پاڵپشتی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە بەدەستکردی ئەمریکی لەقەڵەمدەدەن[١].

هاتنەوەی بەعسیەکان بۆ پرۆسەی فەرمانڕەوایی عیراق، کارێکی لەناکاو نەبوو لەلای شیعەکانی عیراق، هەروەک (مەهدی ئەلحەکیم) دەڵێت: «ئێمە زانیاری دروستمان هەبوو کەبەعسیەکان جڵەوی دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەحمەد حەسەن بەکرو حەردان تکریتی و فازڵ حەسەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوەکردم، پێیان وتم: چیتان دەوێت؟ پێمانووتن: ئێمە هیچمان ناوێت تەنها بونیاتنانی حکومەتێک نەبێت کەخەڵک و ڕۆڵەکانی عیراق بەهی خۆیان بزانن»[٢].

بەعسیەکان بۆئەوەی بتوانن (ئەو مێژووە تاڵەی لەیەکەم ئەزمونی دەسەڵاتدارییان تۆماریان کردووە) بشارنەوە، هەوڵیاندا ئەمجارە بەپێناسێکی نوێ و بەرگێکی ئازادیخوازانەوە بێنەوە مەیدان، لەبەرئەوە لەسەرەتاوە پەیوەندییان لەگەڵ زۆر لەهێزەکانی عیراق دۆستانەبوو و بواری کاروچالاکیان پێدان، بۆیە بزوتنەوەی ئیسلامی (شیعی) لەم

١ د. سعيد السامرائي، المصدر السابق، ص٣١٤-٣١٥.

٢ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٨٤.

ماوەیەدا زیاتر گەشەیکرد، بەعسیەکان بۆ ئەوەی زیاتر خەڵکی شیعە بەلای خۆیاندا کێشبکەن، ڕێزێکی زۆریان بۆ سروت و دورشمە ئاییینی و حسێنییەکان دەربڕی، تەنانەت ئێزگەی عیراقی دەقی کوشتنی ئیمامی حسەینی بەتەواوی پەخشکرد، هەروەها کۆمەڵێک پرسەو شینی حسەینی بڵاوکردەوە[1].

بەڵام دوای ساڵێک لەدەسەڵاتداریێتی بەعسیەکان، مەرام و ناخی خۆیان خستەڕوو بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی دەسەڵاتی خۆیان لەعیراق مسۆگەربکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە (٤)ی نیسانی (١٩٦٩) بڕیارێکی فەرمی لەهەردوو سەرکرایەتی نەتەوەیی و هەرێمی حزبی بەعسەوە دەرچوو، کە دەڵێت: «پێویستە کۆتایی بەدواکەوتوویی ئاییینی (الرجعية الدينية) بهێنرێت بەو پێیەی گەورەترین لەمپەری ڕێڕەوی حزبە»[2].

لەپێناو پڕاکتیزەکردنی ئەم بڕیارەشدا دەستیانکرد بەتانەو تەشەر لێدانی مەرجەعیەتی (ئیمام ئەلحەکیم)، پشکنینیماڵەکەی و تۆمەتبارکردنی کوڕەکەی (مەهدی ئەلحەکیم) بە (سیخوڕ)، هەروەها گرتن و ڕاوەدونانی کۆمەڵێکی زۆری زاناو شوێنکەوتوانی (ئیمام ئەلحەکیم)، گەمارۆدانی ماڵی مەرجەعی باڵای شیعە تاساڵی (١٩٧٠) و کاتی کۆچی دوایی (ئیمام ئەلحەکیم) بەردەوامبوو[3].

لەکۆتایی مانگی نیسانی (١٩٦٩) ڕاگواستنی ئەو عیراقیانەی کە بەڕەچەڵەک ئێرانین لەبەغداو کازمیەو پاشان نەجەف و لە (٥)ی مایسیشدا لە کەربەلاو سامەڕاو چەند ناوچەیەکیتر دەستپێیکرد، ئەم بڕیارەی بەعس ڕاگواستنی زیاتر لەنیو ملیۆن کەسی دەگرتەوە[4].

١ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٨٤-٨٥.

٢ المصدر نفسه، ص٩١، سليم العراق، لماذا قتلوة؟، مؤسسة المنار، إيران-قم، ط١، ١٩٩٥، ص٧٤.

٣ محمد الحيدري، المقومات الاساسية للبنية الشيعية في العراق، بنك المعلومات العراقي، ١٩٩٨، ص٢٢.

٤ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٩٢.

هەر لەمسالەدا وەزیری ناوخۆ (سالح مەهدی عەمماش) ڕەتکردنەوەو داخستنی جامیعەی کوفەو دەستبەسەرداگرتنی کەل وپەل و سامانەکەی ڕاگەیاند، هەروەها یاسای بەسەربازیکردن (تجنید)ی نوێی دەرکرد، ئەم یاسایە گشت قوتابیانی (حەوزە)ی دەگرتەوە[1]، لەلایەکیترەوە بۆ لاوازکردنی بناغەی ئابووریی بزاوتی شیعە، بەعسیەکان لەڕێگەی هەندێک یاساوە کەوەزارەتی ئەوقاف دەریکرد، کاروباری کارگێڕیی و دیاریکردنی پێشەواو وتارخوێنەکان و سەرپەرشتیکردنی داهاتی حسێنی و مزگەوتەکانی بەوەزارەتەوە بەستەوەو ئەم مافەی لەمەرجەعەکانی شیعە سەندەوە[2]، هاوکات بۆ قۆرخکردنی لایەنی بازرگانی بەپلانێک زۆر لەبازرگانە شیعەکانی توشی بێکاریی کردو مۆڵەتی کاری بازرگانی لێسەندنەوە، پاشان کاری هێنان و بردنی بازرگانی خستە ئەستۆی حکومەت[3].

لەپیلانێکیتری بەعسیەکاندا لە (٧)ی حوزەیرانی (١٩٦٩)و لەدەزگای ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە (مەدحەت حاجی سری) بڵاویکردەوە کە (مەهدی ئەلحەکیم)ی کوڕی (موحسن ئەلحەکیم) لەسەردەمی (عەبدولڕەحمان عارف)دا وەک ناوبژیوان لەنێوان عارف و (کورد)دا ڕۆڵی بینیوە، ئەمەش جۆرێکە لەسیخوڕیی[4]، هەروەها هەوڵیداوە کودەتا دژی ڕژێمی عیراق بەرپابکات[5].

مردنی (موحسن ئەلحەکیم) لەساڵی (١٩٧٠)، لەدەستدانی پاڵپشتێکی گەورەبوو بۆ جوڵانەوەی ئیسلامی (شیعی)، هاوکات هەلێکی لەباری ڕەخساند بۆ بەعس تاوەکو بتوانێت لەجوڵانەوەی شیعە بدات، بەتایبەتی

١ صلاح الخرسان، حزب الدعوة الإسلامية، ص١٥٧، سليم العراقى، المصدر السابق، ص٧٤-٧٥.

٢ محمد أمين شبر، محمد باقر الصدر (المواجهة والشهادة)، ط١، ٢٠٠١، ص١٣٣.

٣ محمد الحيدري، ، المصدر السابق، ص٥١-٥٢.

٤ محمد أمين شبر، المصدر السابق، ص١٤٦-١٤٧، سليم العراقى، المصدر السابق، ص٨٩.

٥ حسين بركة الشامي، المرجعية الدينية من الذات إلى المؤسسة، دار الإسلام، ط٢، ١٩٩٩، ص١٨٨.

(حزبی دەعوە)، لەماوەی (١٩٧٠-١٩٧٢) بەعسیەکان دەستیانکردە گرتن و سزادانی ئەو کەسانەی لەگەڵ حزبی دەعوەدا پەیوەندییان هەبووە، بەتایبەتی لە(١٩٧٢) ئەم هەڵمەتی دەسگیرکردن و بەندکردنە مامۆستاو زانایان و دکتۆرو ئەندازیارو خوێندکارانیشی گرتەوە[١]، کەدواجار بوەهۆی ئاشکرابوونی چەند هێڵێکی ڕێکخستن لەناو خوێندکارانی حەوزەی زانستی، کەچەند مامۆستایەکی گەورەی تێدابوو و بە (محەمەد باقر سەدر)ەوە[٢].

دەرەنجامی ئەم هەڵمەتانەی بەعس کە تاساڵی (١٩٧٣) بەردەوام، خەڵکیان بەند دەکردو سزاو ئازاریان دەدان، لە (١٩٧٤/١١/١٣) بەعسیەکان بڕیاری لەسێدارەدانی پێنج سەرکردەی (حزبی دەعوەی ئیسلامی)یان دەرکرد، کە (شێخ عارف بەسری و عیزەدین قەپانچی و عیمادەدین تەباتەبائی و نوری توعمەو حەسەنی جلوخان) بوون، لە (١٩٧٤/١٢/٥) ئەم بڕیارە جێبەجێکرا[٣].

شیاوی باسە بەعسیەکان بوونی ڕێکخستنی حزبی دەعوەی کردە بیانوویەک بۆگرتن و تۆمەتبارکردنی هەرکەسێک کەبیانەوێت لەناوییبەرن، لەم پێناوەدا هەوڵیاندا سنورێک بۆ چالاکیەکانی خوێندکارانی حەوزەی زانستی (حوزة العلمیة) دابنێن و لەم دەزگا سەرەکیەی شیعە بدەن، کە لەڕووی زانستیی و ڕۆشنبیریی مەڵبەندێکی سەرەکی پێگەیاندنی شیعەن.

بەڵام (باقر سەدر) زوو ئەم لایەنەی بۆ ڕوون بووەوە، لەبەرئەوە بۆ ڕێگرتن لەمەرامەکانی بەعس فەتوایەکی لەساڵی (١٩٧٤) دەرکرد کە «ئینتمای خوێندکارانی زانستی ئایینی بۆ حزبەکان حەرامکرد»[٤].

١ المصدر نفسه، ص١٨٩.

٢ الشیخ محمد رضا النعماني، الشهید الصدر (سنوات المحنة وأیام الحصار، إسماعیلیان، إیران-تم، ط٢، ١٩٩٧، ص١٩٥.

٣ حسین برکة الشامي، المصدر السابق، ص١٩٠-١٩١.

٤ محمد أمین شبرة، المصدر السابق، ص٢٠٢-٢٠٣، الشیخ محمد رضا النعماني، المصدر السابق، ص١٥٠.

هەوڵی بەعسیەکان بۆلێدانی بزاوتی شیعە، کەتوانیان زۆر لەسەرکردە و کادرە چالاکیەکانیان زیندانی بکەن و لەسێدارە بدەن، بووە هۆی لاوازکردنی ڕیزەکانی ڕێکخستنی حزبی دەعوە، لەبەرئەوە جارێکیتر و لەساڵی (١٩٧٥) هەوڵی خۆڕێکخستن و تۆکمەکردنەوەی ڕیزەکان لەلایەن ئەندامانی (حزبی دەعوە) دەستیپێکردەوە[١].

هەمان ساڵ شاڵاوی دەستگیرکردنی مامۆستاو خوێندکارانی حەوزەی زانستی لە (نەجەف و سامەڕا و کەربەلا و...هتد) دەستیپێکردووە، کەچارەنوسیان لەنێوان سێدارەو بەندی هەتاهەتایی یان بۆماوەیەکی درێژخایەندا بوو[٢]، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دورشم و سروتە ئایینییەکانی شیعە لەسەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بەردەوامبوو، لە (١٠)ی موحەڕەمی ساڵی (١٩٧٥) کاتێک حکومەت ویستی دەرچوونی خەڵک لەحسێنییەکانەوە قەدەغە بکات، ڕووبەڕوو بوونەوەو ڕاپەرین دەستیپێکرد، لەکانوونی دووەمی (١٩٧٦)دا حکومەت ویستی ئەوپرۆسەو ڕێ و ڕۆیشتنەی لەهەموو شارەکانی عیراقەوە بەپیادە بەرەو شاری کەربەلا دەکەوتنەڕێ قەدەغە بکەن، بەڵام لە (٢٣ کانونی دووەم)دا بەهەزاران کەس لەخەڵکی نەجەف هاتنە سەر شەقامەکان و ڕووەو کەربەلا کەوتنەڕێ، لەڕێگەدا توشی ژمارەیەکی زۆری چەکدار هاتن و ڕووبەڕووی کاری توندوتیژی بوونەوە، بەڵام ئەم هێزانە نەیانتوانی بەر بەم مەراسیمە بگرن و دوای (٣) ڕۆژ گەیشتنە شوێنی مەبەست[٣].

ئەم هەڵوێستە توندوتیژەی بەعس لە بەرانبەر شیعەو دروشمە ئاییینیەکانیان زیاتر بووە مایەی وروژاندنی ڕق و کینەی تاکی شیعە، ئەم توڕەیی و بێزاریەش لەدوو ڕاپەرینی گەورەی شیعەکاندا تەقییەوە، کەڕاپەڕینی (سەفەری ١٩٧٧)و (ڕەجەبی ١٩٧٩) بوو، حکومەت لەپێناو

---

١ صلاح الخرسان، حزب الدعوة الإسلامية، ص٢١١-٢١٩.

٢ علي المؤمن، المصدر السابق، ص١٢٦-١٢٩.

٣ المصدر نفسه، ص١٣١

دامرکاندنەوەی ئەم دوو ڕاپەڕینەدا کوشتاریکی زۆری لەشیعەکان کردو زەبرو زەنگێکی زۆری بەکارهێنا[1].

لەگەڵ ئەم ڕوداوانەدا پرۆسەی دەرکردنی خوێندکارە ناعیراقیەکانی حەوزەی زانستی درێژەی هەبوو، بەعسیەکان لە ساڵانی (١٩٧٠و ١٩٧٦و ١٩٨٠) بەسێ قۆناغ بەشێکی زۆری خوێندکارانی حەوزەی زانستی شیعەکانیان گەڕاندەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و بوونە لەمپەر لەبەردەم پێگەیشتنیان[2].

بەڵام هاتنی (سەدام حسین) بۆ سەرۆکایەتیکردنی ڕژێمی عیراق و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆیدا، قوناغێکی ترسناکتری لەمێژووی عیراقدا خوڵقاند، بەجۆرێک (سەدام) کەوتە لێدان و لەڕیشە دەرهێنانی بنەماکانی ئۆپۆزۆسیۆنی عیراق، ئۆپۆزسیۆن لەقۆناغی هێرشبردن و داکۆکیکردن لەمافەکانی جەماوەرەوە بۆ بەرگریکردن لەخودی خۆی پاشەکشێ پێکرد، هەروەها هەر ناوچە و شوێنێک کەپەناگەو حەشارگەی ئۆپۆزسیۆن بێت کاولکرا[3].

(سەدام) بۆئەوەی بتوانێت بەتەواوەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر عیراقدا بسەپێنێت و هەموو دەنگێکی نارەزایش سەرکوتبکات و لەناوبەرێت. لەهەنگاوێکداو بەپێی بڕیارێک توانی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە حزبی و سەربەخۆکان دابخات و قەدەغەبکات، ئەمەش لەبایەخی ڕاگەیاندنەوە سەرچاوەی گرتبوو لەلای سەدام، لەبەرئەوە تەنها ئەو بڵاوکراوانە مانەوە کە زمانحاڵی حکومەت و حزبی بەعس بوون و بڵندگۆی بانگەشەی تاک حزبی و تاک دەسەڵاتی بوون[4].

---

١ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە، حسين بركة الشامي، المصدر السابق، ص١٩٤و٢٠٠ومابعدها، حسين علاوي، المصدر السابق، ص٢٧-٦٣}.

٢ محمد الحيدري، المصدر السابق، ص٢٧.

٣ حسين علاوي، حزب الدعوة الإسلامية، ص١٢٧.

٤ المصدر نفسه، ص١١٤ومابعدها.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئیران لەساڵی (١٩٧٩)دا، لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی گوڕوتینێکی زۆری بەبزاوتی ئیسلامی بەخشی، بزاوتی ئیسلامی شیعەی لەعیراق چالاکترکرد، هاوکات مەترسی بەعسیش ڕوو لەزیادبوون بوو، لەم پێناوەدا بۆ بەرگرتن لەهەوڵی شیعە (سەدام حسین) بڕیارێکی لە (١٩٨٠/٤/١)دا دەرکرد کەبەپێی ئەم بڕیارە هەموو ئەو کەسانەی کەبەتۆمەتی پەیوەندیی یان لایەنگریی دەسگیردەکرێن لەسێدارە دەدرێن[١].

دەقی بڕیارەکەش بەمجۆرە بوو: «پاڵپشت بەئەحکامەنی فەقەرەی (أ) لەمادەی (٤٢) لەدەستوری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لەکۆبوونەوەی (١٩٨٠/٣/٣١)دا بەمجۆرە بڕیاریدا:

دوای ئەوەی ڕاستیەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایکردنەکان سەلماندیان بەبەڵگەی ڕەها کەحزبی دەعوە حزبێکی بەکرێگیراو و پەیوەستە بەبێگانەو بەخاکی نیشتمان و بەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەب ناپاکە، بەهەموو میکانیزمێک هەوڵدەدات بۆ هەڵتەکاندنی سیستمی فەرمانڕەوایی گەل و دژایەتیکردنی شۆڕشی (١٧)ی تەمموز، لەبەرئەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بڕیاریدا بەجێبەجێکردنی ئەحکامی مادەی (١٥٦) لەیاسایی سزادان بۆ ئەو کەسانەی سەر بەحزبی ناوبراون ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەناو و ڕوکاری جیاواز .

ئەم بڕیارە بەسەر ئەو تاوانانەشدا جێبەجێ دەکرێت کەپێش ئەم بڕیارە ئەنجامدراوە.

سەدام حسەین

سەرۆکی ئەنجومەنیسەرکردایەتی شۆڕش»[٢].

---

١ محمد الحيدري، المصدر السابق، ص٤٢.

٢ حسين بركة الشامي، المصدر السابق، ص٢١٥-٢١٦.

مادەی (١٥٦)ی یاسای سزادانیش ئەمە دەقەکەیەتی:

«هەرکەس کارێک بەئەنقەست و بەمەستی زیان گەیاندن بە سەربەخۆیی وڵات یان یەکێتی یان ئاسایشی خاکەکەی بگەیەنێت یان کارێک بێت لەم جۆرەی لێبکەوێتەوە بەلەسێدارەدان سزادەدرێت»[١].

دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە، بەعسیەکان دەستیان کردەوە بەزیندانیکردنی گەنج و پیری عیراق و لە سێداردانیان، ڕۆژنامەنووسی میسری (سافیناز کازم) کە لەو کاتەدا لەناو ڕوداوەکاندا ژیاوە دەڵێت: «بەدرێژایی مانگی ئەپریل و پێشتریشی لەساڵی (١٩٨٠)دا، گوێم لەکارەساتی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی لاوە موسڵمانەکان بووە: ٣٠٠–٤٠٠ لاو ڕۆژانە لەداردراوە»[٢].

هەروەها لە (٨)ی نیسانی (١٩٨٠)دا، حکومەتی عیراقی فەرمانی لەسێدارەدانی (محەمەد باقر سەدرو بنت ئەلهودا)ی خوشکی دەرکرد، چەندان سەرکردەو پێشەوای بزاوتی ئیسلامی شیعەی لەناوبرد[٣].

بەم شێوەیە ڕژێمی عیراقی کەسەدام سەرکردایەتی دەکرد، هەوڵیدا لەمیانەی پیلانێکی ستراتیجی و هەمەلایەندا، ڕەگەزی شیعە کەزۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێکدەهێنن لەناوبەرێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بڕیارو هەنگاوی جۆراوجۆری گەڵاڵە کردووە:

١. ڕاگواستن و دەرکردنی هەرخێزانێک لایەنگیریی و هەواداری حزبی دەعوەیە، هاوکات ناوزەدکردنیان بەبیانی و عەجەم و ئێرانی، ئەگەرچی ڕەگەزنامەی عیراقیان هەبێت، ئەمەش زیاتر لەپێناو سنوردارکردنی چالاکی بزوتنەوەی شیعەی عیراقی بوو[٤].

---

١ المصدر نفسه، ص٢١٦.

٢ علي المؤمن، المصدر السابق، ص١٨٨.

٣ الشيخ محمد رضا النعماني، المصدر السابق، ص٣٢٦.

٤ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٢١٤.

٢. قەدەغەکردنی هەموو جۆرە بڵاوکراوەو نوسینێکی شیعە، وەک هەنگاوێک بۆ لاوازکردنی ڕۆشنبیری ئیسلامی شیعی، هاوکات داخستن و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری کتێبخانەی حسێنی و مزگەوت و ئەو کتێبخانانەی کەخاوەنەکانیان شیعە بوون و لەسێدارە دانی خاوەنەکانیان، قەدەغەکردنی خوێندنەوەی زۆر کتێب کەژمارەی ئەو کتێبانە لەساڵی (١٩٨٣)دا زیاتر لە (١٢٠٠) کتێب بووە، ئەمە زیاتر بووە هۆی ئەوەی کەبەشێکی زۆری کولتورو ڕۆشنبیری شیعە ڕووبەڕووی لەناوچوون ببێتەوە[١].

٣. هەوڵدان بۆ ووشککردنەوە و تێکدانی هۆڕو زۆنگاو (الاهوار)ەکان، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا تێکدانی ژیان و گوزەران و لانەی بەشێکی دانیشتوانی عیراق بوو، بەبیانووی ئەوەی ئەم ناوچانە مەڵبەندی کۆبوونەوەو حەشارگەی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دەعوەو شیعە بووە، بۆ پاساودانی ئەم کارەی خۆیان بەعسیەکان ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆری ڕەوشتی و کۆمەڵاتیان دەخستە پاڵیان[٢].

٤. بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شیعەکان، دەقی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٤٧٤) یان لە (١٥) ی نیسانی (١٩٨١)دا بەمجۆرە دارشت:

«بۆ هەر پیاوێکی عیراقی کەژنێکی لەشوێنکەوتە ئێرانیەکان هێناوە، ئەگەر سەربازبێت بڕی (٤٠٠٠) دینارو ئەگەر مەدەنی بێت (٢٥٠٠) دیناری بۆ خەرجدەکرێت، لەکاتێکدا ژنەکەی تەلاقبدات یان بۆ دەرەوەی عیراق ڕەوانەی بکات[٣].

٥. بۆ قۆرخکردنی بازرگانی عیراق لەدەست حکومەت و لێدانی بنەمای ئابووریی بزوتنەوەی شیعەی عیراق، سەرەڕای دەست

١ محمد الحيدري، المصدر السابق، ص٣٨-٤٢.

٢ د. السيد مصطفى جمال الدين، محنة الاهوار والصمت العربي، لندن، ط١، ١٩٩٣.

٣ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٢١٧.

بەسەرداگرتنی ماڵ و سامان و دارایی هەموو ئەو کەسانەی بەبیانووی شیعە بوون زیندانی کران، حکومەت لەپیلانێکدا بانگێشتی گشت بازرگانە شیعەکانی کرد بۆ ژووری بازرگانی بەغداد، هەموویان کۆبوونەوە گوایە حکومەت دەیەوێت مۆڵەتی هێنانی کەلوپەل بدات بەبازرگانەکان، بەڵام بەپێچەوانەوە هەموویان دەسگیرکران و هەموو دیکۆمێنت و ڕەگەزنامەکانیان لێسەنرایەوەو ڕەوانەی ئیران کران و ماڵ و سامانەکانیشیان دەستی بەسەردا گیرا، ئەم کارەی بەعس کەلەسەرەتای مانگی نیسانی (١٩٨٠)دا ئەنجامیاندا، بیانویان بریتیبوو لەوەی ئەم بازرگانانە بەڕەچەڵەک ئێرانین، هەروەها حکومەت هەوڵیدا ئەو زەکاتەی کەبە (خمس) ناودەبرا لەمەرجەعیەتی ئایینی شیعە قەدەغەبکات[١].

لە (٢٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) عیراق جەنگی دژی ئیران ڕاگەیاند، بزاڤە ئیسلامیەکان بەگشتی دژی ئەم جەنگەبوون بەتایبەتی حزبی دەعوەی ئیسلامی، لەبەرانبەردا ڕژێمی بەعس لەکاری لەسێدارەدان و لەناوبردنی شیعەکان بەردەوامبوو، ڕێژەی لە سێدارەدان بەجۆرێک لەزیاد بووندابوو کەساڵی (١٩٨٢) نزیکەی (٥٠٠٦) کەس لەپارێزگاکانی عیراق لەسێدارە دراون[٢].

لێشاوی کوشتارو خوێنڕێژی بەعسیەکان بەئاستێک گەیشت کەڕۆژنامەی (سبوت لایت)ی بەریتانی بنوسێت: «لەپێناو تۆقاندنی گەلێک کەنزیکەی (١٣) ملیۆن کەس دەبێت لەولاتێکی دەوڵەمەند بەنەوتدا، سەدام حسەین عێراقی کردۆتە دەوڵەتێکی پۆلیسی کەبەگەردنی خەڵکی و بەرەقیەکی لەڕادەبەدەر مامەڵەدەکات و فەرمانڕەوایی دەکات...سەدام حسەین خراپترین دەزگای ئازاردان بەکاردەهێنێت لەئەمرۆی جیهاندا»[٣].

١ محمد الحيدري، المصدر السابق، ص٥٢-٥٣.

٢ علي المؤمن، المصدر السابق، ص٢٣٤-٢٣٦.

٣ المصدر نفسه، ص٢٣٧.

ئەم کارە داپڵۆسێنەرانەی بەعس شیعەکانی دەستەوسان نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی بەهاوکاری سوپای ئێرانی دژی عیراق شەڕیان کردووە، بەسەدان کاری پارتیزانیان ئەنجامداوە و دەیان بۆسەیان بۆ تیرۆرکردن و لەناوبرنی سەدام داناوە، بەڵام وەک پێویست سەرکەوتوو نەبوون.

# باسی سێیەم

## بەعس و حزبی شیوعی عیراقی

سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی بیری مارکسیزم لەعیراقدا، سەرەتاکانی بۆ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر یاخود بۆلشەڤیکی ڕوسی ساڵی (١٩١٧) دەگەڕێتەوە[١]، بەتایبەتی لەسەرەتای بیستەکاندا کاتێک کتێبخانەیەک بەناوی (مکنزی) لەساڵی (١٩٢٠) لەناو شاری (بەغداد)و بەبڕیاری بەڕێوەبەرایەتی نمایندەی باڵای بەریتانیا کرایەوە[٢].

لەم کتێبخانەیەدا سەرەڕای ئەوەی زۆر سەرچاوەی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و هونەر و وێژەی تێدابوو، چەند سەرچاوەیەکی تایبەتی بە بیری مارکسیزم لەخۆگرتبوو، لەوانە کتێبەکانی (مارکس و ئەنگلز و لینین و ...هتد)[٣].

لەلایەکی ترەوە لەئەنجامی هاتنی چەند کەسانێکی بیانی بۆ عیراق کە هەڵگری ئەم ئایدیۆلۆژیایە بوون، لەوانە: (مسز کیر) کە مامۆستایەکی ئافرەتی بەڕەگەز ئەمریکی بوو، (مستر رایلی) کە بەڕەگەز ئوسترالی

١ د.عبدالوهاب حمید رشيد، العراق المعاصر، دار المدى، ديمشق، ٢٠٠٢، ص٣٦٥.

٢ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ (الحركة الشيوعية في العراق)، دار الفرات، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٣، ص١٥.

٣ المصدر نفسه والصفحة.

بوو بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری بوو لەشاری موسڵ، بیری مارکسیزم زیاتر گەشە و برەویسەند[1].

لەساڵی (١٩٢٤) یەکەم بازنەی ڕێکخستنی مارکسی پێکهات، کە بەرەنجامی هەوڵی یەکێک لە خوێندکارەکانی خوێندنگەی ماف (مدرسة الحقوق) بوو بەناوی (حسەین ڕەحال) کە بە (باوکی مارکسیەکان- ابو الماركسيين) ناوبانگی دەرکردبوو، دیارترین بەشداربووانی ئەم گروپەش کەسانی وەک: (محەمەد سەلیم فەتتاح، مستەفا عەلی، عەبدوڵلا جادو، عەونی بەکر سدقی، مەحمود ئەحمەد سەید) بوون[2].

دەرەنجام یەکەم شانەی شیوعی لەشاری (بەسرە) پێکهات، هەر لەم شانەیەوە پرۆگرام و ئامانج و بیری مارکسیزم بانگەشەی بۆکراو ڕەخنەو گلەیی و گازاندەیان ئاڕاستەی دەسەڵاتی نەریتخواز و کلاسیکی کردو داوای ماف و ئازادکردنی ئافرەتیان دەکرد، بەمجۆرە مارکسیزم لەناو بیرو تێڕوانینی دەستەبژێری عیراقیەکاندا پێگەی خۆی کردەوە[3].

پاشان زیاتر پەرەیانسەندو لەئەنجامی هەوڵەکانیان ڕێکخستنی جۆراوجۆرو بچوکیان پێکهێنا، تاوەکو دواجار لە (١٩٣٤/٣/٣١) پارتێک بەناوی (حزبی شیوعی عیراقی) بەنهێنی پێکهات، لەتەمموزی (١٩٣٥) دا بۆ یەکەمجار ناوی ئەم حزبە ئاشکراکراو لەمانگی (مایس- کانونی یەکەم)ی هەمان ساڵدا یەکەم لیژنەی مەرکەزی حزب لە (عاسم فەلیح- سکرتێر، ئەندامێتی: مەهدی هاشم، قاسم حەسەن، زەکی خەیری، یوسف متی) پێکهات[4].

---

١ المصدر نفسه والصفحة.

٢ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، ترجمة، عفيف الرزاز، الكتاب الثاني، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٢، ص٣٩ ومابعدها. د.عبدالوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، ص٣٦٥.

٣ د.عبدالوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، ص٣٦٥.

٤ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثاني، المصدر السابق، ص٣٩ ومابعدها. د.فاضل البراك، تحالفات الاضداد، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٠-٢١. منشورات (طريق الشعب)،

دوای ئەوە، حزبی شیوعی زیاتر لەفراوانبوندابوو، توانی گشت ئەو کەسانە لەخۆی کۆبکاتەوە کە هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی بوون لەهاوشێوەی (یوسف سەلمان- فەهد، عەبدولحەمید ئەلخەتیب، عەبدولوەهاب مەحمود، عەبدولقادر ئیسماعیل، نوری ڕەفائیل، حەسەن عەبباس،...هتد)[1].

گەشەکردن و فراوانبوونی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقی لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی پاشایەتیدا، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، بەجۆرێک لە(٥٠٪)ی گەنج و لاوەکان بەهەموو چین و توێژە جیاجیاکانەوە بوونە هەڵگری ئایدیای مارکسیزم، ئەم پەرەسەندنەی مارکسیزم لەعیراقدا زۆر هۆکاری لەخۆگرتبوو، کە دیارترینیان جیاوازیی چینایەتی و ناجێگیریی باری سیاسی و ستەم و چەوسانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک و خراپی باری ئابووریی خەڵک بوو، هەروەها دەستەوسانی چینەکانی کۆمەڵگە بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان، هاوکات بوونی ئەو بۆشاییە سیاسیەی لەئارادابوو، ئەمانە وێڕای ئەوەی کەتیۆری مارکسی لەعیراق و لەو کاتەدا تیۆرێکی نوێ و زیندووبوو[2].

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم فراوانبوونەی ئایدیای مارکسیزم و زیادبونی ژمارەی ئەندامانی حزبی شیوعی، لەناوەخندا حزبی شیوعی گیرۆدەی گرفت و ململانێی ناوخۆیی بوو، کەدواجار لەچەند دابەشبوون و جیابوونەوەو پەرتبوونی ڕێکخستنەکانیدا خۆی بەرجەستەکرد، ئەم دۆخە ناهەموارە بووەهۆی ئەوەی زۆر هەلی باشیان لەدەستبچێت و نەتوانرێت وەک پێویست سوودی لێببینرێت، ئەم بارودۆخە نالەبارە

الحزب الشيوعي العراقي (وثائق المؤتمر الوطني السادس ٢٦-٢٩ تموز ١٩٩٧)، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، آيار ١٩٩٨، ص٦٣.

١ د.عبدالوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، ص٣٦٥-٣٦٦.

٢ بۆ زانیاری زیاتر بروانە:{حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثاني، المصدر السابق، ص١١٩-١٣٧}.

لەئەنجامی پابەندیی حزبی شیوعی عیراقی بە تەوژم و بزاوتی شیوعی جیهانی زیاتر پەرەیسەند، لەبەرئەوە حزبی شیوعی لەساڵی (١٩٤٢)دا چەند پەرتبوون و جیابوونەوەیەکی تێدا ڕوویدا، ئەم کێشانە تاساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٥)و بونی (یوسف سەلمان) بەسکرتێری حزب بەردەوامی هەبوو[١].

(یوسف سەلمان) کە بە (فەهد) ناسراوە توانی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی ڕێکبخاتەوەو چالاکی حزبی دەستپێبکاتەوە، ئەمە وایکرد بەجۆرێک دەسەڵاتی عیراقی هەست بەمەترسی بکات، لەبەرئەوە لە (١٩٤٧/١/١٨)دا هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرکران، ئەم ڕوداوە جارێکیتر لەمپەرێکیتری بەردەم بەرەوپێشچوونی حزبی شیوعی دروستکرد[٢].

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٥) بەوە پێناسەدەکرێت کە کوردە شیوعیەکان لەپێکهاتەی حزبی شیوعیدا لەترۆپکدابوون و جڵەوی (حزب) یان لەدەستدابوو، ئەمە دەرەنجامی ئەوەبوو کە ناوچە کوردییەکان کەمتر لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵکرابوو، لەبەرئەوە لەم ماوەیەداو بەتایبەتی ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٠) کوردستان بنکەی سەرکردایەتی حزب بوو[٣].

دوای ئەوەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی لەئەنجامی ئەو فشارەی لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عیراقەوە خرابووە سەری و چەندجار سکرتێری حزبیان دەستگیرو زیندانیکرا، لەئەیلولی (١٩٥٦)داو دوای (١٢) ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی کۆنفرانسی یەکەمدا، کۆنفرانسی دووەمیان بەست، لەمیانەی ئەم کۆنفرانسەدا بەڵگەنامەی لیژنەی مەرکەزی کەسیاسەتی حزبی تێدا دارێژرابوو بۆ قۆناغی ئاییندە لەژێر ناونیشانی

١ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص٣٠ ومابعدها.

٢ المصدر نفسه، ص٥١.

٣ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثاني، المصدر السابق، ص٣٦٧ ومابعدها.

(لەپێناو ئازادی نیشتمانی و نەتەوەییماندا – فی سبیل تحررنا الوطني والقومي) گەڵاڵەکرا، ئەم بەڵگەنامەیە گوزارشتی لەهەمان ئەو بیرو بۆچونانە دەکرد کەلەبڕیارەکانی کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی سۆڤیەتیدا داڕێژرابوو، کە بانگەشەی بونیاتنانی چەمکەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی دەکرد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا[1].

لەکۆتایی کارەکانی کۆنفراسی دووەمدا، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی حزب بەمجۆرە دیاریکرا[2]»:

* مەکتەبی سیاسی:
١. حسەین ئەحمەد ئەلڕازی (سەلام عادل) – سکرتێری حزب –
٢. عامر عەبدوڵلا
٣. جەمال حەیدەری

* لیژنەی مەرکەزی:
١. ناسر عەبود
٢. عەتشان خەیول ئەلئەزیرجاوی
٣. فەرحان توعمە
٤. محمەد ساڵح ئەلعبلی
٥. عەبدولڕەحیم شەریف

* پاڵێوراوانی لیژنەی مەرکەزی:
١. عەزیز ئەحمەد ئەلشەیخ
٢. ساڵح مەهدی دکلە»

دوای ئەم کۆنفرانسە بەچەند هەفتەیەک، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی فراوان لەعیراق بەرپابوو، کە دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی هێرشە سێ

١ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص٧٨-٧٩.

٢ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بارودۆخی حزبی شیوعی لەم ماوەیەدا بڕوانە:{حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثالث، المصدر السابق، ص١٧ ومابعدها، صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص٧٩ ومابعدها}.

قۆڵییەکەی سەر میسر بوو، ئەم ڕاپەڕینە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی شارەکانی عیراقی گرتەوە، بەوە جیادەکرێتەوە کەسیمایەکی توندوتیژی وەرگرتبوو، دوای لێکۆڵینەوەو دانوستاندن لەناوخۆی حزب، مەکتەبی سیاسی لە (ئایاری١٩٥٧)دا نامیلکەیەکی لەژێر ناونیشانی (ڕاپەڕینی١٩٥٦ و بەرپرسیارێتی ئێمە لەئێستادا) بڵاوکرایەوە، ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە باس لەکارکردە خراپەکانی کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەکات لەسەر ئەو پێکدادان و توندوتیژییەی ڕویداوە[١].

هەروەها لەم حزبەدا دوو ئاڕاستە سەریهەڵدا، یەکەمیان لەلایەن (عامر عەبدوڵڵا) پێشڕەوی دەکراو بەرگری لەهێڵی سۆڤیەتی دەکرد، دووەمیان (جەمال حەیدەری و سەلام عادل) پێشڕەوی بوون، کەواقیعی عیراقیان لەدیدێکی جیاوازترەوە دەخوێندەوە، ئەم دوو ئاڕاستەیەو ململانێی نێوانیان کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ڕەوتی بەرەپێشچوونی حزب[٢].

بەرەبەیانی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨)، کاتێک کوژرانی مەلیک فەیسەڵی دووەم و خێزانی هاشمییەکان و کۆتایی سستمی پاشایەتی و پێکهاتنی سستمی کۆماریی لەعیراق ڕاگەیاند، باڵاترین هیوای شیوعیەکانی بەرجەستەکرد، لەبەرئەوە هەوڵیاندا گشت ئەندامانیان ئاگاداربکەنەوە بۆ ئەوەی بڕژێنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان، تا هەوڵی دسپلین و ئاڕاستەی خەڵک و جەماوەر بدەن، بەجۆرێک خزمەت بەئایدیاو خواستەکانی مارکسیزم بکات لەعیراقدا، هەروەها سەرکردایەتی حزب هەوڵیدا ڕۆڵی لەڕووداوەکاندا هەبێت و نەخشەو پلانی تایبەتی جێبەجێبکات و ئەو بۆشایی و کەلێنانە پڕبکاتەوە کە لە دامودەزگا مەدەنی و سەربازییەکاندا دروستبوون، لەلایەکی ترەوە بایەخێکی زۆریان بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا و ژمارەیەک لە ڕێکخراو و سەندیکا و یەکێتیان پێکهێنا[٣].

١ د.عبدالله تركماني، الأحزاب الشيوعية في المشرق العربي والمسألة القومية من العشرينات إلى حرب الخليج الثانية، منشورات الآن، لبنان-بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢، ص١٢٩-١٣١.

٢ المصدر نفسه، ص١٣١.

٣ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص٨٧.

ئـەو ماوەیـەی لـەدوای شۆڕشـی (١٤)ی تەممـوزەوە هاتەئاراوە تاوەکو کودەتـای (٨)ی شـوباتی (١٩٦٣)ی بەعسـییەکان، حزبـی شـیوعی بـە سـێ قۆناغ گوزەریکردووە، لەقۆناغی یەکەمدا زیاتر هەوڵی خۆگونجاندنیانداوە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە نوێیەی لەعیراقدا خوڵقابوو، لەکاتێکدا ناسیۆنالسـتە عەرەبـەکان لەواقیعی عیراقدا دیاردەیەکی زاڵبوون، بـەڵام لەقۆناغـی دووەمـدا و لەئەنجامـی لاوازی دەسـەڵات و نەتوانینـی کۆنترۆڵکردن و سـنوردارکردنی چالاکی و بڵاوبوونـەوەی بیرو ئەندامانـی شـیوعی، توانرا ڕێژەیەکی بەرچـاو و فراوانـی خەڵک لەخۆیان کۆبکەنـەوەو جەماوەرییبون بۆخۆیـان پێکبهێنن، لـەم قۆناغـەدا هـەردوو هەوڵەکانـی (ڕەشـید عالـی) و (شـەواف) دژی فەرمانڕەوایی (عەبدولکەریـم قاسـم) و شکسـتخواردنیان، ئەوەندەیتر پێگـەو هەڵوێستی شـوعیەکانی بەهێزکـردو بەرەوپێشـبرد، دواقۆناغـی شـیوعیەکان پێش هاتنی بەعسـیەکان پێکدادانـی خواسـت و مەبەستەکانی قاسـم بوو لەگەڵ خواستی شیوعیەکان، بەتایبەتی لەکۆتایی مانگـی ئایـاری (١٩٥٩)، کاتێک قاسـم پشـتی لـەداوای شـیوعیەکان کرد کـە لە هەوڵی ئەوەبوون قاسـم بەشـێوەیەکی فەرمی دانبنێت بەشـیوعیەکان و ڕۆڵیـان بسـەلمێنێت[1].

هەوڵەکانـی حزبـی شـیوعی بـۆ بەشـداریکردنی لەفەرمانڕەوایـی و ئامادەبونی لەدەسـەڵاتی عیراقدا، ئەو خاڵە سـەرەکییەبوو کە پێچەوانەبوو لەگەڵ خواست و مەرامەکانی (قاسم) کە دەیویست وەک تاکە سەرکردەو تاکڕەوانـە ڕەفتاربکات، لەبەرئـەوە داواکاریـی بەشـداریی لەدەسـەڵات لـە سـاڵی (١٩٥٩)و بـۆ یەکەمجـار، سـەرەتای دروسـتبوونی کێشـەو دوورکەوتنـەوەی نێوان قاسـم و شـیوعیەکان بـوو[2].

جیـاوازی نێوان قاسـم و شـیوعیەکان بـەرەو پێکدادانێکی توندوتیژ

١ اوريل دان، العراق في عهد قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣)، ترجمة، جرجيس فتح الله، الجزء الاول، دار نبز للطباعة والنشر، السويد، ١٩٨٩، ص١٢١.

٢ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثالث، المصدر السابق، ص٢١٢-٢١٣.

نەچوو، بەڵکو بانگەشەی دیموکراتیان بەرزکردەوەو دژی تاکڕەویی و دکتاتۆریی بوون، ئەمەش بەو مانایە نەبوو داوای ڕوخانی قاسم بکەن، بەڵکو لەژێر سایەی قاسمدا داوای گۆڕانی بارودۆخەکەیان دەکرد[1]، چونکە بوونی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە قاسم و شیوعیەکانی کۆدەکردەوە لە دژایەتی ئیمپریالیزم و بیانیەکان و ...هتد، وای لە شیوعیەکان کردبوو کە بیر لە ڕووخانی قاسم نەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا قاسم چاوپۆشی زۆری لە کردارو چالاکی شیوعیەکان دەکرد.

حزبی شیوعی لە زستانی (١٩٥٩ - ١٩٦٠)و دواتردا بەرۆژانی سەختدا گوزەریکرد، سێ ساڵی دواتری بریتی بوو لە پاشەکشەیەکی بەردەوام لە واقیع و کاروچالاکیەکانی و پەرەوازەبوونی لایەنگران و جەماوەرەکەی، هەروەها ڕێکخراو و پێکهاتەکانی بەرەو هەڵوەشان و پارچەپارچەبوون چوون، ئەم دۆخە ناهەموارو سەختەی حزبیش بەرهەمی دەستێوەردان و پلانەکانی حکومەت بوو[2].

لەکۆتایی ساڵی (١٩٦٢) ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بەدەست لاوازیەکانیەوە دەیناڵاند، ژمارەیەکی زۆری شیوعیەکان لە موسڵ و شارەکانی تری عێراق تیرۆرکران، ئەم کارەش دەسەڵات لەپشتیەوە بوو، هەروەها ڕەگەزە چەپەکان لەسوپا دوورخرانەوە، هەزاران شیوعی لەزیندان کران، دادگاکانی قاسم فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ ژمارەیەکی زۆریان دەرکرد، بنەماکانی ڕژێمی قاسم لەداڕوخاندا بوو، بەتایبەتی دوای ئەو شکستە سەربازیانەی سوپای عیراقی لە کوردستان توشیهات، لە هەمانکاتدا هێزە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی حزبی بەعس، لە ئامادە باشیدابوو بۆ لە دەستگرتنی دەسەڵات، لەم کات و بارودۆخەدا سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەیانێکی لە (٣ی کانوونی

---

١ اوریل دان، المصدر السابق، ص٣٩٤.

٢ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشیوعي)، الکتاب الثالث، المصدر السابق، ص٢٥٥. اوریل دان، المصدر السابق، ص٣٩٨ ومابعدها.

دووەمی ١٩٦٣) دەرکرد، ئاماژە بە چالاکی و جموجۆڵی سەربازیی و تانک و زرێپۆشەکانی لیوای پیادەی نۆزدەو سەربازگەی بەغداد کرد، کە لە هەوڵی لەباربردنی ئازادیی و سەربەخۆیی عیراقدان، بەمجۆرە تا کودەتای (٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣) بەرجەستەبوو[١].

لەکاژێری سفری بەرەبەیانی (١٩٦٣/٢/٨)دا بەعسیەکان پلانی کودەتاکەیان دەسپێکرد، وەک ئاماژەمان بۆ کرد شیوعیەکان ئاگاداری جوڵەو چالاکیەکانی بەعسیەکان بوون، لەبەرئەوە هەرهەمان ڕۆژ شیوعیەکان دوو بەیاننامەیان دەرکرد، یەکەمیان بەدروشمی (بەرەو چەک بۆ تێکشکاندنی پلانی ئیمپریالزمی کۆنەپەرست)، دووەمیان بەدروشمی (بەرەو چەک بۆ دامرکانەوەی پلانی ئیمپریالزم و کۆنەپەرستان). لەمیانەی هەردوو بڵاوکراوەکانی (سەرکردایەتی حزبی شیوعی)دا، هەوڵدراوە جەماوەر هانبدات بۆ بەگژداچوونەوەی بەعسیەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پلانەکانیان و بە بەکرێگیراو و ناپاک و شوێنکەوتەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان لەقەڵەمیانداون[٢].

بەرگریی و بەرهەڵستی شیوعیەکان لە ڕژێمی قاسم و بەگژداچوونەوەی بەعسیەکان، زیاتر بووەمایەی توڕەبوونی بەعسیەکان و توندوتیژبوونی کرداریان لەبەرانبەر حزبی شیوعی، لەبەرئەوە دەستیانکرد بە هەڵمەتی دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ئەندامانی حزبی شیوعی و پاشان لەسێدارە دانیان[٣].

شیوعیەکان بەچەند ڕۆژێک دوای کودەتاکە هەر لە چالاکیدا بوون و زۆرجار هەڕەمەکی گوللەبارانی سەربازو چەکدارەکانی بەعسیان دەکرد،

---

١ د.عبدالله ترکماني، المصدر السابق، ص٦٥٥.

٢ بۆ دەقی بەیاننامەکە بڕوانە، {عزيز الحاج، مع الاعوام (صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق بين ١٩٥٨-١٩٦٩)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١، ص٤١٥-٤١٧}.

٣ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٢٥٤ ومابعدها.

تاوەکو بەعسیەکان لە دواجارداو بەهۆی دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١٣) ەوە کە دەڵێت: «بە لەبەرچاوگرتنی کرداری شیوعیە هاوبەشەکانی عەبدولکەریم قاسم لە تاوانکاریدا، لە هەوڵی هیوابڕاوانەیاندا بۆ نانەوەی پەشێوی و نائارامی لە نێوان ڕیزەکانی گەل و گوێنەدان بە فەرمان و زانیاریە فەرمییەکان کاردەکەن، گشت بەرپرس و فەرمانداری کەرتە سەربازییەکان و هێزەکانی پۆلیس و پاسەوانانی نەتەوەیی ڕێگە پێدراون بۆ تەفروتوناکردنی هەرکەس و لایەنێک کە دەیەوێت زیان بەئارامی بگەیەنێت. ئێمە داوا لە گشت ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل دەکەین بۆ هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانی بە زانیاری بەخشین سەبارەت بە تاوانباران و زاڵبوون بەسەریاندا»[1].

بەپێی ئەم بەیانی ژمارە (١٣)یە، کوشتن و لەناوبردنی شیوعیەکانیانی حەلاڵ کرد، بەم هەڵوێستە توندوتیژەیان تاڕادەیەک توانیان خۆیان لە مەترسی شیوعیەکان ڕزگاربکەن و بەسەر حزبی شیوعیدا زاڵبن[2].

هەڵوێستی بەعسیەکان لە بەرانبەر شیوعیەکان، کە بەعسیەکان بە لەمپەرێکی سەرەکی دەسەڵاتی خۆیانیان دەزانی و ترسیان لێیان هەبوو[3]، بەشێوازێکی شۆڤێنی و دیکتاتۆری و داپڵۆسێنەرانە سەرکوتیانکردن و تەفروتونایان کردن، بەجۆرێک لە ماوەی دەسەڵاتی یەکەمی بەعسیەکان کە تەنها (٩) مانگ بەردەوام بوو، بەشێوەییەکی فەرمی (١٤٩) شیوعیان لە سێدارەدا[4].

ئەمە سەرەڕای ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی دەستی پاسەوانانی نەتەوەیی و زیندانەکان بوون و ڕۆژانە لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدانی نامرۆڤانەیان لەگەڵ پەیڕەو دەکرا[5].

١ طالب شبيب، المصدر السابق، ص١٠٨.

٢ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٢٣٨.

٣ هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، ص٧٨.

٤ سمير الخليل، جمهورية الخوف، ص٦٩.

٥ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص١١٦.

هەروەها بەشێکی زۆری سەرکردەو کادرە دیارو چالاکەکانی حزبی شیوعیش بەرەو ناوچە کوردیەکان و ئێران هەڵاتن و لەدەست بەعسیەکان عێراقیان جێهێشت[1]، بەمجۆرە لەماوەی دەسەڵاتداریێتی بەعسیەکان تا ڕووداوی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ و دەستپێکردنی دەسەڵاتی عارفییەکان، لە مێژووی عێراقدا شیوعیەکان تووشی گەورەترین کارەسات و لێدان هاتن، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بزوتنەوەی سۆسیالیستی و پەرەوازەکردنی شیوعیەکان.

کودەتای (تشرینی ١٩٦٣)ی عەبدولسەلام عارف لە دژی بەعسیەکان، ئەگەرچی توانی دێوەزمەی پاسەوانانی نەتەوەیی و ستەمی بەعسیەکان کۆتایی بهێنێت، بەڵام زۆر جیاوازی لە بارودۆخەکەدا نەهێنایە ئاراوە، بەتایبەتی کە عارف زیاتر لەهەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی تاککڕەوی بوو[2].

حزبی شیوعی لەسایەی دەسەڵاتی هەردوو برادا (١٩٦٣ - ١٩٦٨) بەشێوەیەکی گشتی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی توندوتیژ هەڵوێستی وەرگرت و کاری چەکداری ئەنجامدەدا، هاوکات لەناو خۆداو لە دەرئەنجامی ئەو گروپبازی و دابەشبوونە زۆرانەی لەنێوان ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیدا هەبوو لەلایەک، چوونەدەرەوەی هەندێک ئەندام و هاتنەوەی هەندێکی تر بۆناو وڵات لەلایەکی تر، هەروەها بەهێزبوونی کەسانی پەڕگیرو توند بۆ بیری چەپ و..هتد، ئەو فاکتەرانەبوون وایکردبوو ئەو دۆخەی شیوعیەکانی تێکەوتبوو دۆخێکی شپرزەو ناهەمواربێت و جیاوازیەکی لە پێش خۆی نەبێت[3].

---

١ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثالث، ص٣٤٩.

٢ بهاءالدين نوري، في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني (١٩٥٨-١٩٨٣) مأزق الحركة الشيوعية في العراق، الطبعة الرابعة، كانون الاول ١٩٩١، ص١٦.

٣ المصدر نفسه، ١٩-٢٠. هەروەها بڕوانە، عزيز الحاج، مع الاعوام، المصدر السابق، ص١٨٩ و ٣٢٧-٣٣٢.

بەچەند مانگێک پێش هاتنەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات، حزبی شیوعی سێیەمین کۆنفرانسی لە (کانوونی یەکەمی ١٩٦٧)دا لە قەزای (کۆیە)ی سەر بە پارێزگای (هەولێر) بەست، کەتیایدا (٥٧) ئەندام بەشداربوون، ئەم کۆنفرانسە بۆ چارەسەرکردنی ئەو جیابوونەوانەبوو کە لە باڵەکانی حزبدا بەرجەستەبوو بوو، ئەمە بەئاشکرا لەو گوتارو بڕیارانەدا ڕوون دەبێتەوە کە لەکۆنفرانسدا بڕیاری لەسەر درا[١]، هەر لەمیانەی ئەم کۆنفرانسەدا کە (١٠) ڕۆژی خایاند لیژنەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا بەمجۆرە[٢]:

١- عەزیز محەمەد (سکرتێر).
٢- زەکی خەیری.
٣- باقر ئیبراهیم ئەلموسەوی.
٤- عەبدولکەریم ئەحمەد ئەدوارد.
٥- عومەر عەلی ئەششێخ.

**پاڵێوراوانی مەکتەبی سیاسی:**

١- ثابت حەبیب ئەلعانی.

**ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی:**

١- تۆفیق ئەحمەد.
٢- ئەراخا جادور.
٣- ئەحمەد مەلا قادر بانی خێڵانی.
٤- جاسم ئەلحەوائی.
٥- ستار خضیر
٦- مەهدی عەبدولکەریم ئەبوسنە.

١ د.عبدالله ترکماني، المصدر السابق، ص١٤٨ و ٧٥٠.
٢ صلاح الخرسان، صفحات من تأریخ الحرکة الشیوعیة، ص١٣٣-١٣٤.

**پالێوراوانی لیژنەی مەرکەزی:**

١- بەهادین نوری.
٢- ماجد عەبد ئەررضا.
٣- سلیمان یوسف بوکە.

دوای هاتنەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات لەمیانەی کودەتای (١٧ – ٣٠)ی تەمموزی (١٩٦٨)، شتێکی نوێیان لە جیهانبینی و تێڕوانینیان بۆ خەڵک و دەسەڵات پێنەبوو، لەبەرئەوە کەوتنەوە پراکتیزەکردنی هەمان ئەو دەسەڵات و ئایدیایەی لەپێشتر هەیانبوو، لەژێر پەردەو ڕووی جۆراوجۆر و بەزمانێکی تاڕادەیەک جیاواز.

شیوعیەکان لەبەرانبەر هاتنەوەی دەسەڵاتی بەعسیەکان نیگەران بوون، بەڵام لەهەڵوێستیاندا شێوەیەک لە ڕاڕایی دەبینرێت، بۆنموونە بەمجۆرە گوزارشت دەکەن «ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی پەیوەنیدار بەدام و دەزگای ئیمپریالیزم بەهاوکاری لەگەڵ بەعسیەکان هەستان بەکودەتایەک لە(١٧)ی تەمموز کە لە (٣٠)ی تەمموزی (١٩٦٨) دا تەواو کرا، ئەمەش دوای دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرە بەشداربووەکان، کە بووە هۆی بەلادا خستنی هاوسەنگی لەبەرژەوەندیی بەعسیەکان لەدەسەڵاتدا بەتەواوی»[1].

هاوکات لە (٢٩)ی تەمموز لیژنە مەرکەزی دوای کۆبونەوەیەک بەبەشداری هەردوو (پارتی نیشتمانی دیموکراتی)و (بزوتنەوەی سۆسیالستی عەرەبی)، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کەتیایدا داوای دیموکراتی و بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردو پەیوەندی بەستنی دۆستانەیان لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستیدا کردبوو[2].

لە هەڵسەنگاندنێکی تری شیوعیەکان بۆ کودەتای (١٩٦٨)، بەمشێوەیە

١ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص١٣٤.
٢ نفس المصدر والصفحة.

ئاماژەی بۆ دەکەن کە «کودەتای ١٧ی تەمموز لەدۆخێکدا ڕویدا کە تورەبوونی گەل گەیشتبووە ئاستێکی فراوان و گەورە، خەباتی جەماوەریی و هێزە نیشتیمانیەکان لەپێناو ڕوخاندنی دیکتاتۆری دەسەڵاتدارو پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی دیموکراتی لە پەرەسەندندا بوو، لەلایەکی ترەوە لەکاتێکدا ڕویدا کە فشارو چالاکی کۆلۆنیال و زایۆنیەکان لەزیادبووندا بوو ...»[1].

بەمجۆرە دوو ئاراستە لە بۆچون و هەڵوێستەکانی لیژنەی مەرکەزی بەرانبەر بەعسیەکان هەبوو، یەکێکیان: داوایکرد ماوە بە سەرکردایەتی بەعس بدرێت بۆئەوەی باش ویستیەکانی پراکتیزە بکات، هانبدرێت بۆئەوەی بەڵێن و ئامانجەکانیان جێبەجێبکەن؛ ئاراستەی بەرانبەریش (کەزۆرینە بوون): مامەڵەکردنی ووریایانەو پارێزکردن لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس و پێش نەکەوتنی ڕوداوەکان لە بڕوای ئەواندا باشترین هەڵوێست بوو[2].

(بەهادین نوری)یش لەبارەی هەڵوێستی حزبی شیوعییەوە دەنوسێت: «سیاسەتی حزبی شیوعی بەدوو قۆناغی جیاوازدا گوزەری کرد: لەقۆناغی یەکەمدا (١٩٦٨ -١٩٧١) جۆرێک لە خۆپارێزی و سڵەمینەوە بەسیاسەتیان لەبەرانبەر دەسەڵاتی کودەتای (١٧)ی تەممووزەوە دیاربوو...، قۆناغی دووەم (١٩٧٢ - ١٩٧٨)کە بەبڵاونەوەی لادانی ڕاستڕەوەکان جیادەکرێتەوە کە بوارەکانی فیکرو سیاسەت و ڕێکخستنی گرتەوە»[3].

ئەو ڕوداوانەی کە لە تشرینی دووەمی (١٩٦٨) ڕویاندا، چەندین ئەندام و لایەنگری حزبی شیوعی لە چەند بۆنە و هەڵوێستێکی جیاوازدا بریندداربوون و کوژران. لەهەموو ئەم ڕوداوانەدا پەنجەی تاوانبارکردن بۆ بەعسیەکان درێژکرا، وایکرد سەرکردایەتی حزبی

١ د.عبدالله ترکماني، المصدر السابق، ص١٥٥-١٥٦.

٢ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص١٣٥.

٣ بهاءالدين نوري، المصدر السابق، ص٢٧-٢٨.

شیوعی بەشێوەیەک بڕیاربدات گروپی چەکداریی بچوک لە بەغدادو دەوروبەری دروست بکات، کە چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن، لەدیارترینیان تەقەکردن بوو لەماڵی (سەددام)[1].

لەگەڵ ئەوەی باڵی (لیژنە مەرکەزی) ئەو ئاگربڕەی هەر پاراستبوو، بەڵام دوای ئەوەی حزبی بەعس زاڵبوو بەسەر پاکتاوکردنی (سەرکردایەتی مەرکەزی)، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەلەمانگی شوباتی (١٩٦٩)دا توانیان (عەزیز ئەلحاج و ئەحمەد مەحمود ئەلحەلاق و متتی هیندی هند)و ژمارەیەکی زۆریان لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەستگیرکران[2]، ڕویکردە ڕێکخستنەکانی لیژنەی مەرکەزی و (ستار خضیر)یان لە (١٩٦٩/٦/٢٩)دا تیرۆرکرد، ڕاوەدونان و گەڕان بەدوای ئەندام و بەرپرسانی حزبی شیوعی و بەندکردن و سزادانیان هەربەردەوام بوو، هاوکات گفتوگۆو پەیڤین بە پچڕپچڕی لەنێوان بەعس و شیوعی هەر هەبوو، کە بەردەوام بەبێ ئەنجام بەبنبەست دەگەیشت[3].

سەرەتای ساڵانی حەفتاکان پەیوەندییەکانی نێوان بەعس و شیوعییەکان زیاتر بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، شیوعییەکان بەهەردوو باڵی لیژنە مەرکەزیی و قیادە مەرکەزییەوە، پێیانوابوو کە ئەمان ڕۆڵیان هەبووە لە نزیککردنەوەی کوردو بەعسییەکان، بەڵام لەکاتی بەیانەکەو بۆ پەراوێزخستنی شیوعییەکان و دروستکرنی ناکۆکی لەگەڵ پارتی، بەعسییەکان شیوعییەکانیان فەرامۆشکردووە، هەروەها لە ١١و ١٢ی مانگدا، لەڕێگەی ڕۆژنامەی سەورەوە بەعسییەکان ڕەخنەیان لە شیوعییەکان هەبوو، کە بەڕووکاریی پاڵپشتی ڕێکەوتنی ئازارییان کردووە، زیاتر

١ حنا بطاطو، العراق (الحزب الشيوعي)، الكتاب الثالث، ص٤١٤-٤١٥.

٢ المصدر نفسه، ص٤١٥.

٣ صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية، ص١٣٦.

لەوەش بەعسییەکان لە ٢١ی ئازار لە گۆڕەپانی بەغداد (میدان بغداد) کۆبوونەوەیەکی شیوعییەکانیان بڵاوەپێکرد، کەبەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە کرابوو، شەوەکەشی لەیەکێک لە شەقامەکانی بەغداد لاشەی یەکێک لەشیوعییەکان بەناوی (موحەممەد ئەحمەد خوزری) بەکوژراوی دۆزرایەوە، پاشان هەڵمەتی دەستگیرکردنی شیوعییەکان لەئاستی هەموو عیراق ئەنجامدرا[١].

پێشنیازکردنی (میثاق العمل الوطني) پەیمانی کاری نیشتیمانی لەلایەن بەعسیەکانەوە لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧١، وایکرد لە ٢٧ی هەمان مانگدا مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی بەیاننامەیەکی لەبارەی پەیمانەکەوە بڵاوکردەوەو تیایدا پەیمانەکەیان نرخاندبوو، هەروەها وەک پێویستییەکی دۆخەکەو پەیوەندییە حزبییەکان کە شیاوی دواخستن نییە خستبویانەڕوو[٢].

لە شوباتی ١٩٧٢ گفتوگۆی نێوان بەعس و حزبی شیوعی بەمەبەستی کۆکردنەوەی حزبە سیاسییەکان لەبەرەیەکی نیشتیمانیدا دەستیپێکرد، لەبەرئەوە پارتی دیموکراتیش بانگێشتکرا، بەڵام ڕەتیکردەوە[٣].

لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ عێراق و سۆڤیەت پەیماننامەیەکی گرنگیان گرێدا، هەمان ڕۆژ بەعسییەکان داوایان لە شیوعییەکان کرد بە دوو وەزیر بەشداریی حکومەت بکەن، لە ١٥ی ئایار هەریەک لە موکەڕڕەم تاڵەبانی وەک وەزیری ئاودێریی و عامر عەبدوڵڵا وەک وەزیری دەوڵەت پێشنیارکران و بوونە وەزیر. ئەمەش هەمووی لەپێناو خۆ بەهێزکردنی بەعسییەکان بوو لەپرۆسەی خۆماڵێکردنی نەوت[٤].

١ د.طارق مجيد تقي، موقف الحزب الشيوعي العراقي من الجبهة الوطنية التقدمية ١٩٦٨-١٩٧٣، مجلة كلية التربية الأساسية، المجلد ١٩، العدد ٧٨، ٢٠١٣، ص١٨٢-١٨٣.

٢ د.طارق مجيد تقي، موقف الحزب الشيوعي العراقي، ص١٨٢.

٣ أ.م.د. رحيم عبد الحسين عباس، الأحزاب السياسية العراقية بين العنف والعمل المشترك (١٩٧٣-١٩٧٩م) الحزب الشيوعي وحزب البعث أنموذجا، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية / جامعة بابل، العدد/٢٠، نيسان/٢٠١٥م، ص٥٤٩.

٤ المصدر نفسه، ص٥٥٠.

لە ١٦ی تەممووزی ١٩٧٣و دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز، هێزە سیاسییە عیراقییە نیشتیمانی و پێشکەوتوخوازەکان، گفتوگۆو دانوستاندنیان بەشێوازی جۆراجۆر بەڕێوەبرد، کەلەوکاتەدا پرۆسەی بونیادنانی متمانە کارێکی دژواربوو، بەڵام بەگشتی پێیانوابوو کە خزمەتی خەڵک و گەل دەکات، هاوکات چین و توێژە جیاجیاکان پاڵپشتی و پشتیوانیان بۆ تەبایی و پرۆسەی سیاسی دەربڕی[١].

حزبی بەعس هەر لەڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز، کەوتە بەکارهێنانی بەرە بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی، هەلی کارکردن و بەشداریی دامودەزگایی و ڕێکخراوەیی و جەماوەریی وەک سەندیکاکان و کۆمەڵە جوتیارییەکان و یەکێتییە خوێندکارییەکانی لەبەردەم حزبی شیوعی داخست، لەهەمانکاتدا بەعس هەموو چالاکییەکی لە ڕێکخراوە جەماوەرییە ناحکومیەکان قەدەغەکرد، بژاردەی خۆهەڵوەشاندنەوەی بەسەر حزبی شیوعی سەپاند، هەڕەشەی حەپسکردنی ٥ بۆ ١٥ ساڵی لەهەرکەسێکی ناو ڕێکخراوێکی دەرەوەی حکومەت کرد، کەدواجار هەڵپەساردنی کارەکانی حزبی شیوعی لێکەوتەوە[٢].

سەرەڕای هەوڵەکانی حزبی شیوعی بۆ نێوەندگیریی نێوان پارتی و بەعس، تا ڕێگریی لەسەرهەڵدانی شەڕبکەن، هاوکات پەیوەندییەکانی عەزیز محەمەد بە مەلا مستەفاوە، تاوەکو هەوڵی جێبەجێکردن و ڕازیبوون بەیاساکانی ئۆتۆنۆمی بدەن، بەڵام شەڕو پێکدادان دەستیپێکردو حزبی شیوعیش لەچوارچێوەی بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوخواز، لەو شەڕەو لەدژی کورد بەشدارییکرد[٣].

١ د.میثم الجنابي، الحزب الشیوعي العراقي بین احتلالین (٤)، موقع البدیل العراقي، http://www.albadeeliraq.com/ar/node/2255

٢ عزیز سباهي، عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي، الجزء الثالث، لندن – أوتاریو – کندا، ٢٠٢٠، ص١٦٨.

٣ المصدر نفسه، ص١٦٩-١٧١.

لە ١٩-٢٣ی تەمموزی ١٩٧٥ لیژنەی مەرکەزیی لەکۆبوونەوەی تەواوی خۆیدا، وەک زەمینەسازیی بەستنی کۆنگرە، پرۆژەی بەرنامەی حزب و دەستکارییی پەیڕەوی بڕیارداو پێشنیازیکرد بۆ کۆنفرانسی ڕێکخراوە حزبییەکان، تاوەکو سەرنج و تێڕوانینی خۆیانی لەسەربدەن، بڕیاریدابوو کە کۆنگرە بەئاشکرا ببەسترێت تاوەکو حزبی بەعس هیچ بەدگومان نەبێت لەوەی کۆنگرە هیچ بڕیارێکی دژ بە بەرە نادات، بەڵکو ئەو سازش و خۆگونجاندنە فیکریی و سیاسیانەی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ حزبی بەعس کراوە، بخزێنرێتە ناو پرۆگرام و پەیڕەوی حزبەوە[1].

لەساڵی ١٩٧٧ بەدواوە سەرەتای تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی دەستیپێکردەوە، بەتایبەت کەبەعسیەکان مەبەستیانبوو لە هاوپەیمانێتیەکەیان پاشگەزببنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شیوعییەکان پێشتر لەشکستی شۆڕشی کوردو پاشان بزوتنەوەی ئایینی خەڵکی نەجەف لە شوباتی ١٩٧٧ پاڵپشتی بەعسییەکانیان کرد، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٨ بەعسییەکان بە بیانوی پێشێلکردنی یاسا هەڵمەتێکی دەستگیرکردنیان بۆ ئەندامانی حزبی شیوعی دەستپێکرد، بێئەوەی بزانرێت ئەو یاسایانە چین پێشێلکراون[2].

سەرکەوتنی کودەتای شیوعییەکان لە ٢٧ی نیسانی ١٩٧٨ لە ئەفغانستان، بەعسییەکانی زیاتر ترساند، لەبەرئەوە کۆمەڵێک لەو شیوعیانەی لەچوارچێوەی خزمەتی سەربازییدابوون، بەپاساوی پیلانگێڕیی ژێربەژێر دەستگیرکران، چونکە دژی پەیمانی کاری نیشتیمانییە، هەرچەندە عەزیز محەمەد ئەوەی ڕەتکردەوەو جەختیکردەوە کە هەموو چالاکییەکی سەربازییان وەستاندووە، بەڵام سەرەڕای هەوڵی شیوعییەکان و فشاری سۆڤیەت، بەدوو جار هەموویان لەسێدارەدران[3].

---

١ المصدر نفسه، ص١٧٧-١٧٨.

٢ أ.م.د. رحيم عبد الحسين عباس، المصدر السابق، ص٥٦٠.

٣ المصدر نفسه، ص٥٦٠.

سالانی ١٩٧٨-١٩٧٩ بۆ حزبی شیوعی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسدا، ڕاڕایی و جیاوازیی ناوخۆیی لەناو ئەندامان و ئۆرگانەکانی حزب دروستکرد، لەوەدا کە ئایا پێویستە لە بەرەدا بمێننەوە یاخود بێنەدەرەوەو ببنەوە بە ئۆپۆزسیۆن، هەردوو تێڕوانینەکەش پاساوو هۆکاری جۆراوجۆرییان هەبوو، بەڵام سیاسەتی لەقاڵبدان و سنوردارکردنی بەعسییەکان، وایکرد کەدەنگی نیگەرانی و ڕەخنە زیاد بکات و ئەمەش بووە پاساوی داخستن و نەهێشتنی بارەگاو دامودەزگا ئاشکراکانی حزبی شیوعی[1].

ئەم دۆخە وایکرد کە هەردوو وەزیرەکەی حزب لەحکومەت بێنەدەرەوە، هەروەها بەنهێنی جێهێشتنی شارەکان و خۆرزگارکردن لەحەپس و سێدارە دەستیپێکرد، لەتەممووزی ١٩٧٩و لەبراغی پایتەختی چیک، لەکۆبوونەوەیەکدا لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی کۆتاییهاتن و هەڵوەشاندنەوەی بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوخوازییان ڕاگەیاند[2].

١ عزيز سباهي، المصدر السابق، ص٢٠٦ وما بعدها.

٢ أ.م.د. رحيم عبد الحسين عباس، المصدر السابق، ص٥٦٤.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**


١) حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-عیراق: ڕاپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی کانونی دووەمی (١٩٧٤).
٢) حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، گەلاوێژی١٣٦٢.
٣) ئەمین قادر مینە (چیا): ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل-تەعریب-تەبعیس)، س.ل.س.ک، چ٢، ١٩٩٩.


**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**


٤) ابراهيم سعيدي: سورية، ط٢، ١٣٧٥.
٥) أحمد حسين يعقوب: طبيعة الأحزاب السياسية العربية، بيروت، طبعة جديدة مصححةو منقحة، ١٩٧٧.
٦) إسحق نقاش: شيعة العراق، ت: عبدالاله النعيمي، دارالمدى، سوريا، ط١، ١٩٩٦.
٧) إلياس فرح (الدكتور): مقدمة في الدراسة المجتمع العربي والحضارة العربية، جامعة بغداد، ١٩٧٩.
٨) بهاءالدين نوري: في تقييم سياسة الحزب الشيوعي العراقي في سني (١٩٥٨-١٩٨٣) مأزق الحركة الشيوعية في العراق، الطبعة الرابعة، كانون الاول ١٩٩١.
٩) التقرير السياسى الصادر عن مؤتمر القطري الثامن الحزب البعث العربي الاشتراكي – القطرالعراقي: ثورة ١٧ تموز التجرية والافاق، كانون الثانى ١٩٧٤.
١٠) توفيق سلطان اليوزبكي (الدكتور) و آخرون: دراسات في الوطن العربي الحركات الثوريةو السياسية، ط ٤، جامعة الموصل، ١٩٧٥.
١١) جاسم محمد العدل وآخرون: تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٦.
١٢) حامد البياتى (الدكتور): شيعة العراق (بين الطائفية والشبهات في الوثائق البريطانية ١٩٦٣-١٩٦٦)، مؤسسة الرافد للنشر، لندن، ط١، ١٩٩٧.
١٣) حبيب محمد كريم: تاريخ حزب الديمقراطى الكوردستانى-العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات-دهوك-١٩٩٨.

١٤) حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية: بعض المنطلقات النضرية التي أقرها المؤتمر القومي السادس في تشرين الأول١٩٦٣، دار الحرية- بغداد، ١٩٧٢.
١٥) الحزب الديموقراطي الكردستاني: موقف الأحزاب السياسية العراقية من قضية الكوردية( ١٩٤٦ – ١٩٧٠)، ط١، اربيل.
١٦) حسن السعيد: نواطير الغرب، مؤسسة المنار رقم، ١٩٩٤.
١٧) حسن العلوي: الشيعة والدولة القومية في العراق (١٩١٤-١٩٩٠)، دار الثقافة، إيران-رقم، ١٩٩٠.
١٨) حسين بركة الشامي: المرجعية الدينية من الذات إلى المؤسسة، دار الإسلام، ط٢، ١٩٩٩.
١٩) حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثاني (الحزب الشيوعي)، ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٢.
٢٠) حنا بطاطو: العراق، الكتاب الثالث (الشيوعيون و البعثيون و ضباط الأحرار)، ت، عفيف رزاز، ط١، بيروت، ١٩٩٢.
٢١) خاشع المعاضيدي (الدكتور) و آخرون: دراسات في المجتمع العربي، ط١، جامعة بغداد، ١٩٨٩.
٢٢) رحيم عجينة (الدكتور): الختبار المتجدد (ذكريات شخصيةو صفحات من مسيرة حزب الشيوعي العراقي)، ط ١، بيروت – لبنان، ١٩٩٨.
٢٣) زكي خيري: صدى شيوعي عراقي مخضرم، بدون سنةو مكان الطبع.
٢٤) سعد ناجي جواد (الدكتور): العراق و المسألة الكردية (١٩٥٨ – ١٩٧٠)، لندن، ١٩٩٠،
٢٥) سليم العراق: لماذا قتلوه؟، مؤسسة المنار، إيران-قم، ط١، ١٩٩٥.
٢٦) سمير الخليل: جمهورية الخوف (عراق صدام)، ط١، القاهيرة.
٢٧) سمير عبدالكريم: أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ج ٥ ٣/١٧ تموز ١٩٦٨-١٩٧٩/٧٨، دارا المرصاد – بيروت.
٢٨) السيد مصطفى جمال الدين (الدكتور): محنة الاهوار والصمت العربى، لندن، ط١، ١٩٩٣.
٢٩) شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الاشتراكي (مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩ – ١٩٥٨)، ج٢، دار الشؤن العامة، بغداد ، ط٣، ١٩٨٧.
٣٠) شفيق عبدالرزاق السامرائي (الدكتور): المشرف العربي، القسم الأول، جامعة الموصل، ١٩٨٠.
٣١) شمران المعجلى : الخريطة السياسية للمعارضة العراقية، دارالحكمة – لندن، ط١، ٢٠٠٠.
٣٢) الشيخ محمد رضا النعمانى: الشهيد الصدر (سنوات المحنة وأيام الحصار، إسماعيليان، إيران-تم، ط ٢ ،١٩٩٧.
٣٣) صلاح الخرسان: حزب الدعوة الإسلامية (حقائق ووثائق)، مؤسسة العربية للدراسات والبحوث الإستراتيجية، سورية- دمشق، ط١، ١٩٩٩.
٣٤) صلاح الخرسان: صفحات من تأريخ (الحركة الشيوعية في العراق)، دار الفرات، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٣.
٣٥) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الأحزاب السياسية العراقية (١٩٨١-١٩٥٨)، ط ١، بيروت،١٩٩٠.
٣٦) عبدالرزاق الحسني، المصدر السابق، ص ٢٩٧؛ ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ط ٢، بغداد، ١٩٨١.
٣٧) عبدالفتاح علي يحى البوتانى (الدكتور): وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية (ملاحظات التاريخية و الدراسات الأولية)، مطبعة الوزارة التربية – اربيل، ط١، ٢٠٠١.

٣٨) عبدالله تركماني (الدكتور): الأحزاب الشيوعية في المشرق العربي والمسألة القومية من العشرينات إلى حرب الخليج الثانية، منشورات الآن، لبنان-بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.
٣٩) عبدالوهاب حميد رشيد (الدكتور): العراق المعاصر، دارالمدى، سوريا، ٢٠٠٢.
٤٠) عزيز الحاج: مع الاعوام (صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق بين ١٩٥٨-١٩٦٩)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٨١.
٤١) عزيز سباهي: عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، لندن – أوتاريو – كندا، ٢٠٢٠.
٤٢) على المؤمن: سنوات الجحر (مسيرة الحركة الإسلامية في العراق ١٩٥٧-١٩٨٦)، دارالميسرة، لندن، ط١، ١٩٩٣.
٤٣) على خيون: دبابات رمضان (قصة ثورة ١٤ رمضان ١٩٦٣ في العراق، ط ١، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩.
٤٤) علي كريم سعيد (الدكتور): عراق (٨) شباط ١٩٦٣ (من الحوار المفاهيم الى حوار الدم)، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، ط١، دار الكنوز الأدبية، بيروت – لبنان، ١٩٩٩.
٤٥) فاضل البراك (الدكتور): تحالفات الاضداد، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٠-٢١.
منشورات (طريق الشعب): الحزب الشيوعي العراقي (وثائق المؤتمر الوطني السادس ٢٦-٢٩ تموز ١٩٩٧)، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، آيار ١٩٩٨.
٤٦) لجنة في المؤسسة الثقافة العمالية: دراسات في الوطن العربي، ط١، بغداد، ١٩٧٩.
٤٧) ليث عبدالحسن الزبيدي: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨.
٤٨) مجموعة من مؤلفين: موسوعة الهلال الاشتراكية، دار الهلال، يوليو١٩٦٨.
٤٩) مجيد الخدوري (الدكتور): العراق الجمهوري، ط ١، إيران، ١٤١٨هـ .
٥٠) محمد الحيدرى: المقومات الاساسية للبنية الشيعية في العراق، بنك المعلومات العراقى، ١٩٩٨.
٥١) محمد أمين شبر: محمد باقر الصدر (المواجهة والشهادة)، ط١، ٢٠٠١.
٥٢) محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب و الحركات القومية العربية، الجزء الأول، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق، بدون سنة الطبع.
٥٣) محمد مظفر الأدهمي (الدكتور) وآخرون: التاريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي، ط٢، بغداد، ١٩٨٢.
٥٤) مديرية الإعلام العامة-العراق: البعث العربي الإشتراكي إيمان راسخ، دار الحرية-بغداد،١٩٧٧.
٥٥) مذكرات العميد الركن المتقاعد جاسم كاظم العزاوي: ثورة (١٤) تموز(أسرارها، أحداثها، رجالها) حتى نهاية عبدالكريم قاسم، بغداد، ١٩٩١.
٥٦) منشورات مديرية الثقافة: المسار الإنساني للبعث، مطبعة جامعة الموصل، بدون سنة.
٥٧) ميشيل عفلق: معركة المصير الواحد، مؤسسة العربية للدراسات-بيروت، ط٥، ١٩٧٣.
٥٨) ميشيل عفلق: في سبيل البعث، بدون المطبعة و مكان الطبع و السنة، ط١٩
٥٩) نبيل ياسين: تأريخ المحرم/ ط ١،لندن، ١٩٩٨.
٦٠) نضال حزب البعث العربي الإشتراكي عبر بينات قيادتة القومية (١٩٥٥-١٩٦٢)، دار الطليعة-بيروت، ط٢، ١٩٧١.
٦١) نورى عبدالحميد العاني (الدكتور) وآخرون: تأريخ الوزارات العراقية في عهد الجمهوري، ج١(١٤ تموز ١٩٥٨ – ٧ شباط ١٩٥٩)، بيت الحكمة – بغداد، ط ١، ٢٠٠٠.

٦٢) هانى الفكيكي: أوكار الهزيمة (تجربتي فى حزب البعث العراقي)، قم، ١٩٩٢.
٦٣) وليام شيرر: تأريخ ألمانيا الهتلرية (نشأة وسقوط الرايخ الثالث)، تعريب: خيري حماد، بيروت-لبنان، دار الكتب العربي، ط٢، حزيران١٩٦٦.
٦٤) يونس البحري: ثورة (١٤) رمضان المبارك (أسرارو حقائق ووثائق عن الوثيقة العراق و زوال الطغيان القاسمى...)، ط ١، دار الأندلس، ١٥ شباط ١٩٦٣، بيروت.

### سێیەم: گۆڤارەکان:

٦٥) أ.م.د. رحيم عبد الحسين عباس: الأحزاب السياسية العراقية بين العنف والعمل المشترك (١٩٧٣–١٩٧٩م) الحزب الشيوعي وحزب البعث أنموذجا، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية / جامعة بابل، العدد/٢٠، نيسان/٢٠١٥م.
٦٦) اوريل دان: العراق في عهد قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣)، ترجمة: جرجيس فتح الله، الجزء الاول، دار نبز للطباعة والنشر، السويد، ١٩٨٩.
٦٧) بدر الدين مدثر: البعث ومسألة الجنوب في السودان، مجلة (آفاق عربية)، السنة الثالثة، العدد (٨)نيسان١٩٧٨.
٦٨) عبدالفتاح علي بوتاني (الدكتور): كيف برزت ظاهرة (الزعيم الأوحد)؟ مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠).
٦٩) كمال غمبار: أشكالية ثورة ١٤ تموز عام ١٩٥٨ في ضوء جدلية نتائجها، مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠)، ٣١ تموز ٢٠٠٠، سنة الخامسة.
٧٠) طارق مجيد تقي (الدكتور): موقف الحزب الشيوعي العراقي من الجبهة الوطنية التقدمية ١٩٦٨-١٩٧٣، مجلة كلية التربية الأساسية، المجلد ١٩، العدد ٧٨، ٢٠١٣.
٧١) هوشيار زيبارى: الموقف الآيدولوجي لحزب البعث العفلقي من قومية الكردية،مجلة(الثقافة الكردية)العدد(١) تشرين الأول(اكتوبر ١٩٨٨).
٧٢) محمد صالح ئاكرەیی: مقتل عبدالكريم قاسم، ماذا جنينا منه حتى نبكي عليه؟، مجلة (گولان العربي)، عدد(٥٠)

### چوارەم: سەرچاوەی ئەلکترۆنی:

٧٣) ميثم الجنابي (الدكتور): الحزب الشيوعي العراقي بين احتلالين (٤)، موقع البديل العراقي، http://www.albadeeliraq.com/ar/node/2255

## چاپکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ

١.  گۆتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی چوارەم، عەتا قەرەداخی
٢.  فەرهەنگی خەمی خەڵک و خاک، حەسیب قەرەداخی
٣.  سنوورێک لە خوێن ماڵێک لە ئازار، ئەبوبەکر کاروانی.
٤.  ئەفسونی نووسین، پشکۆ نەجمالدین
٥.  کتێبی گۆران، ڕێبوار سیوەیلی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٦.  نالی، ئاشنای سیرڕی قەڵەم، عەبدولخالق یەعقوبی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٧.  کتێبی قوباد، ڕێبوار سیوەیلی. (**پرۆژەی هاوبەش**).
٨.  سێبەری هەنگاوەکانم، کاوە ئەمین.
٩.  شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم، دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، پ. ی. د. نەزاکەت حسێن
١٠. نهێنییەکانی سەرکەوتن، کۆمەڵێک نووسەر.
١١. مێژووی بەعسیزم لە عیراق، هیوا عەزیز سەعید.